
KURDISTAN


ژن، ژیان، ئازادی
WOMAN.LIFE,LIBERTY
ورمێ
ڕۆژهەڵات
سنە
کرماشان
ئیلام
شەهید

## ناميلكەی( ژن، ژیان، ئازادی)

### بەشی: ٢

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتووێژی نووسەران سەبارەت بە کارەساتی دڵتەزێنی کوشتنی ژینا ئەمینی، موشکبارانی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، مانگرتن و خۆپێشاندان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و دەرەوە وڵات.

رووح و رەوانی ژینا و هەموو شەهیدانی راپەرینی کوردستان و ئێران شاد و سپاس و پێزاین بۆ نووسەرانی ئەم ناميلكەيە. من هەر ئەوەندم دەستکەوتوون و لە دووتۆیی ئەم ناميلكەيە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

کۆی ناميلكەکە ١٥٢ لاپەڕەوە ٤٩ بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

---

## پێڕست:

١- خوێندنەوەیەک بۆ رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران .................................. د. کامەران مەنتک ... ٥
٢- خۆپێشاندان لە تاران و شیرازە یان لە زرگوێز و شێراوا؟ ....................................... جەمال عەبدوڵا ..... ٨
٣- دەربارەی ناڕەزاییەکانی ئێران ............................................................ سەردار عەزیز ........... ١٠
٤- بۆچی ئێران بۆردومانی هەرێمی کوردستان دەکات؟ ........................................... بەرهەم عەلی .......... ١٤

٥- كۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دژایەتی كوردو كوردستان ......................................... بەهرۆز جەعفەر ......... ١٧
٦- سەرنجێكی كورت لەبارەی خۆپێشاندانەكانی ئێران ................................ جەعفەر عەلی ............... ١٩
٧- هاوارێك بۆ حیزبە كوردستانییەكانی ڕۆژهەڵات ................................ شێركۆ كرمانج ................. ٢٠
٨- ڕژێمێك كە نایەوێت تێبگات ................................................ دكتۆر عادل باخەوان ....... ٢٢
٩- داوای شتێك لە عێراق دەكرێت كە نیەتی! ................................................ جەمال عەبدوڵا ............. ٢٤
١٠- هەڵەیەكی مێژوویی، ئێرانی خستووەتە بەردەم دوو بژارە ............................ ڕزگار ئەژی گۆران ......... ٢٦
١١- هێرش بە مووشەك بۆ سەر سەنگەر و دڵی كۆمەڵانی خەڵك .............................. ئەلبورز ڕۆئین‌تەن ....... ٢٩
١٢- "نا"یەكی دیی خەڵكی كوردستان بە كۆماری ئیسلامی ........................................... ئاسۆ منبەری ....... ٣١
١٣- پەیامەكانی مانگرتنی گشتیی ٩ی ڕەزبەر ................................................ قادر وریا ......... ٣٣
١٤- پرچی ژینا دەبێتە هێمای ناڕەزاییەكانی ئێران ............................................ هاوڵاتی .............. ٣٦
١٥- شەقام، دەستپێكی قوناغێكی نوێ .......................................................... ئارام كەیخوسرەوی ....... ٤٣
١٦- نەوەی تازە لەئێران، ئەمرو نەهییەكانی دەسەڵات ............................................ جەعفەر عەلی ......... ٤٦
١٧- ئایا دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دەگۆڕدرێت؟ .................................................. نەهرۆ زاگرۆس ........... ٤٩
١٨- ڕووخان یان تێكچوونی ئێران بە مانای دروستبوونی وڵاتی كوردستان دێت؟ ................ سوپا شاكەلی .......... ٥٣
١٩- نە شۆڕش كۆتایی دێ و نە بۆردومانەكان ............................................... سۆزان حەمەتاتە ........ ٥٧
٢٠- ڕێبازی شەرەف ......................................................................... سمكۆ سەقزی ........ ٥٩
٢١- كوردستان هەیمەنەی دیكتاتۆری داگیركەری تێكشكاند ................................. ئەلبورز ڕۆئین‌تەن .......... ٦٢
٢٢- وتووێژی ڕادیۆی گشتیی نیشتمانی دەگەڵ مێگان بۆدێت، بەڕێوەبەری توێژینەوە لە ئەنستیتۆی ئاشتیی كوردی .........
و لە ئینگلیزییەوە: كەماڵ حەسەن‌پوور ................................................................................ ٦٤
٢٣- ڕاپەڕینی ژنان" بۆ نزیكەی ١٠٠ زانكۆی چەند شارێكی ئێران گواسترایەوە ......................... ئاوێنە ......... ٦٨
٢٤- پرسی كورد لە ئێران سەرپۆش نیە! .......................................................... شوان سدیق ........ ٧٠
٢٥- كارنەڤاڵی گڕبەردانە سەرپۆشەكان ........................................................ شێرزاد حەسەن ........ ٧٢
٢٦- جارێكی تر تەنیا چیاكان دۆستی كوردن ................................................ پەیڕەو ئەنوەر .... ٨٢
٢٧- پاساوە لاوازەكانی ئێران ................................................ فرسەت سەید شوكر ........ ٨٥
٢٨- سەرنجێك لەسەر ئاڵۆزیەكانی ئێران ................................................ محەمەد ئەحمەد شەمێرانی ...... ٨٧
٢٩- ئایا ئەو ڕێژیمە لەسەر دەستی كورد و بە ئیرادەی كورد دەڕووخێ؟ ......................... برایم جەهانگیری ..... ٨٩
٣٠- پێویستیی یەكگری بۆ ڕووخاندنی كۆماری ئیسلامی ................................ محەمەدساڵح قادری .... ٩١

٣١- پرەنسیپی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ............................................. تەحسین وسو عەبدوڵڵا .... ٩٣

٣٢- ڕێکخراوی مافی ئێران: ١٣٣ کەس لە خۆپێشاندانەکانی ئێران کوژراون ................. فریا یونسی ..... ٩٦

٣٣- ڕاپەڕینی نوێی گەلانی ئێران و ترسی لەڕادەبەدەری خامنەیی ................................ سمایل شەرەفی .... ١٠٠

٣٤- مافی شۆڕشکردن لە شەقامی ئێراندا ........................................................... ئاسۆ کمال ...... ١٠٢

٣٧- لەحیجاب فڕێدانەوە بۆ ڕوخاندنی ڕژێم، ڕق و تووڕەیی پەنگخواردووی ٤٣ ساڵ لەستەمو چەوساندنەوە! .........
عەبدوڵڵا ساڵح ........................................................................................ ١٠٩

٣٨- بە شۆڕشی ژنان وێنا کراوە بۆ کورد نەتەوەشی بخە پاڵ ................ مەهدی کاوانی ................ ١١٣

٣٩- ڕەمزیەتی مەرگی ژینا ........................................................ شاهۆ سەعید ................ ١١٦

٤٠- هەڤپەیڤینی رووداو لەگەڵ یەگانە رەزایان، لێکۆڵەری باڵای تایبەت بە ئێران لە کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەڤانان (CPJ) ................................................................................ ١١٩

٤١- بۆچی پێویستە بەرگریی لە 'خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران' بکەین؟ ............ بەهار مونزیر .... ١٢٢

٤٢- پەیامی پشتیوانی لە ئازیزان ................................................. عەبدوڵڵا پەشێو .... ١٢٤

٤٣- نیشانەناسیی ڕاپەڕینی سەرانسەریی ئێران ......................................... سپێدە ساڵحی ...... ١٢٦

٤٤- ژن وەک ئایکۆنی بەرخودان لە ڕۆژهەڵات .............................................. ئازاد شکور ........ ١٣٠

٤٥- ئامانج و خۆشخەیاڵیی ڕژێم لە هێرشی مووشەکی ................................ خالید دەرویژە ....... ١٣٥

٤٦- پەیامی خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی ......................................................................... کوردستان میدیا ..... ١٣٨

٤٧- دیمانە لەگەڵ کەماڵ کەریمی، ئەندامی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ......
"کوردستان ............................................................. دیمانە: بێهزاد قادری .... ١٤١

٤٨- گەنجانی ئێران چیان دەوێ ........................................................ لەتیف فاتیح فەرەج ..... ١٤٨

٤٩- پێگەی جەماوەریمان لە پێگەی مووشەکیی ئەوان بەهێزترە ......................... پژمان شەریعەتی ..... ١٥٠

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران



**پەیامێک بۆ میللەتی خۆمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان**

**د. کامەران مەنتک**

چی لە ئێران دەگوزەرێت؟ ئەوەی ڕوودەدات ئایا شۆڕشێکەو سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی ئێرانە، یاخود تەنیا فشارێکەو دەیانەوێت لەرێگەی شەقامەوە مل بەرژێمی ئێران کەچ بکەن و ناچاری بکەن دەست بەرداری هەندێک شت بێت، چۆن ئەو تووڕەیی وراپەڕینە جەماوەرییە وەبەردەهێنرێت بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی ئێرانی بەگشتی وکۆمەڵگەی کوردی لە رۆژهەلات بە تایبەتی؟ ئایا ئەو ڕووداوانە دەبێتە هۆی ڕووخانی ڕژێمی ئێران؟

گومانی تیا نیە لە ئێران ڕۆژانە هەواڵی لە سێدارەدانی چەندین شۆڕشگێری کوردمان گوێ لێدەبێت، بە کورو کچەوە، ئێران لەبەرچاوی جیهان هاولاتیانی خۆی لە شەقام وشوێنە گشتییەکاندا بە پەتی قەناره هەڵدەواسێت وکەسیش نقەی لێوە نایەت؟ بۆچی لەئێستادا مەسەلەی شەهیدبوونی ئافرەتێک لەزیندانەکانی ئێراندا ئەو تەقینەوە جەماوەرییەی لێدەکەوێتەوە؟

زۆر بابەت لەسەر ئەو رووداوانە نووسراوەو دەنوسرێت، بەڵام زۆرینەی هەرە زۆری ئەو نووسینانە تووڕەیی و کەف وکوڵ و هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانیەو نەکەوتۆتە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی قووڵی ستراتیژیەوە، هەندێک راستی هەیە دەربارەی دۆخی ناوخۆی ئێران کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات، بەرتەسکبوونەوەی ئازادیەکان، هەژارییەکی تاقەتپڕوکێن. کە خەریکە لە توانای بەرگەگرتنی تاکی ئێرانی و تاکی کوردی دەردەچێت، نا دادپەروەری کۆمەڵایەتی، سیستەمێکی توتالیتالیری ئاینی،... هتد ئەمانە دۆخێکن بە ئاسانی هەستیان پێدەکرێت و دەبینرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تەقینەوە جەماوەرییەی لەو وڵاتە هاتۆتە ئارا، بە ئاشکرا هەستیپێدەکرێت، کە زیاتر رەهەندێکی نێودەوڵەتی هەیە و پەیوەندی بە رۆلی ئێران لە دارشتنەوەی سیستەمی جیهانی و مەسەلەی ئەتۆمی ئێرانەوە هەیە.!

بەر لەهەموو شتێک دەبێت بزانین ئێران هاوپەیمانێکی بەهێزی چین و روسیایەو رکابەرێکی سەرسەختی رۆژئاوایە، پێگەی جیۆستراتیژی ئێران هاوشێوەی پێگەی جیۆستراتیژی تورکیا بایەخی بۆ هەردوو بەرەی رکابەری جیهانی هەیە، بۆیە ئەو رووداوە زیاتر زەق کراوەتەوە ودەیانەوێت لەرێگەی شەقامەوە فشار بخەنە سەر رژێمی ئێران، وەک (جۆن پیرکنز) لە کتێبەکەیدا (بکوژی ئابووری) باس دەکات، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی دەسەڵاتە سیاسیەکان ملکەچ بکات و بیانخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، سێ رێگەی دەگرتە بەر، سەرەتا هەوڵدەدات لەرێگەی بەرتیل و دروستکردنی بەرژەوەندی تایبەتی سەرکردەکان و بەستنەوەیان بەخۆی، واتە لەرێگەی بڵاوکردنەوەی گەندەڵییەوە ملکەچیان بکات، ئەگەر ئەوەی بۆ نەچێتە سەر، روونـاکی دەخاتە سەر کەموکورییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و شەقامی لێدەوروژێنێت، دوا رێگەچارەشی، بەکارهێنانی هێزی سەربازییە وەک ئەوەی لەگەڵ رژێمەکەی (سەدام حوسێن) لە ئێراقدا کردی.!

کەواتە دەتوانین لەژێر رۆشنایی خاڵی دووەمی ئەو هەوڵانەدا خوێندنەوە بۆ رووداوەکانی ئێران بکەین، رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بە تایبەتی دەیانەوێت فشاری زیاتر بخەنە سەر رژێمی ئێران، بەڵام ئایا ئەو فشارانە سەر دەگرێت؟ دەبێت میللەتی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان باش لەوە تێبگات جیهان و ناوچەکە بە هاوکێشەکی جیهانی ئێجگار ئاڵۆزو هەستیاردا تێدەپەڕێت، پێگەی جیۆپۆلەتیکی ئێران بایەخێکی ئێجگار گرنگی لەو هاوکێشەیەدا هەیە، بۆیە دەتوانرێت کێشەی بۆ دروست بکرێت، بەڵام لە قۆناغی ئێستادا کێشەکان ناتوانن لە قەبارەیەکی دیاریکراوو سنووردارەوە زیاتر گەشە بکەن، لە دروستکردن و گەورەبوونی هەرکێشەیەکیشدا قوربانی یەکەم، خاڵە لاوازەکانن، دیارە کوردیش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکان دەبێت هوشیارانە مامەڵە بکات، بەرژەوەندیەکانی خۆی، بەپلەی یەکەمیش بەرژەوەندی مانەوە و پاراستنی خاکی کوردستان بخاتە پێشینەی هەموو شتێکەوە.

ئەو ململانێیەی لە ناوچەکە دەگوزەرێت لە تواناو ئامادەباشییەکانی کورد لەو قۆناغە دا زۆر گەورەترە، وەک چۆن کاتێک

رۆژئاوا سزای ئابووری خستە سەر رووسیا، وەزیری دەرەوەی چین گوتی ئێمە رێگە نادەین ئابووری رووسیا دارمێت، بە هەمان شێوە رووسیاو چین رێگە نادەن ئابووری ئێران دارمێت، لەبەرئەوەی بەرژەوەندی ستراتیژی زۆر گەورەیان لە ئێراندا هەیە، ئێران لە هەردوو پرۆژەی ئۆراسیای روسی و چینیدا پێگەیەکی گرنگ داگیر دەکات، بە بێ ئێران پرۆژەی رێگەی ئاوریشمی چینی بایەخێکی گرنگی لە دەست دەدات، هاوکات بە بێ هاوپەیمانیەتی ئێرانی، رووسەکانیش ناتوانن پرۆژەی ئۆراسیای خۆیان، کە لەخاڵێکدا و لە سنوورەکانی خوارەوەیدا بەندە لەسەر هاوپەیمانی کریستیانی کاسۆلیکی وئیسلامی شیعەگەرایی ئێرانی، بەرەو سەرکەوتن بەرن، هاوکات ئێران گۆشەیەکی گرنگە لە هاوپەیمانی رانەگەیەنراوی سێلایەنەی روسی - تورکی - ئێرانی، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ رووبەڕووی هەژموونی رۆژئاواو ئەمریکا بۆ تەوە. بۆیە هەرگیز ناتوانێت دەست بەرداری ئێران بێت، ئەمە جگە لەوەی لەرووی جیۆستراتیژییەوە ئێران بایەخێکی گرنگی بۆ ئەو پرۆژەیەی روسیاو چین هەیەو بە بەهای سەدان ملیار دۆلار گرێبەستی ئابوری لەنێوان ئەو لایەنانەدا هەیەو ئەو دەروازەیەشە، کە روسیا بە ئاوەگەرمەکان و ناوچە ستراتیژیەکانی کەنداو دەبەستێتەوە، بۆیە دۆخی سیاسی و جیۆستراتیژی ئێران لە ئێستادا لە قۆناغێدا نیە لەرێگەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە بڕوخێت و هاوکێشە جیهانییەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی نوێنەرایەتی ئاسیا و رۆژهەڵات دەکەن وەک ئاماژەی پێکرا بە ئاسانی دەست بەرداری رژێمی ئێران نا بن، خەڵکی ئێمە لە رۆژهەڵاتی وڵات دەبێت درک بە قووڵایی ئەو گۆڕانکارییە مەترسیدارانە بکات و رێگە نەدات چیتر بکرێتە سەرە رم ودواتریش لە چرکە ساتە هەستیارەکاندا بە تەنیا لە گۆڕەپانەکە جێبهێڵرێت، دەبێت ریالیستانە بیر بکاتەو نەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و سۆزو کەف و کوڵی ناسیونالیستی فریودەر و ئەو بارە ئابووریە گرانەی کەوتۆتە سەرشانی توانای بیرکردنەوەی ستراتیژی لێنەسەنێتەوە، کە ئێستا لە هەموو لایەکەوە جەخت لەسەر ئەو رەهەندانە دەکرێتەوە دەیانەوێت لەو خاڵەدا یاری بە ئیرادەی تاکی کوردی لە رۆژهەڵاتی وڵات بکەن، دەبێت ئەو راستییەیان لەبەرچاو بێت تا ئێستا سەلامەتترین پارچەی کوردستان، کە توانیویەتی دیمۆگرافیاو خاک و کەلتوورو زمان و هونەرو ئەدەبی رەسەنی کوردی بپارێزێت ئەو بەشەی کوردستانە، ناکرێت بە ئاسانی دەست بەرداری بێت وپاساو بداتە دەست رژێمی ئێران، بۆئەوەی شان بە شانی تورکیا دەست بکات بە راگوێزانی ناوچەکانی سنوورو دروستکردنی پشتێنەی ئارام و گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە بکات، دەبێت بەشێوەیەکی ئاوەزمەندانە مامەڵە لەگەڵ ئەو تووڕەییە جەماوەرییە بکرێت، وا باشترە ئەو تورەییە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی ئاشتیخوازانە بمێنیتەوە وبرەو بەخەباتی مەدەنیان بدرێت، بۆئەوەی بتوانرێت لەو ملانێیەدا گەورەترین دەستکەوتی سیاسی بەدەست بهێنرێت، پەنابردنە بەر هێزی سەربازی بەکارهێنانی توندو تیژی لەو خۆپیشاندانە، هەرگیز خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کورد ناکات، چونکە نەهێزێکی رێکخراوی هەیە بتوانێت لەو گەمە ترسناکەدا بەرگری لێبکات، نەچەکێکی واشی لەبەردەست دایە، بتوانێت بوونی خۆی بپارێزێت.!

سەرچاوە: ماڵپەڕی شار پریس – رێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## خۆپیشاندان لە تاران و شیرازە یان لە زڕگوێز و شێراوا؟




**جەمال عەبدوڵا**

لە ساڵی ١٩٩٢وەوە، واتە لە یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئاگاداری سیاسەتی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانم، خۆیشم لە کابینەی پێنجی ئەم حکوومەتەدا کاری وتەبێژیی حکوومەتم کردووە و لە کێشەی نێوان تورکیا و ئێران و هێزە نەیارەکانیان و بۆردومانی چەندین جارەی ئەو دوو دەوڵەتە بۆ ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان، لێدوانی فەرمییشم بۆ چەندین میدیای ناوخۆ و عەرەبی و جیهانی داوە.

پوختەی لێدوانی حکوومەتی هەرێم ئەمەیە: "هەرێمی کوردستان ڕێگە نادات بە هیچ گرووپێکی چەکداری نەیاری هیچ وڵاتێکی دراوسێ، کە خاکی هەرێمی کوردستان بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ بەکار بهێنن و بۆ وڵاتانی دراوسێش وەها باشترە کە کێشە سیاسییەکانی ناوخۆی خۆیان، هەر لەناو وڵاتانی خۆیاندا و بە ڕێگەچارەی سیاسی چارەسەر بکەن، چونکە نە ئەو وڵاتانە دەتوانن بە ڕێگەچارەی سەربازی، ئەسڵی ئەو کێشە سیاسییانە چارەسەر بکەن و نە هێزە نەیارەکانی ئەو وڵاتانەش دەتوانن بە چەک ئەوەی دەیانەوێت بەدەستی بهێنن".

ئەوەندەی بزانم و چاودێریی سیاسەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانم کردبێت، لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا هەر ئەوە پوختەی سیاسەتی بووە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە و بەلای خۆیشمەوە سیاسەتێکی ڕاست و دروست و گونجاویشە لەگەڵ دەستووری ئێستای عێراق و یاسا و نەریت و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان کە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی دراوسێی یەکتر ڕێک دەخات.

بەڵام ئەم بۆردومانەی ئەمڕۆی ئێران بۆ زرگوێز و شێراوەی پردێ و شاری کۆیە و هەندێک دەڤەری دیکەی هەرێمی کوردستان کە سوپای پاسداران خۆی بەفەرمی دەڵێت: "بەڵێ ئێمە بووین ئەو بۆردومانانەمان کردووە" ئەم پرسیارانەی لا دروست کردم:

١- ئایا هیچ هێزێکی چەکدار لە زرگوێز و کۆیە و شێراوەی هەرێمی کوردستانەوە، چوونەتە تاران و شیراز و سنە و سەقز و دیواندەرە و مەریوان و ئنجا لەو شوێنانەی ناو ئێران چالاکیی سەربازییان کردبێت و دواتر و گەڕابێتنەوە بۆ ناو قووڵایی خاکی هەرێم هەتا ئێستا ئێران بۆردومانیان بکات و لەوەش خراپتر ژن و منداڵی بەرکەوێت و ببنە قوربانی؟
٢- ئایا ئێستا لە تاران و شیراز و بۆکان و سەقز و نەغەدە و شنۆ خۆپیشاندانە، یان لە زرگوێز و کۆیە و شێراوە؟
٣- ئەگەر ئەو هێزە نەیارانەی ئێران ئەوەندە بەهێز و سەرانسەری و جەماوەری بن و هەر لە تارانەوە هەتا مەریوان و سنە و نەغەدە بتوانن ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک بجووڵێنن، هەر بەڕاستی ئەی کێ لە ناوخۆی ئێران لەگەڵ ئێراندا ماوە؟

ئەمانە تەنیا کۆمەڵێک پرسیار بوون و هیچی تر، پرسیارگەلێکن گوزارشت لە را و سەرنجی شەخسیی خۆیشم دەکات و هیچ پەیوەندییەکی بە هەڵوێستی فەرمیی هیچ داوودەزگایەکی فەرمی و هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی لە هیچ شوێنێکەوە نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز – ڕێکەوتی: ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

# دەربارەی ناڕەزاییەکانی ئێران



**سەردار عەزیز**

ناڕەزاییەکانی ئێران لەپاش کوشتنی کچێکی لاو دێت بەناوی ژینا یان مەهسا ئەمینی کەپاش گەڕانەوەیان لەباکوری ئێران، سەردانی تاران دەکەن و لەگەڵ براکەیدا لەیەکێک لەپارکەکانی تاران لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقەوە دەستگیر دەکرێن و سزادەدرێن. یەکەم سەرنج کەسێک لێی بەئاگا دەبێتەوە بۆ ئەم خانمە دوو ناوی هەیە، ژینا لەگەڵ مەهسا. چونکە دەوڵەتی ئێرانی کەدەوڵەتی فارسە، ناوی ژینای کوردی قبوڵ ناکات. ئەمە یەکەم توندتیژییە بەرامبەر ئەو کراوە لەلایەن دەسەڵاتەوە. یەکەم توندوتیژی نکوڵیکردنە لەشوناسی، لەکەلتوری، پاشان لەخاوەنداریێتی جەستەو ژیانی.

پاش مەرگی دەبێتە پریشکێک و زۆربەی شارەکانی ئێران کڵپە دەگرن. ئێستا کەدەنووسم رۆژی شەممەیە، ٢٤ی ئەیلول. هەواڵی ئەوەیە هەیە کەشاری شنۆ لەدەست حکومەتی ناوەندیدا نەمابێت،. شنۆ شارێکی گەورە نیە لەئێران، دانیشتوانەکەی ناگاتە سەد هەزار کەس، بەڵام لەزۆر رووەوە گرنگە. بۆ حکومەتێکی تەواوی ناوەندیی، کە بێئەندازە دەترسێت لەوەی کەنەیارەکانی دەستیان بگاتە ناوەوەی ئێران، لەدەستدانی شارێک دۆخێکی ئاسایشیی و دەرونی شڵەژاو دروستدەکات.

بەهیـوام حکـومەتی ئێرانـی وەک حکـومەتی سـوریا مـامەڵە لەگەڵ خەڵکـدا نەکـات، کە ئەگەرێکـی زۆرە. چـونکە سـوریا سەرزەمینی پیادەکردنی مۆدێلی ئێرانی و روسییە لەمامەڵەکردن لەگەڵ نەیارەکاندا.

بەڵام نارەزاییەکان تەنها لەشنۆ یان کوردستان نین، بەڵکو نارەزاییەکان تەنانەت ئەو شارانەش دەگرێتەوە کە لەرابـردوودا هەرگیز نارەزایی تیادا نەبووە، کرمان، رەشت بۆ نموونە.

**کۆمەڵێک هۆکار هەیە لەپشت ئەم دیاردەیەوە، بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەین.**

**رەنگە یەکەم هۆکاری گرنگ، سیمبول بێت.** سەرپۆش سیمبولی ئەم نارەزاییانەیە. سەرپۆش، لەچەند دەیەی رابردوودا مـایەی مشتومڕ بووە، بەڵام بەزۆری لەدەرەوەی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لێرەدا لەناو کایەی سیاسەتی ئێرانیدا سـەرپۆش سـیمبولی چەوسـاندنەوەی حکـومەتی ئێسـتای ئێـرانە. خەڵـک دژ بەسـەرکوتکارییەکان رادەپەڕن. ئەوەی روونە لەمـاوەی پێشوودا، لەپاش هاتنی حکومەتی نوێ، سەرکوتییەکان زیاتری کردووە. ئافرەتی لاوی تـر زۆر گیـراون. هەنـدێک دەپرسێت ئایا ئەگەر ژینا کورد نەبوایە، دەکوژرا؟ بۆ نموونە لە بی بی سی فارسی کارمەنـدێکی نەخۆشخانە دەڵێت بـۆ ماوەی بیست خولەک سویچی ئەمبولانسەکە ون بووبـوو، هەتـا ژینـا بگەیەنینـە نەخۆشخانە، ئەمە نەک راست نیە، بەڵکو سوکایەتییە. بەڵام پرسی سەرکوتکردن، بەتایبەتی بۆ تووێژی ئافرەتانی لاو، لەبەرامبەر هەموو تـووێژو پێکهاتەکـانی ئێرانە. ئەمەشە وەهایکردوە کە بەپێچەوانەی جارانەوە نارەزاییەکان ناوچەیی یان لەناو پێکهاتەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەبێت.

**دووەم، کاتێـک سـەرپۆش وەک سیمبول** بنەمـای ئەوەی دارشـتوە کەزۆریـنەی کچـان و ئافرەتـان بەدۆزی خۆیـانی بـزانن، لەهەمانکاتـدا سـەرپۆش تەنهـا پریشکە. لەپشت ئەو رووداوەوە مێژوویەکـی درێـژ لەستەمی جۆراوجـۆری زۆر هەیە. یەکێـک لەخەسڵەتەکانی ئەم حکومەتەی ئێستا، بەبەراورد بەحکومەتەکانی پێشوو نوێنەرایەتی کەمترین تـووێژی کۆمەڵگـای ئێرانـی دەکـات. ئەم حکـومەتە، حکـومەتێکی یەک رەنگە، تەنـانەت جێگـای ریفۆرمخوازەکـانی سـەر بەدەسەڵاتیشـی تیـادا نـابێتەوە. پرسی نوێنەرایەتی گرنگە بۆ حوکمداریی. هەرچەندە ئەم نوێنەرایەتییەش کـارتۆنی بێت کـاریگەری هەیە لەسـەر پەیوەنـدی نێوان حکومەت و کۆمەڵگا.

**سێیەم فاکتەر هەبوونی بونیادی رێکخراوەیی و ئاگایی رێکخراوەییە.** لەسـاڵانی رابـردوودا لەرۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـۆمەڵێکی زۆر لەرێکخراوو ناوەندو گروپ لەبواری وەک ژینگە و بواری تردا دروستبوون، کەکاریگەرییـان هەیە لەسـەر فێربـونی توانـای خۆرێکخسـتن. توانـای خۆرێکخسـتن گرنگتـرین بنەمـای بەرێوەچـوونی خۆپێشـاندان و نـارەزاییە، بەتـایبەتی ئەگەر بێتـو بەردەوامی هەبێت و بەرەو شۆرش بروات.

**چوارهەم،** لەماوەی رابردوودا، کار زۆر لەسەر ئەوە دەکرێت کەئەوەی ئێران بەوڵاتانی تری ناوچەکەی دەکات، بەئێرانی بکەن.

**پێنجەم،** هەرچەندە زۆرینەی خەڵکی ئێران کەرامەتی زەوتکراوەو بۆ بەدەستهێنانی ژەمێک خواردن دەبێت رەنجێکی زۆر بدات و دڵنیانیە لەبەدەستهێنانی، بەڵام ئەوە خواستی ئازادییە زیاتر کاریگەرە. هەژاران بەشێکن لەم پرسە، بەڵام هەرگیز پێشەنگ نین. ئەوەی لەهەموان زیاتر ئازادی لێ زەوتکراوە ئافرەتانن. پێکەوەبوونی ئەم دوو تووێژە تاکتیکی و کاتییە.

### ئایا نارەزاییەکان و رێژە و بڵاوی چیمان پێدەڵێن؟

**یەکەم،** ئێران ئامادەیە بۆ تەقینەوە، دەمێکە ئەم ئامادەکارییە لەئارادایە. جارانی پێشوو دەوڵەت توانی دایمرکێنێتەوە، بەڵام نەیتوانی چارەسەری بکات. دەکرێت بڵێین کەسیستەمی ئێرانی ناتوانێت چارەسەری بکات، چونکە تەنانەت ئەگەر دەوڵەت بتوانێت دۆخی ئابوری باشتر بکات، بەڵام خەڵک، وەک سۆڤیەتی جاران خواستی تریان هەیە. سیستەمی ئەمڕۆی ئێران زۆر لەکەلتوری رۆژئاوایی دەترسێت و بەئاگایە چەندێک ئێرانییەکان کوشمەندەی ئەو کەلتورەن.

ئەوەی رژێمی وەها لێکردووە لەرابردوودا بێباک بێت ئەو ستراکتۆری دەسەڵاتەیە کەبونیادی ناوە. ئێران لەلایەن کەمینەیەکی سوودمەندەوە بەرێوەدەبرێت، کە چەکدارو فەرمانبەرو خێزانی شەهیدان رایانگرتوە. [دەزگای شەهید رۆڵێکی کاریگەری هەیە لەمەکینەی سیستەمی ستەمکاری رۆژهەڵاتیدا]. لەهەمانکاتدا دەمێکە کۆماری ئیسلامی هیچ دەسەڵاتێکی نەرمی نەماوە.

**دووەم،** ئێرانی ئەمڕۆ، ئێرانی سەردەمی شا نیە، وڵاتێکە کەشوناسە جیاوازەکان تیایدا گەشەیان کردووە. گەرچی ئەمڕۆ وەها دەردەکەوێت کەپێکەوە دەتوانن هاوبەشی دروستبکەن و رووبەرووی سیستەمەکە ببنەوە، بەڵام کەدێتە سەر حوکمڕانی دۆخەکە جیاواز دەبێت. ئایا ئێران دەتوانێت کۆتایی بەحوکمی سەنتەریتی بهێنێت، کۆتایی بەمێژوویەکی چەند هەزار ساڵە لەئیمپراتۆریەت بهێنێت، ئەستەمە. بەڵام بەهێزبوونی هەندێک چینی نوێ، بەتایبەتی ئافرەتان، رەنگە گۆڕانکاریی دروستبکات. ژنانی ئێران لەپیاوان زۆر خوێندەوارترن.

ئەگەر چەمکی ئازادی بنەمای ئێرانی نوێ بێت، ئەوا دەبێت ئێران وڵاتێکی ناناوەندیی و فرەیی و بەلای کەمەوە فیدراڵ بێت. ئێرانی نوێ دەبێت دەستبەرداری چەمکی عیشق بێت، کەکرۆکی کەلتوری ستەمکاریی ئێستای دروستدەکات. بیرمەندانی نەخۆشی وەک عەلی شەریعەتی و ئەوانیتر کەلتورێکی نەخۆش و پڕ لەخۆبەکەمزانی بەرامبەر رۆژئاوای دروستکرد، کە زۆرجار لەغرورێکی بەتاڵدا خۆی نمایش دەکات.

ئەوەی لێمان روونە هەر وەرچەرخانێک لەئێران تەنها وەرچەرخانی حوکمڕانی یان سیاسی نابێت، بەڵکو شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو هەموو بوارەکانی ژیان. ئەمە وەهای لێدەکات هەر گۆڕانێک دروستبێت گۆڕانێکی شۆرشگێڕانە بێت. ئەم دۆخە بۆ شوێنەکانی تری ناوچەکە کە بەهاری عەرەبی تیایدا روویدا راست نەبوو.

## رەهەندی ئیقلیمی

هەر گۆڕانکارییەک لەناوەوەی ئێران، راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر سیستەمی حوکمداریی و هاوسەنگی هێزو ململانێکانی ناوچەکە. لێرەدا تەنها بەکورتی ئاماژە بەعێراق دەدەین کە بەشێکی زۆری نوخبەی سیاسی لەپەیوەندییەکی ژیان و مەرگدا پێکەوە گرێدراون.


لاوازبوونی ئێران، لاوازبوونی عێراقی ئێستایە. زۆرینەی زۆری هێزە عێراقییەکان یان داردەستن یان لەژێر هەژموونی ئێراندا بەرێوەدەچن. بەڵام لاوازبوونی راستەقینە یان گۆڕانی رژێم ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی شیعە-شیعە قووڵتر دەکاتەوە. ئەمڕۆ ئەگەر شیعە دوو بەرەن، بەرەیەک دەیەوێت عێراق لەخزمەتی ئێراندا بەرێوەببات و بەرەیەکیش دەیەوێت سەربەخۆییەکی هەبێت لەئێران، بەڵام دژی نیە، لاوازبوونی ئێران چەند کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ئەم دوو بەرەیە. یەکەم، پاڵنەری دەرەکی بۆ رێگەگرتن لەبەریەککەوتن لاوازدەبێت. ئێران کۆڵەکەی راگری دۆخی ئێستای ماڵی شیعەیە. دووەم، بەرەی سەدر زیاتر سور دەبێت لەسەر خواستەکانی لەبەرامبەری چوارچێوەدا، لەهەمانکاتدا چوارچێوەش، لەئەنجامی لاوازبونی، زیاتر پەنا بۆ توندوتیژی دەبات، هەروەها ئەگەری هەڵوەشانەوەیان هەیە. سێیەم، لاوازبوونی ئێران، بەرەی سوننەو تورکیاو ئەوانیتر بەهێزتر دەکات. چوارهەم، بەلاوازبونی ئێران حەوزەی نەجەف زیاتر بەهێزتر دەبێت، بەڵاملەهەمانکاتدا پاش سیستانی ئەگەری پشێویی زیاتر دەبێت.

رەنگە هەموو ئەمانە بەپێچەوانەوەش بن، بەلاوازبوونی ئێران ماڵی شیعە هەست بەمەترسی بکات و لەئەنجامدا جوداییەکانیان بەلاوە بنێن.

لەهەمانکاتدا هەر گۆڕانکارییەک لەئێران ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر سێ بەشی کوردستان، ڕۆژهەڵات، باشوور لەگەڵ ڕۆژئاڤا، بەڵام بە شێوازی جیاواز.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## بۆچی ئێران بۆردومانی هەرێمی کوردستان دەکات؟




بەرهەم عەلی

یەکێک لە نەهامەتیەکانی کورد ئەوەیە، چوار لە ناشرینترین و دڕندەترین ڕژێمە سیاسییەکانی دونیا، دەوری کوردستانیان داوە، ساڵانێکی زۆرە، لەو چوار دەوڵەتە داگیرکەرەی کە کوردستانی مەزنیان بەسەردا دابەش کراوە (عێراق، ئێران، تورکیا، سووریا) هەر کەس و لایەن و ڕەوت و تاقمێک دێتە سەر حوکم، لە مەلەکیەوە تا جمهووری، لە ئیسلامیەوە تا عەلمانی، لە سوننەوە تا شیعە، سەرەتا هێزی خۆی بە لێدانی کورد تاقی دەکاتەوە، هەر چەکێکی تازەش دروست بکەن یان بیکڕن، ئەو چەکانەش سەرەتا لەسەر کورد تاقی دەکەنەوە، ئیتر لە سەردەمی شمشێر و تیروکەوان و گالیسکەوە تا سەردەمی کیمیایی و ئەبرامز و درۆن، ئەم کورد کوشتنە هەر هەبووە و هەر بەردەوامە.

نەک هەر حکوومەت و سوپای خودی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە، بەڵکوو ئەو هێز و گرووپە چەکدارە تیرۆریستییانەش کە ئەو دەوڵەتانە دروستیان دەکەن و پشتیوانییان دەکەن، ئەوانیش هەر کە چەکیان دەست کەوت و دامەزران، پێش هەموو شت دەست لە کورد دەوەشێنن و هێزی خۆیان بە لێدانی کورد و کوردستان تاقی دەکەنەوە، گرووپەیلی (ئەنسارولئیسلام، جوندوئیسلام، نوسرە، داعش، حەشدی شەعبی، گرووپە ئیسلامییە سوورییەکانی کە ئێستا لە عەفرینن) نزیکترین و تازەترین نموونەن بۆ سەلماندنی ئەو راستییە، هەر هەموویان سەرەتا لە کورد دەدەن، ئنجا شەڕی خەڵکی تر دەکەن، ئەوە ئەگەر شەڕی تر بکەن!

چەند رۆژێکە لەپای شەهیدکردنی کچە کورد (ژینا ئەمینی) خۆپیشاندان و ناڕەزایی زیاتر لە ٥٠ شاری ئێرانی گرتووەتەوە بە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە، کەچی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەبری ئەوەی چاوێک بە مافی نەتەوەکانی ئێران و مافی هاووڵاتیانی خۆیدا بخشێنێت و هەمواری هەندێک یاسا و ریسای خۆی بکات و ئاوڕێک لە دۆخی خراپی ئابووریی خەڵکی ئێران بداتەوە و چارەیەک لە تووڕەبوون و هەڵچوونی گەلانی ئێران بکات، دێت کەمپی پەنابەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و قوتابخانەی منداڵان و بنکەی حزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردستانیەکانی ئێران لە زرگوێز و شێراوە و کۆیە، بە درۆن و مووشەک بوردومان دەکات و جگە لە کوردکوژی هیچ رێوشوێنێکی تری لا نیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو خۆپیشاندانە ناڕەزاییانەی کە ناوچەرگەی تارانی پایتەختیشی گرتووەتەوە.

هەر دەوڵەتێکی دونیا لە ئێران بدات، ئێران ناوێرێ وەڵامی ئەو دەوڵەتە بداتەوە و لە بەرامبەر ئەو لێدانە، دێت لە کورد و کوردستان دەدات، ئیسرائیل بە کەیفی دڵی خۆی لە بنکەی ئەتۆمیی نێو ئێران دەدات، زانای ئەتۆمیی ئێرانیی دەکوژێت، ئیسرائیل لە سووریا بەردەوام لە ئەفسەرانی پلەباڵای ئێران دەدات، کەچی هەمبەر ئەو هێرشانەی ئیسرائیل، سوپای پاسدارانی ئێران، هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان مووشەکباران دەکەن.

عێراقی سەردەمی مالیکی و عەبادییش، خۆی گیرۆدەی سەدان کێشە و قەیران و کەلەبەری ئەمنی بوو، کەچی حەشدی شەعبی و سوپایان بەگژ هەرێمی کوردستاندا دەکرد، عێراقی دوای عەبادییش، خۆی پاش یەک ساڵ لە هەڵبژاردن، حکوومەتێکی نوێی پێ دانامەزرێت، کەچی لەرێی دادگای نادەستووریی فیدراڵییەوە شەڕ لە دژی هەرێمی کوردستان دەکات، راستتان پێ بڵێم، عێراق تەنیا لە ئاست کورددا دەوڵەتە، دەنا هیچ مواسەفاتی دەوڵەتی تێدا نەماوە. تورکیا خۆی لە قەیرانی ئابوورییدایە و بەهای لیرەکەی هاڕەی کردووە، کەچی سلفێک لە فڕۆکەکانی دەدا و دێت لە سەیرانگایەکی زاخۆ دەدات، یان لە گوندی رۆبۆسکێی پارێزگای شرناخی باکووری کوردستان دەدات و نزیکەی ٤٠ کاسبکار و کۆڵبەری سڤیلی کورد دەکوژێت.

رژێمی سووریا خۆی تەنیا دیمەشق و چەند شارێکی کەمی بە دەستەوەیە، ئیتر باقیی خاکەکەی هەر پارچەی بەدەست دەوڵەتێکەوەیە، ئەمە ئێرانە، ئەمە ئەمریکایە، ئەمە تورکیایە، ئەمە رووسیایە، ئەمە فەرەنسایە، کەچی وازی لەو هەموو خاکە داگیرکراوەی هێناوە و تەنیا لە خەمی ئەو شوێنانەدایە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەدەست کوردەوەیە، ئنجا ئەمانە ئەو دەوڵەتانەن کە دەوری کورد و کوردستانیان داوە و داگیریان کردوون، هەی رووی بابی سایکس و بیکۆش رەش بێت کە کوردستانیان بەسەر ئەم درِندانەدا دابەش کرد.

ئێران بەو بۆردومانەی ئەمڕۆی بۆ سەر زرگوێز و کۆیە و شێراوە لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان، دەیەوێ گۆڕەپانی شەڕەکە لە شەقامەکانی ٥٠ شاری ئێرانەوە بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی خاکی خۆی و بە دروستی بۆ هەرێمی کوردستان چونکە تەنیا بە کورد دەوێرێت، بەرپرسانی باڵای ئێران زۆر شارەزان لەوەدا کە کاتێ قەیرانی گەورە و هەڕەشەی گەورە لە ناوخۆی ئێران دژی خۆیان دروست دەبێ، بەپەلە قەیرانێک لە دەرەوەی خاکی ئێران دروست بکەن تا فۆکس و رۆشنایی لەسەر رووداوەکانی ناوخۆی ئێران لابچێت و بچێتە شوێنێکی دەرەوەی ئێران، بۆیە دەبێ هەم هەرێمی کوردستان و هەم حزبە کوردستانیەکانی رۆژهەڵات، زۆر بە وریایی و بە ئارامی و حەکیمانە، مامەڵە لەگەڵ ئەم رەوشەدا بکەن.

کورد هەر ماوە و هەر دەمێنێ، ئەوەی بە درێژایی هەزاران ساڵ دژی کورد کراوە، باوەڕ ناکەم نە بەرامبەر هیچ نەتەوەیەکی دنیا کرابێت و نە هیچ نەتەوەیەکی دونیا بەرگەی بگرێت، لە دوای سایکس بیکۆوە، ناهاوسەنگییەکی گەورە لەم ناوچەیەدا هەیە، لە چوار نەتەوەی سەرەکی، تەنیا کورد دەوڵەتێکی نیە، دەنا فارس و تورک و عەرەب دەیان دەوڵەتیان هەیە، بۆیە تا ئەو ناهاوسەنگییە چاک نەبێت و کوردیش نەبێتە خاوەن دەوڵەت، ئەم چوار دەوڵەتە ئارامی بە خۆیانەوە نابینن، جا کورد لاواز بێت یان بەهێز، ئەوەیان کێشە نیە، بەڵکوو کێشەکە بوونی ئەو ناهاوسەنگییەیە کە تەنیا بە دروستبوونی دەوڵەتێک بۆ کورد، هاوسەنگ دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز – ڕێکەوتی: ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دژایەتی کوردو کوردستان.



بەهرۆز جەعفەر

**کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرئەوەی:**

١- ڕابەری کۆماری ئیسلامی دۆخی تەندروستی نا-جێگیرەو، دەنگۆی مردنیشی هەیە، لەم کاتەدا گرفتی دۆزینەوەو دانان و دانە-نانی "ڕابەر" لە ئێراندا سەریهەڵداوە (سەرهەڵئەدات).

٢- نزیکەی دوو هەفتەیە زیاتر لە (٥٠) شاری ئێران هەستاونەتەوەو، داوای ئازادی و فۆرمێکی باشتری ژیان لە حوکمی چل ساڵەی مەلاکان ئەکەن. زیاتر لە چل ساڵە ئابلۆقەی ئابوریی سەر ئێران و گەندەڵی و گروپ - گرووپێنەی سیاسی و خزمایەتی لە دەستەڵاتی ئێراندا دۆخی ژیان و نارەزایەتی هاوڵاتییانی وولاتەکەی گەیاندۆتە لوتکە.

٣- چینی گەنجان و کچان و کوڕانی ئێران بۆشاییەکی زۆر گەورە لە نێوان خۆیان و تێگەیشتنی سیستەمەکە ئەبینن و بەهۆی شەپۆلی تەکنەلۆژیاوە ئاگاداری ووردو درشتی ڕووداوەکانن.

٤- شۆڕشەکە شۆڕشی ژن و بەشداری بەرچاوی ژن و ڕووبەڕووبونەوەیە لەگەڵ ژندا، کە تێکڕا داوای ئازادی پۆشاک و ژیان ئەکەن. لە پەیوەند بە دۆسیەی "ژینا ئەمینی" شەوە، بە سەدان فیگەرو کەسایەتی و ئەکتەری ئێرانی بە فارس و کوردو تورک و ئازەر..و.. تادواییەوە بە نەتەوەیەکگرتوەکان و دەیان دەوڵەت و سەدان ئاژانسی گەورەی ئەم دونیایەوە ئیدانەی ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کردووە.

**لەبەرئەو هۆیانەی سەرەوە، پێویستی بەوەیە کە:**

٥- کێشەکان فڕێ بداتە دەرەوەی سنورەکانی خۆی، دەمێک بەریتانیاو دەمێک ئەمریکاو ئیسرائیل تۆمەتبار ئەکات. لە دەرەوەی خۆی جگە لە "کورد" و "کورد" و " کورد" لە هەرچوار پارچەی کوردستان کەسی دیکە نابینێت کە پەلاماری بدات. ناتوانێت گوللە شووشەیەک بگرێتە ئیمارات، تەنانەت کوەیت کە گەڕەکێکە لە بندەستیدا. ناتوانێت تەنانەت لێدوانێک دژی بزوتنەوەی تاڵیبان بدات، هەڕەشەیەکی بۆ نەچووەتە سەر بەرانبەر ئیسرائیل ئەنجامی بدات.


لەناو تاراندا ئیسرائیل بە ڤیدیۆ لێپێچینەوەو لێکۆڵینەوە لە ئەفسەرە ئێرانییەکان ئەکات. کەچی هەر پەلاماری کوردو کوردو کورد ئەدات. باشترین و بێوەی ترین و بێ کاردانەوەترین ڕێگە ئەو هەڵی بژێرێت ئەوەیە مووشەکبارانی کوردستان بکات. بۆ ئەوەی خەڵک بترسێنێت ملی هەزاران کوردی کردووە بە سرنگدا. چونکە کورد درۆنی نییە، مووشەکی بالیستی و دەوڵەتی نییە.

٦- هەروەها کۆماری ئیسلامی، گەرەکیەتی و زۆریش پێویستی بەوەیە حیزبە چەکدارەکانی ئێران ڕابکێشێتە ناو ململانێکانەوەو، تەقو تۆقێکی چەکدارییان لەگەڵ بکات، تاوەکو بە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و ڕای گشتی جیهانی بڵێت "ئەم کوردانەن لە پشت ڕاپەڕین و خۆپێشاندانەکانەوەن".

بەگشتی کۆمارە ئیسلامییەکەی ئێران، بۆ دەرەوەی خۆی و بۆ پەلاماردانی کوردستان دەیان سیناریۆی لە قوتونراوی هەمیشە ئامادەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وتاری کورد – ڕێکەوتی: ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## سەرنجێکی کورت لەبارەی خۆپێشاندانەکانی ئێران



جەعفەر عەلی

خۆپێشاندانەکانی ئێران، بۆردومانەکانی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، پێماندەڵێت؛ قەیرانی دەسەڵاتی تیۆکراسی لە ئێران، قەیرانێکی قووڵ و وجودییە، لە هەر گۆشەیەکییەوە لێی ڕادەکات، لە گۆشەیەکی دیکەی وڵاتەکەیدا سەرهەڵدەداتەوە.

وەک چۆن قەیرانی وجودی ئێران، پەیوەندی بە سەندنەوەی ژیان لە (ژینا ئەمینی)یەوە نییە، هۆکاری خۆپێشاندانەکانیش لە مەرگی ئەو کچە گەنجەدا کورتناکرێنەوە.

تاران ئەمڕۆ، یان سبەی دەبێ مل بۆ ئەو ڕاستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بدات؛ چیتر دەسەڵاتی تیۆکراسی لەم وڵاتەدا و بەم فۆرمەی ئێستایەوە، قبوڵکراو نییە، سەردەمی تەقدیسکردنی مورشید و گرووپی پیاوانی ئایینی کۆتاییهاتووە، ئەو گرووپانەی لە دیدی خۆپێشاندەرانەوە بوون بە سیمبولی گەندەڵی و فراوانکردنی ڕووبەرەکانی هەژاری و برسێتی، ئەوانەی بوون بە ستەمکاری گەورە و مۆدێلێک لە سانسۆری کوشندە، سانسۆرێک لەبەری پێی مرۆڤەکانەوە تا تەوقی سەریان دەستدەخاتە ناو ژیانی تایبەتیان و، جوگرافیای مەیل و ئارەزووی ئینسانی و ماف و ئازادییان بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیا و دونیابینی عەبا لەبەرو عەمامە بەسەرەکانی تاران قەدەغە و سنوردار دەکات.

گومانێک لەوەدا نییە، ئەم زنجیرە خۆپێشاندانانەی ماوەی نزیک بە ١٥ ساڵ دەبێت، هەر چەند ساڵ جارێک شەقامەکانی ئێران دەگرێتەوە، ئەگەر هێزی گۆڕینی ڕادیکاڵانە و هەڵگێڕانەوەی دەسەڵاتی مورشیدی باڵا و کۆی سیستەمی پیاوانی ئایینی تارانیشی نەبێت، ئەوا لە کۆتاییدا هێزی ئەوەی دەبێت، ئەم سیمبولانەی دین و دەسەڵات، ناچار بە زنجیرەیەک تەنازولات بکات، کە ماوەی زیاد لە چل ساڵ دەبێت، ئامادەییان تێدا نییە بیکەن.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپریس – ڕێکەوتی: ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## هاوارێک بۆ حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات



**شێرکۆ کرمانج**

له دوای تەقینەوەکەی سروچ له باکوری کوردستان له تەموزی ٢٠١٥ هاوارم کرد که بزوتنەوەی باکور، پەکەکە بەتایبەتی نەکەوێتە داوی ئەو تەڵەیەی که ئەردۆگان بۆی داناون و دەست بە شەڕی چەکداری بکەنەوە، بەداخەوە پەکەکە گوێی له هاوارەکانی ئێمەمانان نەگرت شەڕ دەستی پێکردەوە، ژمارەیەک شار و شارۆچکەی باکور وێران کران، ئەگەرەکانی دەرهێنانی پەکەکە له لیستی تیرۆر وەلانرا، له کاتێکدا که قسه و باسی ڕۆژگار بوو، ئێستا کاتی ئەوە نیە که باس له ئاکامه خراپەکانی دیکەی دەستپێکردنەوەی شەڕ و خەباتی چەکداری له باکور بکەین تەنیا ئەوە نەبێت که بڵێم ڕاسته ئەردۆگان دەستپێکردنەوەی شەڕی سەپاند بەڵام پەکەکه لانیکەم دەیتوانی که دەستپێکردنەوەی شەڕ ڕانەگەیەنێت و خۆی بپارێزێت لەو داوەی که بۆی دانرابۆوە.

ئێستا هەلومەرجی ڕۆژهەڵات لەو دۆخەی ٢٠١٥ ی باکور دەچێت، ڕژێمی جمهوری ئیسلامی تەواو شڵەژاوە لەبەرابەر خۆپیشاندانەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی که خۆپیشاندانەکان له زۆربەی شارەکانی ئێران هاوسۆزی بۆی هەبووە خەریکه جوڵەکەی کوردستان تەواوی ئێران دەگرێتەوە بۆ بەلارێدابردنی ئاراستەی خۆپیشاندانەکان و بزوتنەوە مەدەنییەکەی کوردستان و ئێران، ڕژێم له جیاتی بەرەنگاربوونەوەی خەڵک و جەماوەری مەدەنی له سەرتاسەری ئێران دەیەوێت له هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەست بۆ چەک ببەن و کورد و کوردستانیان و هێزەکانیان بە تێکدەر و تیرۆریست و توندئاژۆ له قەڵەم بدات و شەڕ له کوردستان دەست پێبکات، لەوەشدا دەیەوێت:

**یەکەم**: بزوتنەوە سەرتاسەرییەکەی ئێران بکات بە بزوتنەوەیەکی ناوچەیی له کوردستانی ئێران.

**دووەم**: بزوتنەوە مەدەنییە ئاشتیانەییەکەی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ئێران بکات بە بزوتنەوەیەکی چەکداریی گروپێکی بەرتەسک له ڕۆژهەڵات.

**سێیەم**: وێرانکردن و بەسوریا و بەیەمەنکردنی کوردستان و گواستنەوەی بەرەنگاربوونەوەکان له نێو شارەکان بۆ سنورەکان و هەرێمی کوردستان له باشور.

**چوارەم**: لەکەدارکردنی بزوتنەوە مەدەنییەکه بە توندوتیژیی.

بـۆیە زۆر گـرنگە کە تەواوی حیـزب و لایەنە کوردسـتانییەکانی ڕۆژهەڵات خـۆ لە دەسـتبردن بـۆ چەک و خەبـاتی چەکـداری بپارێزن تکایە بە چەکێک شەڕ لەگەڵ دوژمن مەکەن کە کورد لاواز و دوژمن بەهێزە، جەماوەر تـاکە هێز و بەهێزترین هێـزی کوردستانیان و ئێرانییەکانە.

ئەم وتـارە دید و بۆچونی تـایبەتی نووسەرەکەیەتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاوی گەل – ڕێکەوتی: ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## ڕژێمێک کە نایەوێت تێبگات



دکتۆر عادل باخەوان

سۆسیۆلۆگ و ڕوناکبیری کورد

پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی

ئەمڕۆ چوارشەمە، ٢٨ سێپتەمبەری ٢٠٢٢، کۆماری ئیسلامیی ئێران بەمووشەک و بە درۆن پەلاماری کوردستانی ئێراقی دا و تائێستاش چەندین شەهید و بریندار هەن، لەڕێگای ئەم هەشت خاڵەوە بۆچوونەکانم لەسەر دۆخەکە بەگشتی دەخەمە بەردەست خوێنەران.

١- لە ساتەوەختی شەهیدکردنی ژینا ئەمینیەوە، کۆماری ئیسلامی ڕوبەڕوی بزوتنەوەیەکی نارەزایی نیشتمانی و سەرتاسەری بوەتەوە لەڕاستیدا چرکەساتی ژینا ئەمینی پەردەلادانە لەسەر قەیرانێکی گەورەتر و قوڵتری پێشینەی ڕژێمێک کە ناتوانێت لە گۆڕانکاریە مەزنەکانی کۆمەڵگاکەی تێبگات.

٢- لێرەوە هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستانی ئێراق پێش هەموو شتێک هەڵهاتنە لە گرفتە ناوخۆییەکان و لە قەیرانە مەزنەکانی.

٣- ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی بەپێیی ڕێکەوتنێکی نێوان هەولێر و تاران لە هەرێمی کوردستاندایە و هەرسێ لایەن بەو ڕێکەوتنە ڕازیبوون و قبوڵیانکردوە.

٤- بەپێیی ئەم ڕێکەوتنە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە تا ئێستا، ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران ڕێزی لەو ڕێکەوتنە گرتوە و خاکی هەرێمی کوردستان دژ بە کۆماری ئیسلامی بەکارناهێنێت، بەڵام کۆماری ئیسلامی، لەڕێگای هێرشە یەک لەدوای یەکەکانیەوە ڕێزی لەم ڕێکەوتنە نەگرتوە و هیچ بەهایەکی بۆ ئەم ڕێکەوتنە خۆی دانەناوە و ئەمەش گرفتێکی دیکە بۆ میسداقیەتی لە جیهاندا دروستدەکات.

٥- هەروەها ئەم پەلامارانەی کوردستانی ئێراق ئاستێکی دیکەشی هەیە، لەم ڕێگایەوە کۆماری ئیسلامی ئومێددەکات کە بتوانێت بەجۆرێک لە جۆرەکان و لەم ساتەوەختەی کە بەقەیرانێکی سەخت و قوڵدا تێدەپەڕێت، هەستی ناسیۆنالیستی ئێرانی دژ بە کورد بوروژێنێت، بە ئومێدی ئەوەی کە بتوانێت هەناسەیەک بدات، بەڵام شانسی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەی تەواو لاوازە.

٦- بەدیوێکی دیکەدا، ئەم پەلامارە سەربازیانەی کۆماری ئیسلامی، ڕێک وەک پەلامارە بەردەوامەکانی کۆماری تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کە بە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بەشێکە لە دەوڵەتی ئێراقی و لە سەروەریی ئێراقی، دەریدەخەن کە لە ئێراقدا دەوڵەتێکمان هەیە تاسەر ئاستی ئێسقان لەرزۆک، دەوڵەتێک کە لەسایەیدا ئێراق بووە بە تێرا نیولیوس،

واتە خاکی ڕێگاپێدراو و هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان کەی ویستیان و چۆن ویستیان دێنە ژوورەوەو کەی ویستیان و چۆن ویستیان دەڕۆنە دەرەوە.

٧- ئەم پەلامارە سەربازیانەی کۆماری ئیسلامی، ڕێک وەک پەلامارە بەردەوامەکانی کۆماری تورکیا دەریدەخەن کە شەرعیەتی نێودەوڵەتی بەسنیە بۆ ئەوەی ئاسایش و سەقامگیری دەوڵەتێک پارێزراوبێت ڕاستە لە چەند سەعاتێکی دیکەدا چەندین زلهێزی سیستمی جیهانی سەرکۆنەی ئێران دەکەن، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەم سەرکۆنانە بەهیچ شێوەیەک ڕێگاناگرن لەوەی کە ئێران و تورکیا پەلامارەکانیان ڕابگرن.

٨- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەندین گۆڕانکاریی گەورەدا تێدەپەڕێت ڕەنگە ئێستا کاتی ئەوەهاتبێت کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەر چوار دەوڵەتەکەدا (ئێران، ئێراق، تورکیا، سوریا) پیاداچونەوەیەک بە خەباتی چەکداریی یەک سەدەیی خۆیدا بکات و پرسیاری ئەوەبکات کە تا چەند گەڕان بەدوای پارادیگمێکیتر لە خەباتدا گرنگ و پێویستە.

ئەم وتارە دید و بۆچونی تایبەتی نووسەرەکەیەتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاوی گەل – ڕێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## داوای شتێک لە عێراق دەکرێت کە نیەتی!



**جەمال عەبدوڵا**

دوای بۆردومانەکانی ئێران بۆ سەر چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و نێودەوڵەتییش بەگشتی، لە لایەک داوا لە ئێران دەکرێت ڕێز لە سەروەریی عێراق بگرێت و ئنجاش داوا لە عێراق دەکرێت سەروەریی عێراق بپارێزێت. لە ڕووی تیۆری و لەناو دنیای سیاسەت و یاساکانی نێودەوڵەتیدا، ئەم داوایە، داوایەکی مەشرووعە بەڵام:

١- بۆ پاراستنی سەروەریی دەوڵەت، سەرەتا دەبێ دەوڵەت هەبێت، بەڵام ئایا بە مانای نوێی دەوڵەت، عێراق دەوڵەتە و ئایا لە عێراقدا دەوڵەت هەیە؟ جا ئەگەر عێراق دەوڵەت نەبێت و عێراق دەوڵەتی تیا نەبێت، ئەی ئیتر چی و کێ سەروەریی عێراق بپارێزێت؟ واتە تۆ داوای پاراستنی سەروەریی دەوڵەت لە عێراق دەکەیت کە ئامرازی پاراستنی سەروەرییەکە کە دەوڵەتە، نیە!

٢- گریمان عێراق دەوڵەتە، بەڵام سەروەری کە پوختەی پێناسە و ماناکەی بریتییە لەوەی کە لە کۆتاییدا هەموو بڕیارێکی سیاسی و ستراتیژیی پێوەند بەو دەوڵەتە، دەبێ ئەو دەوڵەتە خۆی بیدات بێ ئەوەی لەدەرەوەی خۆیەوە بەسەریدا بسەپێنرێت، ئایا ئەمەشیان لە عێراقدا هەیە؟ ئایا چ بڕیارێکی سیاسی و ستراتیژیی عێراق هەیە کە عێراق بەبێ دەرەوەی خۆی و بەتایبەتی بەبێ ئێران توانیبێتی بیدات؟ یەک نموونەم پێ بڵێن! ئەی ئیتر چۆن داوای پاراستنی سەروەری لە پاشکۆ و زەلیلی دەستی دەرەوە دەکرێت؟

٣- ئەسڵەن ئێران خۆی عێراق بە دەوڵەت نازانێت، بەڵکوو بە بەشێک لە خۆی دەزانێت و ئێران چۆن سەیری ئوستاندار واتە پارێزگاری ئەسفەهان و تەبرێز و مەشهەد دەکات، هەر بەو شێوەیەش سەیری سەرکۆمار یان سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکات، جا سەرۆکۆمار یان سەرۆکوەزیران هەر کەسێک بێت!

ئەوە من نیم بوختان بۆ ئێران بکەم، بەڵکوو ئەوە عەلی یونسیی ڕاوێژکاری سەرکۆماری پێشووی ئێران بوو کە بە ئاشکرا و لە کۆڕبەندێک بە ناوی (کۆڕبەندی پێناسەی ئێرانی) لە ٩ - ٣ - ٢٠١٥ گوتی: "ئێستا ئێران ئیمپراتۆرییەتە و بەغداش پایتەختی ئەو ئیمپراتۆرییەتەیە!" جا کە ئێران خۆی بەغدا بە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی ئێران بزانێت، ئایا ئیتر بە کەیفی دڵ و ئارەزووی ئێران نیە چی لەو پایتەختەی خۆی دەکات؟ ئەی ئیتر سەروەریی عێراقی چی؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز – ڕێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## هەڵەیەکی مێژوویی، ئێرانی خستووەتە بەردەم دوو بژارە




ڕزگار نەژی گۆران

ئێران، لەدوای ڕووخانی دەوڵەتی مادەکانەوە نەیتوانی ڕۆڵی چەقی ناوەندێکی نەژادی ببینێت، چونکە خودویستی و عەقڵییەتی خۆسەپاندن بەسەریدا زاڵ بوو، بۆیە لە دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی و بەتایبەتی مێژووی شاهەنشاهی

ئاریـامێردا، ئەو ستراتیژە فراوانخوازییەی کە هەیبـوو بـۆ ئیمپراتـۆرییەتەکەی زیـاتر لە بـازنەیەکی تەسکی بنەمـاڵەیی و دەستوپێوەندەکانی تێنەدەپەڕی ئەویش لەسەر ئێسک هاڕینی هاونەژادەکانی.

ئازەرییەکانی ئێران، جگە لە خولیـای سەربەخۆیی و خۆ بەجودازان لەگەڵ نەتەوەی فـارس، پلانـی دووەمیـان نزیکبـوونەوە بووە لە دەسەڵات و خۆگەیاندن بە پلە و پایە و جومگە و بڕگە هەستیارەکانی دەسەڵات و بەو شێوەیە لە مێژووی ڕابـردوودا ئەگەر بەشێکی گرنگی دەسـەڵات نەبـوون، لانـی کەم نزیک بـوون لە سەنتەری بڕیـارەوە و خزمەتـی تەختی پاشایەتیشیان کردووە و خزمەتی خۆشیان.

بەڵام بە پێچەوانەوە کورد هەمیشە بە هۆی خۆ بەدوورگـرتن و خۆ بەجیـازانین و گرنگیـدان بە تایبەتمەنـدییەکانی خۆی و ڕۆحـی یـاخیگەری و نەبـوونی خواسـتی دوولایەنە بـۆ نزیکبـوونەوە لە یەکتـر (دەسـەڵاتدارانی فـارس و کـورد) هەمیشـە لە شەڕێکی تایبەتی بەردەوامدا بوون، هەمیشە لایەنی یەکەم، هەوڵـی سڕینەوەی لایەنـی دووەمی داوە لە هەمـوو بوارەکانـدا و لایەنی دووەمیش لەگەڵ ئەوەی بەرگرییەکی پچڕپچڕی هەبـووە تـاکوتەراش لێرەولەوێ بە ناچـاریش بووبێت دەستەمۆی ئەو دەسەڵاتە بوون، ئیتر ئەوە واقیعی حاڵی سەدان ساڵەی ڕابردوو بووە.

بەڵام هەموو ئەوانە خەون و خواستی سـەربەخۆیی لە هـزری دڵسـۆزان و هۆشمەند و خەباتگێڕەکـانی کوردا نەسڕیوەتەوە، بـۆیە بەردەوام ئەو خواسـتە مەترسییەک بـووە لە دڵـی دەسـەڵاتدارە فارسـەکاندا و ئازەرییەکـانیش خۆشـحاڵ نەبـوون بەو هەوڵانە، دواجـار کە ئێـران لە سـەردەمی شـا ئیسـماعیلی سـەفەویی مەزهەبـی شـیعەی کـردە میحـوەر بـۆ سـتراتیژییەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی، قووڵایی ئەو ستراتیژەشی لە بـوونی شیعە مەزهەبەکـانی نـاوچەکە و دوورەدەستەکانیدا بینییەوە٠ ئێران، خەونی گەیشتن بە دەریای سپیی ناوەڕاستی لەو کەوانە شیعییەدا وێنا کرد کە لە کەنـداوی فارسەوە دەست پێـدەکات و بە عێراق و باشووری کوردستـان و سووریا و ڕۆژئـاوای کوردسـتاندا تێـدەپەڕێت و لەسەر دەریـای سپیی ناوەڕاست کۆتـایی دێت، ئەوە لە کاتێکدا لە ڕۆژئاوای ئێران لە سنووری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە بە باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتاندا مـاوەکەی بۆ کەمتر دەکاتەوە،

کەواتە ئەگەر وەک تورکیای ئەمڕۆی ئۆردوغـان کە خەون بە گەڕانەوەی دەسەڵاتی خەلافەتـی عوسمانییەوە دەبینێت لەسەر ئێسک و پرووسکی دەوڵەتە ئیسلامییەکانی دوای ڕووخـانی ئیمپراتـۆرییەتی عوسمانی، کە ئەوەیـان بە بـڕوای من ئەستەمە بـۆی بێتە دی، لە پلانی دووەمیدا هەوڵ بـۆ بەدیهێنـانی بیـرۆکەی (TDT) تـورک دەولەتـلەر تەشکلاتسی) دەدات بـۆ بە فیدراسیۆنکردنی ئەو دەوڵەتانەی تورکنەژادن.

ئێران، دەیتوانی لە سەرەتاوە زەمینەسازی بۆ کۆنفدرالّییەکی ئاری نەژاد بکات کە تەواوی ئەو نەتەوانە بگرێتە خۆی کە لە بنەڕەتدا نەژادیان ئارییە، ئەمرۆ دەبینین ڕکابەرەکانی ئێران لە جیهانی سوننە و نەتەوەکانی تری دەوروبەری پێکدێن کە لە مێژووی دوور و نزیکدا لە ململانێیەکی سەرسەختدا بوون لەگەڵ ئێران، کەواتە کاتێک ئێران شیعەی لوبنان یان یەمەن لە نەزەر دەگرێت و بە قوولایی ستراتیژیی سیاسی و سەربازی و ئابووریی خۆیی هەژمار دەکات، لە بەرامبەریدا هێزێک هەیە دژ بەو سیاسەتە بوەستێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێران بە لۆژیکی نەژادی هەنگاوی بنایە و تەواوی نەتەوەکانی ئاری نەژادی بەردیدە بگرتایە کە لەسەر خواستی نەتەوەیی و تایبەتمەندێتیی خۆیان دەوڵەتی خۆیان هەبێت، ئەمرۆ یەکێتییەکی ئابووریی سیاسی و سەربازیی و تەنانەت کۆمەلایەتی و فەرهەنگییش لە ناوچەکەدا بالادەست دەبوو و خەونی گەیشتن بە دەریای سپیی ناوەڕاستیشی، زووتر و ئاسان تر دەهاتە دی.

بەلام لە کاتێکدا ئێران بەم سیاسەتەی ئەمڕۆی کە تا دێت دوژمن بۆ خۆی زیاد دەکات و دۆست کەمتر و هەڕەشە فراوانخوازییەکانی و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ولاتانی ناوچەکە و دڕدۆنگی و دژایەتیی بەرژەوەندییەکانی ولاتانی تر لە ناوچەکە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕووبەڕووی ململانێیەکی سەختتری دەکاتەوە.

ئێستا ئەو گەمارۆ ئابوورییەی کە هەناسەی گەلانی ئێران و خودی دەسەلاتەکەشی سوار کردووە، لەگەڵ بەرتەسککردنەوەی ئازادییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و حوکمی قامچی و ئاگر و ئاسن و سێدارە و زیندان لەو ولاتەدا، بوونەتە دوو فاکتەری زۆر بەهێز بۆ قووڵبوونەوەی کێشە ناوخۆییەکانیشی، لێرەوە بەدوای ئەو خۆپیشاندانانەی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی، دەسەلاتی فەرمانڕەوای ئێران کەوتووەتە بەردەم دوو بژارە، یان دەبێ خۆی ڕادەستی خواستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات، یان دەبێ خۆی ڕادەستی خواستی ڕاپەڕینی گەلانی ولاتەکە بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز – ڕێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

# هێرش بە مووشەک بۆ سەر سەنگەر و دڵی کۆمەڵانی خەڵک



ئەلبورز ڕۆئینتەن

له یەکەم چرکەوە کە هەواڵی شەهیدبوونی ژینا هات هەتا ئەوکاتەی کە سەرهەڵدانێکی سەرتاسەری لە کوردستان و دواتر لە هەموو ئێران وەڕێ کەوت، کاتێکی زۆر کەمی برد.

کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە سەرەتا بە بێدەنگیکردن و سەرکوت و دەیان کردەوەی نارەوای دیکە دەیهەویست ئەو سەرهەڵدانەش بێدەنگ بکات، بەڵام جیاوازتر لە پێشوو ئەو جار خەڵک هێرشبەر بوو، ئەو هێرشانە تا ئاستێک ڕۆیشت کە شەوانە شار دەکەوتە دەست خەڵک و ئیتر ڕێژیم بە تەواوی بەچۆک داهات و تەنانەت لە هەموو کات زیاتر ئەگەری نزیکبوونی ڕووخانی ڕێژیم کردەنیتر دەهاتە بەرچاو.

لە کاتێکدا ڕێژیم ئیتر بە ڕەشبگیری و سەرکوتی جۆراوجۆر و دڕەندانە نەیتوانی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات تەنانەت، ئەگەر نارەزایەتیی توێژێک لاواز دەبوو توێژێکی دیکەی کۆمەڵگە سەری هەڵدەداوە، وەک سەرهەڵدانی زانکۆکان. هەربۆیە بۆ ئەوەی ورەی تێکشکاوی خۆی بەرز بکاتەوە، دەستی بۆ هێرش و جینایەتێکی سامناک برد.
ئەو هێرشە کە ئاکامی دەستەوەستانیی ڕێژیم بوو، بە هێرشی درۆنی خۆتەقێنەر و مووشەک و بۆمبارانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم لە باشور دەستی پێ کرد.

لەو هێرشە ترسنۆکانەدا کە منداڵان بەرکەوتە و ئامانج بوون هەر زوو جارێکی دیکە بۆ هەمووانی ئاشکرا کرد کە ڕێژیم چ دڕەندەیەکە کە برینداره و دەیهەوێ برینی خۆی بە هێرش بۆ سەر منداڵان تیمار بکات، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ڕێژیمی لە لێواری مەرگ نەک ناتوانێ برینی خۆی تیمار بکات، بەڵکوو تووڕەییەکی وای لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست کردوە کە بەو هێرشە زیادتر لە هەر کاتێکی دیکە خەڵک بەرەو یەکگرتوویی و دژایەتیی ڕێژیم هان دەدات.

ڕاستیی یەکەم کە لەو هێرشەدا دەرکەوت، ئەوەبوو کە ڕێژیم لە بەر ئەوەی کە ئەو حیزبانە هۆکاری نارەزایەتیی ئەم دواییەی خەڵکن، ئەو هێرشە بەرفراوانەی ئەنجام داوە، ئەو ڕاستیە تەنانەت بە گوتەی خودی ڕێژیم دەڵێ حیزب خەڵکە و خەڵکیش حیزب، ئەم دووانە لێک جیا نین، تەنانەت پێکەوە بۆ نەمانی ڕێژیم هەوڵ دەدەن. ئەو پێکەوەبوونە ئەوەندە بەهێزە کە ڕێژیم بۆ زەربەلێدان لە ئەوی دیکە هێرش دەکاتە سەر ئەم و بە پێچەوانە؛ واتە سەنگەری حیزب لە شەقامە و هێزی خەڵکیش لە قەڵای دێموکرات.

ڕاستیی دووەم، ڕێژیم نەک ناتوانێ ورەی هێزەکانی خۆی بۆ بەرەنگاریی خەڵک بباتە سەر، نەک ناتوانێ بە چۆکداکەوتنی بشارێتەوە، بەڵکوو هەر زوو لەلایەن هەمووانەوە دەرکەوت کە ئەو هێرشانە هێرشی شاردنەوەی ڕاستییەکانی سەر شەقامن،

ئێستا خەڵک زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە دەزانن ڕێژیم لە لێواری مەرگە و هێرشی مووشەکییش ناتوانێ لە مەرگ ڕزگاری بکات. هەروەها لە یەکەم ساتەکانی ئەو هێرشەدا کاتێک ڕێبەرایەتیی حیزب هاواری بەردەوامی شۆڕشی لە شەقامەکانی دا، دەرکەوت کە ڕێژیم سەری لە تاشە بەردی تووڕەیی خەڵک دا.

ڕاستیی سێیەم کە زۆر لە مێژە بۆ ئێمەمانان دەرکەوتوە، بەڵام بۆ دونیایی ڕۆژئاوا و هێزەکانی دیکە جارێکی دیکە سەلما، ئەویش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ یەک چرکە درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی ئامادەیە نامرۆڤانەترین کردەوە ئەنجام بدات کە لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی مرۆڤایەتی نموونەی نەبێت. تێکدانی سەقامگیریی ناوچە و پێشێلکردنی هەموو یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی و جیهانی لە سەرەتاییترینی ئەو نموونانەن.

ڕاستی سەرەکیی ئەو هێرشانەش نیشانەکانی داماویی ڕێژیم بوون کە لە لێواری مەرگە و لە بەرانبەر هێرشی خەڵکدا بێدەسەڵات ماوەتەوە، هەربۆیە وەڵامی سەرەکیی شەقام دەداتەوە، ئەو شەقامەی کە دروشمی "ژین، ژیان، ئازادی" دەڵێتەوە. ئەو شەقامەی "شەهید نامرن"، "کوردستان ناوی بەرزە، دوژمن دەخاتە لەرزە" و "قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە" دەڵێتەوە.

**سەرچاوە: کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢**

---

## "نا"یەکی دیی خەڵکی کوردستان بە کۆماری ئیسلامی



**ئاسۆ منبەری**

**ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتی هاتنەسەرکاریەوە تاکوو ئەمڕۆ بە بەردەوامی لە بازنەیەکدا خولاوەتەوە کە بەڕوونی ئەکرێ بوترێ کە بەنیسبەت نەتەوەکان و بەتایبەتیش بەنیسبەت نەتەوەی کورد سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای هەبووە.**

**ئەم سیاسەتە ڕوون و ئاشکرایە ئامانجە سەرەکییەکەی پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بووە کە بەڕوونی لە دەستێوەردانە ئاشکراکانیدا دیارە، جا بۆ ئەم مەبەستەش لە هەر ڕێگایەک کەڵکی وەرگرتووە کە چاوخشاندنێک بە سەر ڕۆژژمێری ڕووداوەکانی ئەم ٤٣ ساڵەدا بەڕوونی نیشانمان دەدات کە چۆن ئەم ڕێژیمە لە هیچ تاوانێکی دژەمرۆیی دژی نەتەوەی کورد دەستی نەپاراستووە.**

**هەر لە ڕووداوەکانی سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمەوە لە شۆڕشی ٥٧ و فەرمانی جیهاد بەدژی نەتەوەی کورد، ڕەشبگیرییەکان لە کوردستان، تێرۆرەکان دژی هێزە کوردییەکان و هەموو تاوانەکانی دیکە هەتا دەگاتە مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ٩٧ و هەتا ئەمڕۆش کە ڕۆژێک بە سەر مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات و حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکاندا تێدەپەڕێت؛ ئەوە کۆماری ئیسلامی بووە کە بە دڕندانەترین شێوە و بە بیانووگرتن بە ڕووداوەکانی دیکەی نێوخۆ، هەوڵی داوە جیا لە بەلاڕێدابردنی پرسە گرینگەکانی ڕۆژەڤی وڵات، سەروەریی خاکی وڵاتانی دراوسێش پێشێل بکات و هیچ بایەخێک بە کاردانەوە جیهانییەکان نەدات.**

**پڕ ئاشکرایە کە چییەتیی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران وا دەخوازێ کە بەردەوام خەریکی خوڵقاندنی کێشە و ئاریشە بۆ خەڵک و بۆ وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت وڵاتانی ناوچەکەش بێت، هەربۆیە دوور لە چاوەڕوانی نییە کە کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئامانجە گڵاوەکانی خۆی لە هەموو ڕێگایەکی نامرۆڤانە و هۆڤانە کەڵک وەربگرێت. ئەم ڕێژیمە تەنیا یەک ئامانجی هەیە، ئەویش مانەوەی خۆیەتی بە هەر نرخێک!**

لە دوای مووشەکبارانەکەی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و هاوکات لەسێدارەدانی سێ لاوی تێکۆشەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵک لە ٢١ی خەرمانانـدا بە مانگرتنێکی گشتی لە سەرتاسەری کوردستاندا، هێزی لەبڕاننەهاتووی گەلیان بە ڕێژیم نیشان دا کە بێگومان هەر ئەو بێدەنگییە، خۆی توانیی بەهێزترین دەنگ و گەورەترین هەڵوێست بەرانبەر بەم کردەوە تێرۆریستییە بێت.

ئێستا کە ناڕەزایەتییەکان بە کوشتنی ژینا ئەمینی لە کوردستان و ئێران پەرەیان ئەستاندوە و کاردانەوەی وڵاتان و کەسایەتییە جیهانییەکانیشی بەدوادا هاتوە، ڕێژیم زیاتر لە هەموو کات هەستی بە لاوازی و لە لێژاییدابوونی دەسەڵاتەکەی کردووە بۆیە بە هێرشی ئەمجارەی خۆی بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێرۆری تێکۆشەرانی کورد و ژن و منداڵی بێتاوان و دەستدرێژی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، ویستی ڕقی خۆی لەم تووڕەییە بە سەر کوردستاندا بڕێژێ.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە خەڵکی کوردستان کردوە کە جارێکی دیکە بۆ وڵامدانەوە بە کردەوەکانی ڕێژیم، ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەزبەر بەپیل بانگەوازی ئەم ناوەندەوە بچن و بە مانگرتنێکی سەرتاسەری بۆ جارێکی دیکە هێزی لەبڕاننەهاتووی خۆیان و پەیامی پاڵپشتیی خۆیان لە ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە بە ڕێژیم دووپات بکەنەوە، بۆیە پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان لە ڕۆڵەکانیان و مانگرتن و یەکگرتوویی لەم ڕۆژەدا دەتوانێ زیاتر لە پێشوو ڕێژیمی ئێران بە چۆک دابێنێ و بەرەو لێواری ڕووخانی ببات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٧ی ڕەزبەڕی ٢٧٢٢ = ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## پەیامەکانی مانگرتنی گشتیی ٩ی ڕەزبەر



**قادر وریا**

چاوەڕوان دەکرێ مانگرتنی گشتیی ئەمجارە (مانگرتنی گشتیی سبەینێ ٩ی ڕەزبەر) لە کوردستان لە ڕووی یەکگرتوویی و بەرینی، شکۆیەکی بێوێنەی هەبێ. ئەم مانگرتنە کە پشتیوانیی سەدان ڕێکخراو و کۆمەڵە و کەسایەتیی ئێرانیشی لەگەڵە، بە شوێن درندەیی بە تەواو مانای هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوو بەرەدا، بەڕێوە دەچێ. بەرەیەک، خۆپێشاندانی خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئەگەر چی خەڵک بە دەستی بەتاڵەوە نارەزایەتی دەردەبڕن، بەڵام هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە چەکی گەرم، بە دەسڕێژی ڕاستەوخۆ، بەرەوڕووی خۆپێشاندەران دەبنەوە و هەتا ئێستا هەر لە شارە کوردەکان زیاتر لە ٢٠ کەسیان شەهید کردوە، بە سەدان کەسیان برینداز و نەقوستان کردووە، ژمارەیەکی نادیار کە لە هەزار کەس تێدەپەڕێ، دەستبەسەر کراون.

بەرەیەکی دیکەی درندەیی نواندنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان، ئەو هێرشە پەهپادی و مووشەکییەی ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری سوپای پاسداران بۆ سەر بنکە و کەمپەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان بوو. هێرشێک کە بە گوتەی فەرماندەرانی سوپای پاسداران، زیاتر لە ٧٠ مووشەکی بالستیک و دەیان درۆنی خۆتەقێنەری تێدا بەکار هات و بووە هۆی شەهیدبوونی نزیکەی ٢٠ ژن و پیاوی تێکۆشەر کە دیارە لە نێو شەهیدەکاندا، ژنی دووگیان بە کۆرپەڵەی ٩ مانگەوە هەبوو.

**یەکەم** پەیامی مانگرتنی گشتیی شەمە ٩ی ڕەزبەری خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی سوپای پاسداران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەم شێوە درندەیە دەیانداتە بەر ئاگر و ئاسن، لە ڕۆڵەکانی ئەو خەڵکە پێک هاتوون و هەڵگری ئامانج و ویستەکانی خەڵکی کوردستانن. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای خەڵکی ئێران و بیروڕای دنیای دەرەوە لە سەر ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆ، لە دەرەوەی سنوورەکانی قەیرانخوڵقێنی دەکا و ئەو حیزبانە دەکات بە ئامانجی پیلان و تاوانەکانی خۆی، خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەڵامیان

دەداتەوە. کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵێک دەدا ئەو حیزب و ڕێکخراوانە و لە گەڵ ئەواندا خەڵکی کوردستان ڕابکێشێتە نێو بەرەنگارییەکی چەکدارانە لەگەڵ خۆی بۆ ئەوەی لەلایەک خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران لە کوردستان بسڵەمێنەوە، لە لایەکی دیکەش ئەو پەڕیّ دڕندەیی لە سەرکوتکردنی کوردستاندا بە کار بێنێت. بەڵام خەڵک و هێزە سیاسییەکان لەو نیازەی گەیشتوون و بێ ئاکامیان کردووەتەوە.

**دووهەم** پەیامی مانگرتنی گشتی ئەوە دەبێ کە سوپای پاسداران و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە هەڵەدان ئەگەر پێیان وایە بەو توند و تیژییانەی تا ئێستا لەسەر شەقام، نیشانی خەڵکی ڕاپەڕیویان داوە، کوردستان بووە بە ماستی مەییو. نەک هەر تووڕەیی خەڵک دانەمرکاوەتەوە بەڵکوو سەد قات زیاتر بووە. خەڵکی کوردستان بە تایبەتی دوای ئەو قوربانییانەی لە خۆپێشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێشکەشی بارەگای ئازادییان کردوە، لەسەر خەبات تا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە پێشوو شێلگیرترن. ئەوان نەک هەر لە خوێنی شەهیدانی کۆن و نوێی خۆیان خۆش نابن، داواکاری ئازادکردنی گیراو و دەستبەسەرکراوان و سزادانی بکوژانی ڕۆڵەکانیانن. داواکاری پاکپوونەوەی بە یەکجاریی پەڵەی دەسەلاتدارێتیی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە لە سەر ژیانی خۆیان و خوازیاری ئازادیی ژن و پیاوی کوردن.

**سێهەم** پەیامی مانگرتنی ئەمجارە، ڕووی لە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران، هەر وەها ڕووی لە هەموو ئەو کەسایەتی و کۆڕ و کۆمەڵانەیە کە لە دەرەوەی وڵات، هاودەنگ و پشتیوانی ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتن. لە ڕێگەی ئەم مانگرتنە گشتییەوە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نەتەوەکان و چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران دەڵێن، بوونی ئێوە لە سەر شەقامەکان و بانگی ئازادیخوازی و دروشمی دژ بە دیکتاتۆریتان، ئێمە لە سەر درێژەدانی خەباتی ٤٤ ساڵەمان بەرامبەر بەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و مرۆڤکوژە، دڵگەرمتر دەکا. هاوخەباتی و هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستان و ئێران، هەم خۆڕاگری و توانای خەباتکارانەمان بە هێز و لەشکان نەهاتوو دەکا، هەم پترلە پێشوو تۆوی ترس و ناهومیدی دەخاتە دڵی دەسەڵاتدارانی تاران. پەیامی مانگرتنی گشتی بۆ کورد و ئێرانی و بیانییەکانی دەرەوەی وڵاتیش ئەوە دەبێ کە پشتیوانیی ئێوە لە ڕاپەڕینی نێوخۆ و ڕاکێشانی هاودەنگیی کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ خەباتەکەمان، دڵگەرمی و وزەمان پێدەدا و بڕوامان بە سەرکەوتن بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پتەوتر دەکا.

سبەی ٩ی ڕەزبەر، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مانگرتنێکی گشتیی شکۆدار، جارێکی دیکە مۆرکی خۆی لە ڕەوتی ڕووداوەکان وڕاپەڕینی رووله‌گه‌شەی کوردستان و ئێران دەدا و، پێشەنگایەتیی خۆی لە خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسەلمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا — ڕێکەوتی: ٨ی ڕەزبەڕی ٢٧٢٢ = ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## پرچی ژینا دەبێتە هێمای ناڕەزاییەکانی ئێران



## هاوڵاتی

خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لەکاردانەوەی مەرگی ژینا ئەمینی لەرۆژهەڵاتی کوردستان و شارەکانی ئێران بەردەوامەو ژینا بووەتە هەوێن و هێمای خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان.

ئەو کچە کوردەی خەڵکی سەقز کەتەمەنی ٢٢ساڵ بوو دوای ئەوەی لەلایەن پۆلیسی ئێران بەبیانوی نەگونجاوبوونی سەرپۆش و جلوبەرگەکەی دەستگیرکراو لەزینداندا گیانیلەدەستداو دواجار تەرمەکەی گەرێنرایەوە زێدی خۆی، ئێستا پرچی ئەو کەبیانوی دەستگیرکردنەکەی بوو بووە بەهێماو لەو رۆژەوە هەزارن کچ و ژن و پیاو وەک هاوسۆزییەک بۆ ژینا ئەمینی قژی خۆیان دەبرن و دژی یاساو رێسا توندەکانی ئێران نارەزایەتیی دەردەبرن.

نارەزایەتییەکان بۆ مەرگی ژینا تائامادەکردنی ئەم راپۆرتە زیاتر لە ٧٦ کوژراوی لێکەوتووەتەوە کەزۆربەیان بەتەقەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران لەرۆژهەڵاتی کوردستان گیانیان لەدەستداوەو بەپێی ئامارەکانی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەو خۆپیشاندانانەدا پێنج ئافرەت گیانیان لەدەستداوە کەسیانیان لەشارە کوردییەکان و دووانیان لەباکورو رۆژهەڵاتی ئێران بوون.

ئەو نارەزایەتییانە کە بووەتە هۆی توندبوونەوەی مامەڵەی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی دەسەڵات و برینی ئینتەرنێت لەرۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران جگە لەزیانە گیانییەکان زیانی گەورەی ماددیی لێکەوتووەتەوە بەجۆرێک کە بەهۆی برینی هەر ٢٤ کاتژمێر ئینتەرنێتەوە نزیکەی ١٢٠ ملیۆن دۆلار زیانی لێدەکەوێتەوەو زۆربەی کۆمپانیاکانی ئێرانیش لەبۆرسەدا نزیکەی چوار ملیار دۆلار زیانیان پێگەیشتووە.

هاوکات لەگەڵ گرژی زیاترو بەرفراوانبونی خۆپیشاندانەکان بۆ یەکەمجار لەمێژووی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ژمارەیەکی بەرچاو لەیاریزان و هونەرمەندو ئەکتەرە ناودارەکانی ئێران وەک کاردانەوەیەک بەمەرگی ژیناو خۆپیشاندەران، بێبەریبوونیان لەدەسەڵات و دامەزراوەکانی راگەیاندووە.

### ژینا سەرتاسەری ئێران دەهەژێنێت

خۆپیشاندانەکان بۆ مەرگی ژینا ئەمینی لەپێنجەم رۆژدا جگە لەرۆژهەڵاتی کوردستان لانیکەم ١٥٠ شارو شارۆچکەی ٢٧ پارێزگای گرتەوەو لەزۆربەی ئەو ناوچانەشدا توندوتیژیی و پێکدادان لەنێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس روویدا.

لەشاری شنۆ سێ مێرمنداڵ گیانیان لەدەستدا کەکەسێکیان تەمەنی ١٦ ساڵ بووە.. لەپیرانشار-یش مێرمنداڵێکی تەمەن ١٦ ساڵ بەناوی زەکەریا خەیاڵ گیانی لەدەستدا.

بەپێی زانیارییەکانیی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەر لەشەوی چوارشەممەو لەپێنجەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکاندا لانیکەم سێ کەس لە سەقزو پێنج کەس لە سنەو دوو کەس لەورمێ و کەسێک لەئیلام بەهۆی تەقەی هێزە ئەمنییەکانەوە گیانیان لەدەستداوە.

بەگشتی تەنها لەشەوی چوارشەممەدا لانیکەم ١٥ کەس لەخۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیانیان لەدەستداوە. بەگشتی و لەماوەی دوو ڕۆژدا ژمارەی ئەو کەسانەی لەخۆپیشاندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شارو شارۆچکەکانی ئێران گیانیان لەدەستداوە دەگاتە ٢٦ کەس کەناسنامەی زۆربەیان بڵاو کراوەتەوە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ڕایانگەیاندووە بەهۆی پچڕانی هێڵەکانی تەلەفۆن و مۆبایل و ئینتەرنێت لەئێران زانیاریی ورد لەسەر بەرزبوونەوەی ژمارەی قوربانیان روون نییە، بەڵام گومان دەکرێت سەرەڕای ئەو کوژراوانە زیاتر لەهەزار کەسیش بریندار بووبن.

بڵاوبوونەوەی تۆمارە ڤیدیۆییەکانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بۆ ژینا ئاماژەیە بۆ توندبوونەوە و گرژبوونەوەی دۆخی ناوخۆیی وڵاتەکە، بۆیە گومان دەکرێت ژمارەی قوربانیانی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان بۆ مەرگی ژینا ئەمینی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز ببێتەوە.

خۆپیشاندانەکان زیاتر لە ١١ ڕۆژە بەردەوامەو بەپێی داویین ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران لانیکەم ٧٦ خۆپشاندەر تا شەوی سێشەممە (٢٧ - ٩ - ٢٠٢٢) کوژراون و حکومەتیش ڕایگەیاندووە؛ حەوت کەس لەهێزە ئەمنییەکان و ئەندامی سوپای پاسداران و پۆلیس کوژراون.

**خامنەیی بەئامانج دەگیرێت**

لەزۆربەی خۆپیشاندانەکاندا دروشم دژی عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران وتراوەتەوەو رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاویکردووەتەوە حکومەتی ئێستای ئێران لەرژێمەکانی پێشووی میسرو تونس لاوازترەو ئاماژەی بەوەشکردوە کە رێبەری کۆماری ئیسلامی پاشەکشێ لەبالاپۆشیی ژنان بەهێڵی سور دەزانێت.

رۆژنامەکە لەبابەتێکدا نووسیویەتی خۆپیشاندانەکانی ئێران رووبەرووی توندوتیژیی زۆری هێزە ئەمنییەکانی وڵاتەکە بووەتەوە، بەڵام ئەو توندوتیژییە ئاماژەیە بەلاوازیی دەسەڵات بەتایبەت کە ساڵانە سەدان ژن لەئێران بەبیانوی نەگونجابوونی سەرپۆش و بالاپۆش سزا دەدرێن و لەهەندێک حاڵەتیشدا سزای ١٠ ساڵ زیندانی بەسەر ئەو ژنانەدا سەپێنراوە.

ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە عەلی خامنەیی رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران کەتەمەنی ٨٣ ساڵە، باری تەندورستیی باش نییەو سەرقاڵی رادەستکردنی دەسەڵاتەکانی و دۆزینەوەی جێگرەوەیەوەو هەر ئەوەش دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لاواز کردووە.

خامنەیی یەکێکە لەو کەسانە زۆر دژی ئازادی ژنانەو ئامادە نییە پاشەکشێ لەو یاساو رێسا توندانەی کۆماری ئیسلامی بکات بۆیە خۆپیشاندەرانیش لەزۆربەی رێپێوان و نارەزایەتییەکاندا بەدروشم دەیکەنە ئامانج و پێیان وایە کۆتایی ئەو کۆتایی دەسەڵاتی ٤٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

## ئینتەرنێت و دارمانی بۆرسەی ئێران

رێکخراوی نێت بلاکس بۆ چاودێریی هێڵەکانی ئینتەرنێت ئاشکرایکردووە، بەهۆی راگرتن و قەدەغەکردنی ئینتەرنێت لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە هەر کاتژمێرێک یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار زیان بەئابوریی ئەو وڵاتە دەگات.

ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە: فیلتەرکردن و راگرتنی هێڵەکانی ئینتەرنێت بۆ کۆنترۆڵی خۆپیشاندانەکان لەئێران زیانی زۆر بەداهاتی ئەو شوێنانە دەگەیەنێت کەسەرچاوەی سەرەکییان ئینتەرنێتە.

بەپێی ئامارەکان نزیکەی ٤٠٠ هەزار فرۆشگا لەئێران لەرێگەی ئینتەرنێتەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن ئەگەر برینی ئینتەرنێت لەو وڵاتە بەردەوام بێت رۆژانە لانیکەم ١١٧ ملیار دۆلار زیانی لێدەکەوێتەوە.

خۆپیشاندان و کاردانەوەکانی مەرگی ژینا ئەمینی بازاڕی بۆرسەی ئێران تووشی داڕمان دەکات و بەوتەی شارەزایانی ئابوریش زیانی چوار ملیار دۆلاری بەپشکی کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە گەیاندووە.

میدیاکانی ئێران بڵاویانکردووەتەوە زیاتر لەهەفتەیەکە بازاڕی بۆرسە لەوڵاتەکە لەپاشەکشێدایەو تائێستا ٣٥٠ ئاماژەی نەرێنیی لەبۆرسەی وڵاتەکەدا هەیە لەکاتێکدا تەنها ٣٥ خاڵی ئەرێنیی لەبۆرسەدا بەدیدەکرێت.

بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شارەکانی ئێران پشکی سەرجەم کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە لەبازاڕی بۆرسەدا بەڕێژەی ١٠٠ ترلیۆن تمەن دابەزیوە کەدەکاتە نزیکەی سێ ملیارو ٩٠٠ هەزار دۆلار.

شارەزایانی ئابوریی ئێران هۆشداریی دەدەن ئەگەر ئاڵۆزییەکان بەردەوام بێت زیانی زیاتر چاوەڕوانی کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە دەکات.

## تۆپبارانی هەرێم بۆ ڕاگرتنی خۆپیشاندانەکان

سوپای پاسداران لە (٢٤ - ٩ - ٢٠٢٢) دەستی کردووە بەتۆپبارانی سنورەکانی هەرێمی کوردستان بەبیانوی بوونی چەکدارانی نەیاری دەسەڵات لەئێران و لەبەیاننامەیەکیشدا کەپێش بۆردومانەکە ڕایگەیاند: حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبیانوی ناڕەزایەتی بۆ مەرگی ژینا هەوڵی سەرهەڵدانی توندوتیژی و ئاژاوە لەخاکی ئێران دەدەن.

سوپای پاسداران هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی تۆپبارانەکەش لەبەیاننامەیەکی دیکەدا ڕایگەیاند: لەچوارچێوەی دوورخستنەوەی هێزە چەکدارە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی، لەڕۆژی شەممەی ڕابردووەوە دەستیکردوە بەبۆردومانی چەند خاڵێکی سنوریی هەرێمی کوردستان.

سوپای پاسداران ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە: بەهۆی دروستبوونی ئاژاوەی چەند ڕۆژی ڕابردووی ناو ئێران بەمەبەستی دورخستنەوەی چەکدارە نەیارەکان تۆپبارانی خاڵە سنورییەکانی ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستانی کردووەو هاوکات داواشی لەهاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان کرد لەبنکەو بارەگاکانی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووربکەونەوە.

تۆپبارانەکانیش لەکاتێکدایە لەناو ئێران دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کەسوپای پاسداران و سوپای رەسمی (ئەرتەش) لەسەر سەرکوتی خۆپیشاندانەکان ناکۆکییان هەیەو ئەوەش وایکرد ئەو دوو هێزە بەجیا بەیاننامە بڵاوبکەنەوەو جەخت لەپاراستنی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەنەوە.

## نارەزایی کەسایەتیە بەناوبانگەکان

ژمارەیەکی بەرچاو لەهونەرمەندو ئەکتەرو یاریزانە ناودارەکانی کوردو ئێران لەگەڵ دەربڕینی نارەزایەتیی بۆ مەرگی ژینا ئەمینی، پشتیوانیی خۆیان بۆ خۆپیشاندەران دەدەبڕن و داوای کۆتایی بەستەم و توندتیژیی لەدەسەڵاتی ئێران دەکەن و دەسەڵاتیش دەست بەسەر ماڵ و موڵکی ژمارەیەک یاریزان و ئەکتەر لەناوخۆی وڵاتەکەدا دەگرێت.

کەیهان کەلهور، ژەنیارو پسپۆڕی ناوداری کورد لەپەیامێکدا لەتۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر رایگەیاندووە؛ خەڵکی ئێران ٤٠ ساڵە هەوڵدەدات بەزمانی ئەدەب و هونەر دەسەڵات ئاگادارکاتەوە لەوەی کە زەبروزەنگ و سێدارە لەدژی خەڵک بەکارنەهێنێت.

کەلهور دەڵێت: ئەو ژەنیارەو ئەرکی ئەو قسەکردن نییە، بەڵام دەسەڵاتی ئێران وای لەئەو کردووە کە لەجیاتی هێنانە گۆی ئامێرەکانی، خۆی بێتە گۆو بەنووسین پەیامەکەی بگەیەنێت.

ئەو ژەنیارە کەخاوەنی دەیان خەڵاتی مووزیکە نووسیویەتی: دەسەڵاتی ئێستای ئێران هاوشێوەی دەسەڵاتی ئۆمەوییەکان بەردەوامە لەسەرکوت و ستەم، بۆیە دەبێت بڕوات.

ئەو داوای لەسەرجەم هونەرمەندان کردووە ملکەچی داواکارییەکانی حکومەتی ئێران نەبن و تەنانەت بەبێ بەرامبەریش بەردەوامبن لەکاری هونەری و پشتیوانیی بۆ یەکێتی و یەکڕیزیی خەڵک لەپێناو ئازادیی وڵاتەکەدا.

کەلهور لەکۆتاییدا رایگەیاندووە هەر کۆنسێرت و شوێنێک کەئەو تێیدا بەشدار بێت دەکاتە سەکۆیەکی ئازاد بۆ ئەو خەڵکەی کە بەدەست دەسەڵاتەوە زۆری بۆ هاتووە.

لەگەڵ کەلهورِ دەیـان ئەکـتەریش پشـتیوانییان بـۆ نارِەزایەتییەکـان و خۆپیشـاندانەکان دەربرِیـوەو هەدیە تـارانی، خـانمە ئەکتەری بەناوبانگی ئێرانیش، لە پشتیوانیی بۆ خۆپیشاندەران و نیگەرانیی لەمەرگی ژینـا ئەمینی، رایگەیانـد: دەسەڵات و هێزە ئەمنییەکان هۆکاری خوێنرِشتنن و خەڵکی وڵاتەکەش تائاستێک لەژێـر زەبروزەنگدا بـووە کەچیتـر پێویسـتی بەرِێبەرو سەرکردە نییە بۆ خۆپیشاندان و نارِەزایەتیی.

هەدیە تـارانی کە لەئێسـتادا لەئێـران دەژی و لەلایەن هێـزە ئەمنییەکـانەوە ئاگـادارکراوەتەوە کەهـانی خۆپیشـاندان و نارِەزایەتیی نەدات، جەختی لەوە کردووەتەوە خەڵکی وەڵاتەکە هێندە لەژێر ستەم و زەبروزەنگدا بـوون کەچیتـر پێویسـتی بەهاندان و بانگهێشتکردنی خەڵک نییە کەبرِژێنە سەر شەقامەکان، چونکە ئاستی نارِەزایەتییەکان بەرفراوانن.

شەهاب حسێنی کە بەیەکێک لەئەکتەرە ناودارەکانی نزیک لەدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەژمار دەکرێت بەپەیامێک نارِەزایەتیی خۆی لەبەرامبەر کوشتنی خۆپیشـاندەران و سـەرکوتی نارِەزایەتییەکـان دەربـرِی و وتـی ئەوەی ئێسـتا دەسەڵات دەیکات هاوشێوەی زەبروزەنگی ئۆمەوی و سەفەوی-یە، لەبەرامبەر ئەو پەیامەشدا تەلەفیزیۆنی فەرمی ئێران سەرجەم ئەو ریکلام و بەرنامـانەی ئەو ئەکتەرەی تێدا بەشداربوو، راگـرت و هەمـوو ئەو وێنـانەشی لەنـاو شـاری تـاران بـوو، بەبرِیـاری شارەوانی لابران.

هەنـدیک ئەکـتەرو هونەرمەنـدی ژن لەئێـران جگە لەپەیـام، بەبرِینـی پرچیـان نـارِەزایەتییـان بـۆ مەرگـی ژینـاو کوشـتنی خۆپیشاندەران دەربرِیوە.

عەلـی کەریمـی یـاریزانی تـۆپی پـێ و ئەسـتێرەی پێشـووی هەڵبـژاردەی ئێـران کەنیشـتەجێی وڵاتـی ئیمـاراتە بەپەیامێک نارِەزایەتیی لەمەرگی ژینا ئەمینی راگەیانـدو پشـتیوانی خۆی بـۆ نارِەزایەتییەکـان دەبـرِی لەبەرامبەریشـدا دەسەڵات دەسـتی بەسەر ماڵ و موڵکی ئەو یاریزانە لەئێراندا گرت.

هاوکـات دەیـان یـاریزانی دیـکەی دیـکە پشـتیوانیان لەهەڵوێسـتەکەی کەریمـی کـردو ژمـارەیەک یـاریزانیش برِیاریانـداوە هەڵبژاردەی ئێران جێبهێڵن.

لەڕابردوودا چەند جارێک خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی فراوان لەڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران ڕوویداوە، بەڵام هیچکات لە ٤٠ ساڵی رابردودا بەو ئاستە هاوسۆزی و هاوپشتی چینە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایەی نەگرتووەتەوە، بۆیە مەرگی ژینا ئەمینی بووەتە هێمای بەهێزی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## شەقام، دەستپێکی قوناغێکی نوێ



**ئارام کەیخوسرەوی**

شار وەک "شوێن" یەکێک لە خاڵە ونبووەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بووە. سیاسەتی ئەمنیەتی و نیزامیی داگیرکەرانی کوردستان هۆکارێکە تا لە درێژایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا شار نەتوانێت وەکوو ناوەندی ئەم بزووتنەوەیە دەربکەوێت و زۆر جار لە پەراوێزدا بمێنێتەوە. دیارە لە پەراوێز مانەوە بە مانای بەشداری نەکردنی خەڵکی شار لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا نییە، بەڵکوو لێرە مەبەست لە شار، شوێن یان پانتایی گشتیی شارە کە لە پەراوێزی شۆڕشدا بووە. لە درێژایی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناهاوسەنگییەک لە نێوان شاخ و شار یان شاخ و شەقامدا هەیە. ئەدەبیاتی سیاسیی ئێمە، پڕە لە لاواندنەوە و ستایش کردنی "شاخ" وەک مەکۆ و ناوەندی خەبات و شۆڕش. لە کوێ باس لە کوێستان، شاخ و قەندیل و ... کرابێت ناڕاستەوخۆ ئاماژەیەک بووە بۆ فەزا و پانتاییەک کە فەزا/شوێنی خەبات و شۆڕشە. تەنانەت قسەیەکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێت: "تەنیا شاخەکان دۆستی کوردن"، ئەمە دەقاودەق گوزارشت لە ناوەندیەتی شۆڕش دەکات لە شاخ. کەواتە لە درێژایی بزاڤی ڕزگاریخوازیدا، کورد خیابانی وەک فەزایەک/شوێنێک لەدەست داوە یان مەجبوور بە پاشەکشە بووین لێی. بزاڤی نەتەوەیی ئێمە مەجالی ئەوەی پێنەدراوە تا خۆی وەک بزاڤێکی شاریش دەربخات. دیارە لێرە مەبەست لە بزاڤی شار، ئەو سیاسەتە خۆبەدەستەوەدەرەی ڕیفۆرمخوازانی کورد نییە کە ئاستی داواکاری کورد بۆ ئاستی هاووڵاتی بوون و جێبەجێکردنی یاسای بنەڕەتیی ئێران دادەبەزێنن، بەڵکوو مەبەست لە بزاڤی شار، پێداگری لەسەر ئەو هێڵە فکریەیە کە دەیان ساڵە شاخ نوێنەرایەتیی دەکات و ئامانجی سەروەریی نەتەوەیی گەلی کوردە.

دوای سڕبوونی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزاڤی ڕزگاریخواز تا ڕادەیەک توانیی شوێن و فەزای شاریش بگرێتەوە، بەڵام لە هەست و نەستی سووژەی کورد کە هەڵگری دیسکۆرسی کوردایەتییە هەر ناوەندی خەبات شوێن/فەزای شاخ بوو. بۆیە شار هەوڵی دەدا سەر و ڕیش و جلوبەرگی وێکچوونی تەواوی بێت لە گەڵ شاخ. وێنای لە کوردی قارەمان، تەنیا لە شوێن/فەزای شاخدا بیچمی دەگرت. لە شوێن/فەزای شاخدا ڕوونی و ئاشکراییەک هەیە کە سووژەی هەڵگری کوردایەتی دەتوانێت بە ئاسانی خۆی دەربخات و چییەتیی خۆی نیشان بدات. بە پێچەوانەوە شوێن/فەزای شار یان شەقام کە دوای شۆڕشی چەکداری وەک ئامرازێکی تری خەبات هاتە کایەوە، شوێنی ئاشکرایی بوون نەبوو. سووژەی کوردی هەڵگری کوردایەتی نەیدەتوانی بە ئاشکرایی خۆی دەربخات، قسە بکات و .... هتد. بۆیە خەباتی شار دوای سڕبوونی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چووە قۆناغی خەباتی نهێنییەوە، واتە شار، تاریکیی(شەو) و نهێنی بوون ئامێتەی یەکدی بوون.

خەباتکارانی شار تەنیا بە نهێنی یان بە شەو دەیانتوانی وەک زمانی خەباتکارانی شاخ بپەیڤن و چالاکی بکەن. تەنیا بە نهێنی و خۆشاردنەوە دەکرا لەسەر دیواری بینایەکی ناو شار بنووسرێت: "پیرۆز بێت ٢ی ڕێبەندان ساڵ ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان." بۆیە دۆخی بندەستیی ئێمە لە خەباتی شاردا بە تەواوی نیشان نەدەدرا. خیابان کە شوێنی ئاشکرا بوون و تێکەڵاویە نەیدەتوانی بەرزەچڕی(بلندگو) دۆخی بندەستیی ئێمە بێت. لێرە خەباتی نهێنیی گەلی کورد وێکچوونێکی هەیە لەگەڵ یەکێک لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانێکی دۆستۆیۆفسکی بە ناوی "نووسراوە ژێر زەمینییەکان" ؛ مرۆڤێک کە کێشە و گرفتەکانی تەنیا لەگەڵ خۆی و لە ژێرزەوینێک باس دەکات و ناتوانێت حەز و خولیاکانی لە پانتایی گشتی بدرکێنێت. بەڵام دواجار لە خیابان وەک شوێنێک کە شوێنی بە یەکگەیشتنی هەموو چین و توێژەکانە، شوێنی جیاوازی و ئاشکرا بوونە، خۆی تاقی دەکاتەوە و بە شێوازی خۆی هەوڵ دەدا لە بەرامبەر کۆمەڵگای کاستیی ڕووسیا ڕابوەستێت.

واتە لە دۆخی ژێر زەوییبوونیەوە دێتە پانتایی گشتییەوە ئەویش تەنیا بەبۆنەی شەقام وەک شوێنی بەریەککەوتن و بەیەک گەیشتنی جیاوازی و تەنانەت بەریەککەوتنی گوتاری سەردەست و بندەست. کەواتە خیابان ئەو شوێنەیە کە بندەستەکان بە پێچەوانەی لۆژیکی دەسەڵات کە ساڵانێکە ئەوانی شاردووەتەوە نیشان دەدات. خیابان بیاڤی ئاشکرایی و دەنگهەڵبڕینە.

لە ساڵانی ڕابردوودا لە چەند خۆپیشاندانێدا مژدەی سەرهەڵدانی خیابان وەک شوێن/فەزایەکی ئاشکرای خەبات دەبینرێت، کە دوایین خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر ڕووداوی شەهید بوونی ژینا ئەمینی لووتکەی ئەم سەرهەڵدانەیە. واتە چی دیکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەریکە پێ دەنێینە ناو قۆناغێکی تر لە خەباتی شار واتە لە نهێنی بوونەوە بۆ ئاشکرا بوون، کە ئەمە لە پرسی زارای نیشتمانیشدا دەبینرێت کە زارا بە ئاشکرا خاوەنداریەتی لە ویست و ئامانجەکانی کوردایەتیی دەکات.

ئەگەر لە ڕۆمانەکەی دۆستۆیۆفسکی خیابان دەبێتە ئامرازێک تا بندەست ڕووبەڕووی کۆمەڵگای کاستیی ڕووسیا ببێتەوە و ئەگەر لە کوردستاندا شوێن/فەزای "شاخ" بە شێوازی ئاشکرا دەبێتە شوێنی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ستەمی نەتەوایەتی و کلۆنیالیسم، ئەوە لە قوناغی نوێدا بزاڤی نەتەوەیی شوێن/فەزایەکی تریش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخی بندەستی خۆی واتە "خیابان" چێ دەکات و خیابان شوێنی ئاشکرایی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتە، بۆیە کاتێک خیابان لە کوردستاندا دروشمی: "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانی دەدا" یان کاتێک دروشمی "بژی بژی کوردستان دەدا" ئەوە ڕێک بەرەوڕووبوونەوەی ئاشکرا لەگەڵ لۆژیکی دەسەڵاتی سەردەست بە پۆزێسیون و ئۆپۆزیسیۆنە کە سەد ساڵە گێڕانەوەیەکی خەیاڵی و ئەزلی و ئەبەدی هەیە لە نەتەوەی ئێران.

بەدەر لەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە چ ئاکامێکیان دەبێت، شوێن/فەزای شەقام مژدەی سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدا کە چیدیکە نایهەوێ بە نهێنی بەرەنگاری دۆخی بندەستیی خۆی ببێتەوە و بە ئاشکرا و لە ڕێگای شەقامەوە دژی بندەستی و لۆژیکی کۆلۆنیالیستی نەتەوەی سەردەست و حاکمەکانی دەبێتەوە.

تێبینی: هیچ دژایەتییەک لە نێوان شاخ و خیاباندا لە ئارادا نییە، ئەوەی گرنگە سەرهەڵدانی فەزایەکی ترە بۆ ئەکت و کردەوەی شۆڕشگێڕانە، ئەگەر پێشتر تەنیا شاخ بوو لە ئێستا بەدواوە شەقامیش دێتە ڕیزی شاخەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا — ڕێکەوتی: ٨ی ڕەزبەڕی ٢٧٢٢ = ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢**

---

## نەوەی تازە لەئێران، ئەمرو نەهییەکانی دەسەڵات



**جەعفەر عەلی**

**ساڵانێکە لە ئێران، نەوەیەک پێگەیشتووە بە ئاسانی ملکەچی ئەمرو نەهییەکانی میراتی فیکری (خومەینی) و، مورشیدی باڵا (عەلی خامەنەئی) و دەزگا سەرکوتکەرەکانی سیستەمی مەلاکانی ئەو وڵاتە نابن. سیستەمێک لەسەر بنەمای فەندەمێنتاڵیزمی مەزهەبی، خەریکی سەندنەوەی مافی ژیان و ئازادی لە ئینسان و تەلبەندکردنی عەقڵی ئینسانەکان، جۆری پۆشین، زمانی قسەکردن و تەنانەت ناردنەدەرەوە و سەپاندنی ئایدیۆلۆژیا و باوەڕ و دینیشە.**

**مەرگی ژینا سەرەتای ئیلهامی نارەزایەتییەکانی ئێستای ئێرانە. تەنیا دوای تێپەڕبوونی شەو و ڕۆژێک بەسەر مەرگی ئەودا، ئەم کچە کوردە گەنجە لە ناوێکی نەناسراوەوە، لای نزیکەی تەواوی ئێرانییەکان، بوو بە ناوێکی بیستراو و ناسراو، لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمیشدا، بوو بە سیمبولی بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاری و دەسەڵاتی سەرکوتکەری مەلاکانی ئێران لەتەواوی دونیادا.**

**وەستانەوە دژ بەکۆنترۆڵی ئازادی ئینسان، لە ناویشیاندا ئازادی هەڵبژاردن و جۆری پۆشین، لە ژێر دەسەڵاتی ئایەتوڵلاکاندا، بابەتێکی تازەی کۆمەڵگە و شەقامی ئێرانی نییە. لە سەرەتای دەسەڵاتیانداو دوای ٢٥ ڕۆژ لە دەرکەوتنی ئایەتوڵلا خومەینی بە سیفەتی حاکمی نوێی وڵات، واتە لە مارسی ١٩٧٩دا، وێڕای کۆت و بەندی مەلاکان و دەزگاکانی پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی و دینی، سەدان هەزار ژن لە تاران دژ بە سەپاندنی (حیجاب) و یەکڕەنگکردنی پۆشین گردبوونەوەیان ئەنجامدا. لەو کاتەوە بۆ ئێستا، ئێران ڕووبەڕووی دەیان خۆپیشاندان و نارەزایەتی جۆراوجۆر بووەتەوە، سەرجەمی ئەو نارەزایەتیانەش بە ڕێگەیەکی وەحشیانە لە گۆڕەپان و زانکۆ و شەقامەکاندا سەرکوت و خەفەکراون، بەڵام لە ناوەوەی مرۆڤەکاندا گەورە و زیندوو ماون. هیچ کاتێک سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان لە دەرەوە و لە شەقامەکان، مانای کۆتاییهێنان بەو ڕۆحی یاخیبوون و نارەزایەتییە قوڵە نەبووە، کە لە ناوەوەی کەرتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیدا بوونی هەیە. مانەوە و زیندوویی ئەم ڕۆحی یاخیبوون و نارەزایەتییە، ڕۆژ بە ڕۆژ کەڵەکەبوون و گەورەتربوونی، وایکردووە لە هەر چرکەساتێکدا و لە ئەگەری ڕوودانی هەر ڕووداوێکدا، چەندیش لۆکاڵی و بچووک بێت، چاوەڕوانی کەوتنەوەی ڕووادوی جەماوەری گەورەی لێبکرێت.**

**ئامانجی سەرەتای دەسەڵاتی مەلاکان، لەسەرزوویانەوە مورشیدە باڵاکەیان، خومەینی، بریتیبوو لە پاراستنی سیستەمەکە و چەسپاندنی، کە خومەینی ناوینابوو (پێویستترین ئەرک). بۆ ئەم مەبەستەش هەنگاوی پێویستیان هەڵێنا و بەشێکی گەورە**

له داهاتی وڵاتەکەیان خستە خزمەتی بونیادنانی هێزە چەکدار و ئەمنییەکان، دەیان تۆڕ و دامەزراوەیـان لەژێـر نـاوی جیـا جیا له ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا دامەزراند.

نەتەنیا لە ناوەوە، لە دەرەوەی وڵاتیش دامودەزگای زانیاری و ئەمنی دروستکرابوو، کە هەزاران ئێرانی دانیشتووی ئەورووپـا و ئەمریکـای لەخـۆدەگرت، ئەوانە بە خۆشـگوزەرانییەوە ژیانیـان دەکـرد و بەرگریـان لە دەسـەڵاتی سیاسـی - دینـی و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات دەکرد. بەڵام کۆی ئەو ڕێوشوێن و میلیتـاریزەکردنەی کـۆمەڵگە و دەزگـا جیـاوازانە نەیـانتوانی نـزیکەی لە (٣٠%)ی زیـاتری دەنگـی دەنگـدەران بـۆ پـاڵێوراوی پشـتگیریکراو (ئیبـراهیم ڕەئیسـی)، لەلایەن مورشیدی بـاڵا، لە دوا هەڵبژاردنـی سـەرۆککۆماردا، مسـۆگەر بکـات، ئەمە لەلایەک، لەلایەکـی دیـکەوە، تەواوی خەرجییە زۆرەکانی ئێران بۆ پاراستنی دەسەڵاتی مەلاکان و دامەزراوە تـایبەت و سـەرکوتکەرەکانی، هێـزی ئەوەیـان نەبـووە، پێش بە دەنگی ئەو نارەزایەتییە بگرن کە لە ناوەوەی کۆمەڵگەی ئێرانیدا زیاد لە چل ساڵە قوڵپ دەدات.

دەنگی ئەم نەوە تـازەیە، پڕیەتی لە وزەی تـازە و ژیانی نوێ، دەنگی نەوەیەکە چیتـر ئـامادەیی گـوێگرتن لە پیرۆزییەکـانی گوتـاری ژێـر شـاقەلی عەبـای ئایەتوڵڵاکـان و نۆشکردنی ژەهـری ئایـدیۆلۆژیای تـاریکی عەمامە بەسەرەکانی تـارانی نییە. ئەوان نەوەی ڕۆژگاری تەکنۆلۆژیا و تـۆڕی پەیوەنـدی نـوێ و ئـامێرە زیرەکـانن، بەشێکی گەورەیـان منـداڵی کۆتـایی سەدەی ڕابردوو و سەرەتـای ئەم سەدەیەن. ئەم نەوە نـوێیە، جوڵەیـان، پەیوەنـدی کۆمەڵایەتیـان، ڕوانینیـان بـۆ ژیـان، بـۆ ئـازادی تـاک، تەنـانەت ئیمان و باوەڕیشیان، هەمان دیدی هێڵی فیکری فەندەمێنتاڵیزمی مەزهەبی و پیرۆزییەکانی مورشیدی بـاڵای قۆنـاغی شـۆڕش نییە، بـۆیە نە چیرۆکەکـانی شـۆڕش و نە حیکایەتەکـانی مێـژوو نـاتوانن تێریـان بـکەن و وەڵام بە پێداویستییە ژیانییەکانیان بدەنەوە. ئەم نەوەیە دەنگێکی جیـاوازترن لە ڕەنـگ و دەنگەکـانی سەردەمی کۆتـایی حەفتاکـانی سەدەی ڕابـردوو، سـاڵانی شۆڕش و چیرۆکەکـانی پیـرۆزی و سیحری بەتـاڵی شۆڕشگێڕان، تـایبەت کە ئەم چیرۆکـانە هێـزی ئەوەیان نابێت نەک بچووکترین هیوای ئەوان بێنێتەدی، بەڵکو ماوەی چل ساڵیشە لەسەر کوشتنی خەون و هیـوای گەنجـانی ئەم وڵاتە دەژی و خواست و ژیان و ئازادیان لێدەگۆڕێت بە تاریکی و دۆزەخ.

بەکـورتی ئەم نەوە نـوێیە چیتـر بەوە ڕازی نییە تـا مـردن بە خەیـاڵی گوتـاری فریـودەرانەی ئایەتوڵڵاکـان درێـژە بە ژیـان بدات، بۆیە لە هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی دیکە زیاتر و لە هەر شتێکی دیکەیش زیاتر ئارەزووی ڕزگاربوون و دەرچوون لەم تونێڵە تاریکە، کۆت و بەنـدی کـۆمەڵگەی داخراو و، هەمانکـات کرانەوە بەسەر ژیـان و مـاف و ئـازادی تـاکدا دەکـات. ئەم دەنگە تـازەیە، هێزی نەوەیەکە، دەخوازێت وەک مرۆڤ ددانی پێدابنرێت، ڕێزی بگیرێت و ئازاد بژی.

تا ڕێگرییەکانی سیستەم لەبەردەم ئەم ڕۆحی کرانەوە و ئازادییەدا گەورەترین، ڕۆحی یاخیبوون و نارەزایەتیش لە ناوەوەی مرۆڤەکاندا فراوانتر دەبێت، بەجۆرێک ڕووبەری فراوانی یاخیبوونی ناوەکی، تەنیا ڕووداوێکی لە گۆشەیەکی بچووکی وڵاتدا بەسە، تا سەرانسەری گۆشەکانی دیکەی وڵات بکاتە شانۆی نارەزایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکاری و تاریکی و داخران. ئەوەی ئێستا لە ئێران ڕوودەدات، تەقینەوەی ئەم ڕۆحی یاخیبوونەیە بە ڕووی سیستەمی سەپاندن و کۆنترۆڵی فەندەمێنتالیزمی مەزهەبی مەلا و ئایەتوڵڵاکانی تاران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپریس – ڕێکەوتی: ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## ئایا دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دەگۆڕدرێت؟



**ئەهرۆ زاگرۆس**

دوای دوو هەفتە لە کوژرانی ژینا ئەمینی، کچێکی کوردی تەمەن ٢٢ ساڵە، کە لە تاران لەژێر ئەشکەنجەی پۆلیسی بەناو "ئەخلاقی"یەوە گیانی لەدەست دا، نارەزایییەکانی خەڵک و تووڕەیی ئێرانییەکان، ڕۆژانە ڕوو لەزیادبوونن. دروشمەکان لە "ژن ژیان ئازادی"ەوە هاتە سەر "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" کە ئێستا لە هەموو کۆبوونەوە جەماوەرییەکان و ڕووبەڕووبوونەوە خوێناوییەکانی کووچە و خیابانەکانی شار و شارۆچکەکانی ئێراندا دەبیسترێن. نارەزایی خەڵک سەرتاپای ئێرانی تەنیوە، بەهۆی نەبوونی داتایەکی باوەڕپێکراوەوە، تا ئێستا ژمارەی کوژراو و گیراو و بریندارەکان نازانرێت، بەڵام ژمارەکان ڕۆژانە لە هەڵکشاندان.

پاش ٤٣ ساڵ بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، ئێستا سیستەمە سیاسییەکەی ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووەتەوە، بەڵام چاودێران نارەزایییەکانی ئەمجارە بە مەترسیدارتر بۆ سەر ئەو سیستەمە و جیاواز لەوانەی ڕابردوودا، دەبینن، ئاخر پێشتر چەندین خۆپیشاندانی جەماوەری سەریان هەڵداوە و سوپا و دەسەڵات توانیویانە کۆنترۆڵیان بکەن، بەڵام تەنیا ئەمجارەیان لای چاودێران و زۆر لە میدیا کاریگەرەکانی دونیا، باس لە نزیکبوونەوە لە کۆتاییهاتنی ئەو سیستەمەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکرێت. ئایا نارەزایی ئێستا (یان ڕاپەڕین)ی ژینا ئەمینی، دەبێتە هۆکاری ڕووخانی؟ ئەم نووسینە کورتەوەڵامی ئەو پرسیارە، لە پەراوێزی خۆپیشاندانەکانی دیکەی ئێران دەداتەوە.
لە ماوەی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ١٩٧٩ تا مەرگی ژینا ئەمینی، ئەو سیستەمەی ئێران هەرگیز دۆخێکی ئاوها کاریگەری ناوخۆیی لەسەر خۆی نەبینیوە. پشێوی بە ڕەنگ و سیمای پاسداران و دەسەڵاتی سیاسی و ئەمنیی حکوومەتەوە دیارە.

تا ئێستا، چەندین ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی جەماوەری لە ئێران ڕوویان داوە. شەش خۆپیشاندانی مەزنی جەماوەری و سەرتاپایی لە ئێران لەنێوان ١٩٧٩ تا ٢٠٢٠ سەریان هەڵداوە. لە ساڵی ١٩٩٩، کاتێک قوتابییە نارازییەکانی زانکۆی تاران بەرامبەر نەبوونی دیموکراسی و دادپەروەریی لە ئێران دەنگیان هەڵبڕی، بۆ ماوەی شەش ڕۆژ توانیان سنوورێک بشکێنن کە بۆ یەکەمین جار بوو دروشمی دژ بە دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و ئەمنیی ئێران بەرز بکەنەوە. ئەم خۆپیشاندانە کە ١٠ هەزار کەس تێیدا بەشدار بوو، بووە هەوێنی خۆپیشاندان و نارەزایی بۆ داهاتوو.

لە ٢٠٠٩، دە ساڵ دوای خۆپیشاندانەکانی قوتابییانی زانکۆی تاران، خۆپیشاندانی "جوڵەی سەوز" بە بانگەشەی ئەوەی کە فێڵ و گزی لە هەڵبژاردندا کراوە، هەروەها لە دژی دەسەڵات و هەڵبژاردنی سەرۆک ئەحمەدی نەژاد، بەرپا بوو.

دروشمی "کوا دەنگی من؟" بۆ ماوەی شەش مانگ زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە. خۆپیشاندەران داوای ماف و ئازادی و دیموکراسییان دەکرد. لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا، کە درێژترین تەمەنی خۆپیشاندانی لە مێژووی ئێرانی دوای شۆڕشی ئیسلامییدا هەبووە، بەپێی ئامارەکانی تاران، زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس ڕژانە سەر کووچە و کۆڵانەکان و نزیکەی ١٠ کەس کوژران و ٤ هەزار کەسیش زیندانی کران.

لە ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، جارێکی دیکە خەڵکی ئێران لە دژی بەرزبوونەوەی نرخی خواردن و کەلوپەل و خەرجییەکان، خۆپیشاندانی جەماوەرییان ڕێک خست و بۆ ماوەی دوو هەفتە، سەرەتا لە مەشهەد، دواتر لە نزیکەی ١٤٠ شار و شارۆچکەی ئێران نارەزایی درێژەی کێشا. دروشمەکانی خۆپیشاندەرەکان بریتی بوون لە "نا بۆ غەزە، نا بۆ لبنان، بەڵێ بۆ ژیان لە ئێران" و "سووریا جێ بهێڵن و بیر لە ئێمە بکەنەوە" و "مەرگ بۆ دیکتاتۆر". لەو خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەدا، نزیکەی ٢٢ کەس کوژران و زیاتر لە ٣٧٠٠ کەس زیندانی کران. دوای دوو هەفتە، خۆپیشاندان دامکرایەوە و ژیان ئاسایی بووەوە.

لە ١٥ی نۆڤێمبەری ٢٠١٩، یەکێک لە گەورەترین و خوێناویترین خۆپیشاندانەکان سەری هەڵدایەوە. دوابەدوای بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین بە ڕێژەی لە سەدا ٣٠٠، نارەزایی خەڵک هەموو شوێنێکی ئێرانی گرتەوە. سەرەتای خۆپیشاندان لە خوزستان (لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران) دەستی پێکرد و دواتر لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ئێران بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام بوو. ئامارە فەرمییەکانی ئێران دانیان نا بە کوشتنی ٣٠٤ کەسدا، بەڵام چاودێران پێیان وابوو نزیکەی ١٠٠٠ کەس گیانیان لەدەست داوە.

لە ١١ی مانگی یەکی ٢٠٢٠، لە تۆڵەی کوژرانی قاسم سولەیمانی، دوای ئەوەی ئێران هەرێمی کوردستانی مووشەکباران کرد و هێزی بەرگریی ئاسمانیی ئێرانیش فڕۆکەیەکی سەرنشینی ئۆکراینیایان لە ئاسمانی وڵاتەکەیاندا خستە خوارەوە، کە لە ئەنجامدا هەموو سەرنشینەکان گیانیان لەدەست دا. لە بەرامبەر ئەو کارەساتە و گیان لەدەستدانی ١٧٦ سەرنشینی نەتەوەی جیاواز لەناو فڕۆکە ئۆکراینییەکەدا، نارەزایی بۆ چوار ڕۆژ هەموو شارە گەورەکانی ئێرانی گرتەوە. نزیکەی ٢٠ زانکۆی ئێران و سەنتەری شارە گەورەکان بوونە سەکۆی نارەزاییەکان، وێنەی قاسم سولەیمانی و بەرپرسە باڵاکانی وڵات لە زۆر شوێندا سووتێندران.

جگە لەم خۆپیشاندانە گەورانە، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، چەندین نارەزایی لۆکاڵی لە شوێنە جیاجیاکاندا سەریان هەڵداوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت، ڕقی خەڵک هەرگیز وەکوو ئێستا نەبووە، بە ئەندازەیەک کە هێزە ئەمنیەکانی ئێران تا ئێستا نەیانتوانیوە بە ئاسانی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن.

بۆ یەکەمین جارە، لە ناوەندەکانی خوێندن و لەسەر ئاستی نوخبەی ڕۆشنبیریی ئێرانی، هەروەها زانیارییە نهێنییەکانی دەزگا هەواڵگرییەکانی جیهان، باس لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەکرێت. ئایا کۆماری ئیسلامی لە کۆتایی نزیک بووەتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە سەختە، بەڵام ئێستا چەند سیناریۆیەکی چاوەڕوانکراو هاتوونەتە پێشەوە: یەکێکیان دامرکانەوەی نارەزایەتییەکانە، وەکوو جارانی پێشوو، یەکێکی دیکە لە سیناریۆکان، سەرکەوتنی خۆپیشاندان و ئینقیلابێکی نوێ و ڕووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام تا چەند ئەم ئەگەرانە واقیعیین؟ لە خوارەوە باسیان دەکەین:

١- دامرکاندنەوەی خۆپیشاندان: لەبەرئەوەی ئەم خۆپیشاندانەی ئێستا وەکوو جارانی پێشوو لە لایەن دەسەڵاتێکی ناوخۆیی بەهێزەوە سەرکردایەتی ناکرێن، ئەگەری خاوبوونەوە و دامرکانەوەی هەیە. لە لایەکی دیکەوە، تا ئێستا هیچ هێزێکی هەرێمی و جیهانی پاڵپشتیی خۆیان بۆ خەڵکی ئێران و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەرنەبڕیوە. ئەمەش، هۆکارێکی دیکەیە کە دەسەڵات دەتوانێت خۆپیشاندانەکان کۆنترۆڵ بکاتەوە. خۆپەشاندەران جگە لە قژبڕین و دەنگ هەڵبڕین و لەچک فڕێدان، هیچ چەکێکی دیکەیان لە بەرامبەر هێزە ئەمنیەکان بەدەستەوە نییە تا پێگەی سوپا و هەرەمی دەسەڵاتەکەی لەق بکەن.

٢- سەرکەوتنی خۆپیشاندان: لەبەرئەوەی تووڕەیی ئێرانییەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە لوتکە، هەروەها لە بەرامبەر ئەو نەدارییەی بەرۆکی ئێرانییەکانی گرتووە، گڕی ئەم خۆپیشاندانە بە ئاسانی خامۆش ناکرێت. ئەگەر لە ڕابردوودا نەبوونی سەرکردایەتیی خۆپیشاندانەکان خاڵی لاواز بووە، ئەمجارەیان بووەتە بازنەیەکی بەهێز کە تێیدا هەموو نەتەوە جیاوازەکانی ئێران و سێکولار و کەسە ئایینییەکان و ڕەگەز و تەمەن جیاوازەکانی لەخۆدا گرتووە. ئەگەر خۆپیشاندانەکانی (ژینا ئەمینی)یش دامرکێتەوە، لە بەردەوامیی ئەو دۆخە ناجێگیر و برسییەتی و بێکاری و ناداد پەروەرییەی ئێران، سەرەتای شۆڕش و ئینقیلابێکی گشتگیر لە داهاتوودا چاوەڕوانی ئێرانییەکانە. مێژووی ئێران لە کۆن و ئێستادا پڕە لە سەرهەڵدان و کودەتا و گۆڕینی ڕژێم لە ئەنجامی خۆپیشاندانەوە. شۆڕشی کۆماری ئیسلامی دژی ڕژێمی شا لە ١٩٧٩ دوابەدوای چەندین خۆپیشاندانی جەماوەرییەوە سەری گرت.

پشێویی کۆماری ئیسلامی لە چەندین لاوە دەبیندرێت، یەکێک لەوانە، مووشەکبارانی هەرێمی کوردستان و هۆشداری بۆ هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانە لە هەرێمی کوردستان. بەمەش دەیانەوێت، چەند ئامانجێک بپێکن بۆ بەلاڕێدابردنی سەرهەڵدان و خۆپیشاندانەکان. لەسەر ئاستی ناوخۆ، ئێران دەیەوێت خۆپیشاندانەکان بە "دەستی دەرەکی" ناودێر بکات بۆ ئەوەی قەناعەت بە هێزە ناوخۆییەکانی بکات بۆ بەکارهێنانی زەبروزەنگ. لەسەر ئاستی دەرەوەش، دەیەوێت ڕێگری لە هاتنەناوەوەی هێزی چەکداری بکات. بۆ یەکەمین جارە، هەندێک لە بەرپرسە سەربازییەکان و دادوەران و سیاسییەکان،

ناڕەزایی لە دژی دەسەڵاتی باڵا بەرز دەکەنەوە و باوەڕ بە پاساوەکانی ناکەن. ئەوەی جێگای سەرنجە، خۆپیشاندانەکان تووڕەیی خەڵکە نەک تەنیا لەو زوڵمەی لە ژینا ئەمینی کراوە، بەڵکوو لە سیستەمێکی تۆتالیتاری، کە چەندین ساڵە لە ڕێگای ترس و ئەشکەنجەوە ناڕەزایی خەڵک دادەمرکێنێتەوە. ئەگەر خۆپیشاندانەکان بەو ئاستە جەماوەری و گشتگیرییەوە بەردەوام بن، لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەنجامەکان روونتر دەبنەوە.

لە ڕابردوودا، دەسەڵاتی تاران وەکوو کەسێکی گەنجی باڵادەست و بەهێز وابوو کە دەیتوانی دەنگی ناڕەزایی خۆپیشاندانەکان کپ بکاتەوە و لەمپەری پۆڵایین لەبەردەم ڕاپەڕین دابڕێژێت. ئێستا، ئەو گەنجە پیر بووە و وەکوو کەسێکی بەساڵاچووی گۆچان بەدەستە، گەرووی نووساوە و گوێچکەکانی بەئاسانی دەنگ نابیستن. وەکوو پیرەمێردێک وایە کە لەسەر لێواری مردنە. ئەگەر ئێستاش بە توانای دکتۆرەکان و هێزی دەستکرد و ئۆکسجینی نەخۆشخانەکان هەناسەی پێبدرێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا یان دەبێت خۆی بگۆڕێت و جێگرەوەیەک بۆ خۆی دابنێت کە لە لایەن خەڵکەوە قبووڵکراو بێت، یان پەتای مەرگ ئێخەی دەگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز – ڕێکەوتی: ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## ڕووخان یان تێکچوونی ئێران بە مانای دروستبوونی وڵاتی کوردستان دێت؟



سوپا شاکەلی

دەتوانرێت هەرچی خراپە و خراپەکارییەک بەسەر ئەم نەتەوەی کوردەدا دێت، بخەینە ئەستۆی جیۆگرافیاکەمان کە هەموو کایە و گۆڕانکاری و جووڵانەوەکان ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە و تەنانەت هەندێ جار وا دەکات دەستکەوتەکان وەک سوودی بۆ داگیرکەریش دەبینرێت و زیانەکانیش بۆ نەتەوەی بەشمەینەت.

لە هەر پارچەیەکی ئەم نیشتمانە ئازارێک هەبێت، بەبێ جیاوازی لەناو کوردەکاندا ئازارێکی گشتگیرە و هەمووشمان دەستەوەستانین لە ئاستی ستەم و ستەمکارانمان، هێندە بەهێز و کاریگەرن بە شێوەیەک ئەگەر ئێمە بەهێزیین ئەوان بەهێزتر دەکەین، بە نموونەیش باشووری ئەم نیشتمانە و بابەتی ئابووری سەربەخۆ، کە بە سوودی باشوور بوو لە دژی نەیارانی لە حکوومەتی ناوەند، کەچی نەفرەتی جیۆگرافیا وایکردووە وڵاتی داگیرکەری تورکیاش سوودی لێ ببینێت و دەیان نموونەی تر.

هەر ئەمەش نا، ئەم جیۆگرافیا نەفرەتییە کۆمەڵێک نموونەی بێ مانا و بێ بنەمای خزاندووەتە ناو کولتوورمانەوە کە بەتەواوی لە ئێمە جوودان و زۆر جاران هەست بە نامۆیی خۆشمان دەکەین، وەک پراکتیزە دینی و تەقلیدەکان کە تەواو نامۆن بە نەتەوەی کورد و پارێزگاریشیان لێ دەکرێت، لەلایەن خەڵکانێکی بەرژەوەندیخواز لە ناو خۆماندا کە لە بنەمادا نان و ئاوەکەیان لە دەست دوژمنانی ئەم نەتەوەیەدایە، هەربۆیە بە ناچاری دەبێت ئەڵقە لە گوێ بن و بە ڕاست و چەپدا بیانەوێت هەوڵەکان و نارەزاییەکان لە هەر شوێنێکی ئەم نیشتمانە بێت، بێ نرخ و بێ بەها بکەن.
لە ڕووداوێکدا کە لە بنەمادا تەواو ئاینی دیارە، بە زۆر سەپاندنی سەرپۆش و ڕووپۆش بووە، کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەم بابەتە بڕیارێکی زۆر تاکەکەسییە و هیچ پێوەندی بە کۆمەڵگەوە نییە، کەچی مێیینەیەکی کورد بە ئامانج گیرا و ڕووبەڕووی نەیارانی ئازادی تاکەکەس بوویەوە و لە ئەنجامدا بە گیان لە دەستدانی کۆتایی هات، بەڵام توانی وەک ئاگری ناو کایەن گڕ لە کۆمەڵگەی ئێرانی فرە نەتەوە و بەتایبەتیش کورد، وەربدات.

ئەم ڕووداوە بە جۆرێک گرنگە کە لای جیهانی دەرەوە ڕوون دەبێتەوە کۆمەڵگەی کورد هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ لە بابەتی ڕەگەزدا ناکات و سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و پلانانەی جێبەجێ کراون دژی میللەتەکەمان بۆ دامرکاندنەوە و خەفەکردن و بە لاڕێدابردنی پرسی کورد و شێواندنمان لە هەموو بوارەکان و سەپاندنی بیری پیاوسالاری بە تایبەت، کە ئەمەش هەر نامۆییەو لەناو کورددا لە ڕەچەڵەکدا نەبووە و ڕوونە کە کولتوورێکی سەپێنراوە.

لەم نێوەندەدا و لەم بەرهەڵستی و هەڵوێست و ملنەدانە پڕ شانازی و نەتەوەیی و مرۆڤانەدا، خەڵکانێک لەناو خۆمانەوە وەختە ئەم بەگژداچوونەوەی تاریکپەرستی و دژە مرۆڤایەتییە، لە سووتاندنی پارچە پەڕۆیەکدا بچووک بکەنەوە و پرسە

گرنگ و چارەنووسسازەکە بە لارێدا ببەن. لە کاتێکدا پێویستبوو زیاتر چاوەکان لەسەر مافە نەتەوەی و کوردایەتییەکە بێت و شیکردنەوەکان ئەوەیان لێ هەڵێنجرایە کە ئەم پرسە تەنیا پرسێک نییە سەبارەت بە بەرهەڵستکارییەکی ئاینی و مەزەوی، لە ڕاستیدا ئەم هەڵوێستانە بۆ بەرپەرچدانەوەی فکری خەفەکردن و ملنەدانە بۆ داگیرکەر، لە هەموویشی جوانتر، مێیینەیەک ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات و ببێتە سەرمەشق، وەک چۆن لەناو کورددا هیچ کات جیاوازی ڕەگەزیی نەکراوە، بەڵکو زۆر ڕۆڵی گرنگ و هەستیار بە ڕەگەزی مێ دراوە و هەمووان بەبێ جیاوازی قبووڵیان بووە. لە ئەنجامیشدا ئەوەی ڕوونە تا ئێستە، ئەوەیە کە نەتوانرا ئەم ناڕەزایانە وەک هەوڵێک بۆ دژایەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وێنا بکرێت.

وەک لە سەرەتدادا ڕوونم کردەوە، وڵاتانی داگیرکار هیچ کات درێغی ناکەن لە دەستبردن بۆ هەر شێوازێکی نەشیاو دژ بە نەتەوەی داگیرکراو، بۆ کۆنترۆڵکردنی. وڵاتی ئێرانیش یەکێکە لە لێزانترین ئەو وڵاتانە لەم بوارەدا، بەو پێیەی خاوەن چەندان نەتەوەی جیاوازە و توانراوە کۆنترۆڵی زۆرینەی نەتەوەکان بکرێت بەم شێوازە لە سیاسەتکردن و هەموو ناڕەزاییەکان لە نێوان نەتەوە جیاوازەکان لێکدراوەتەوە و خۆ بەخۆ توانیویەتی هەمووان ژێردەستە بکات.

یەکێک لە خاسیەتە گرنگەکانی ناڕەزاییەتیەکانی ئەمجارە و ئەم دواییە، بریتییە لە کۆدەنگییەک لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئێراندا و هەمووان پشتیوان و هاوڕان کە حکوومەتی ئێستەی ئێران حکوومەتێکی خۆسەپێن و توندڕۆیە و هیچ مەودایەک بۆ ئازادی تاکەکەسی نەماوە و هەموو هەوڵێکی ئازادی بە ناوی دژایەتی ئێران و ئاین و پێکەوەژیانی هاوبەش، ناو دەبات و بە زەبری ئاگر و ئاسن خەفە دەکرێت.

### بۆردوومانەکان بۆ؟

لە درێژەی ئەم ناڕەزایانەدا، ئێران پێی باشە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بورووژێنێت، بە لێدان لە پارتە سیاسی و سەربازییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە ناوخۆی هەرێمدا. ڕاستییەکەی سەرکردایەتی سیاسی کورد لەم قۆناغەدا زۆر بە وریاییەوە تەماشا دەکەن و نایانەوێت و ناشبێت ببنە بەشێک لە ناڕەزاییەتییەکان، چونکە لە ئەنجامدا ناڕەزاییەتیەکان دەبنە ناڕەزایی کوردانی جووداخواز لە ناوخۆی ئێراندا و ئەمەش لەم ساتەدا خەونی وڵاتی ئێرانە. هەربۆیە دەتوانین بڵێین بۆردمانەکان بۆ سەر پارتە کوردییەکان لە باشوور، نیشانەی لاوازی دەوڵەتی ئێرانە نەک بەهێزی لەم ساتەدا جیاواز لە هەموو ساتەکانی دی، چونکە حکوومەتی ئێران دەیەوێت پارتە سیاسییە کوردییەکان پەلکێش بکاتە ناو ناڕەزاییەتیەکانەوە و بەهەر شێوازێک بووە بیگۆڕێ بۆ ململانێی نەتەوەی و کوردانە وێنای بکات، بۆیە بێدەنگی لەم جۆرە ڕەفتارانە ژیرانە و سیاسییانەترە لەم سەروەختەدا و پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بێدەنگی هەڵبژێرێت لە وەها ساتێکدا.

### هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکان لەمەڕ ناڕەزاییەتییەکان چین؟

وەک ڕوونە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێوەندییەکان بە ئاڵۆزییەکی یەکجار قووڵدا تێپەڕ دەبن و زۆر ئاستەمە هیچکام لە زلهێزەکان بتوانن ڕاستەوخۆ بڕیار لەسەر ڕووخان یان مانەوەی وڵاتێکی وەک ئێران بدەن لەم ساتەدا. چونکە ئێران خاوەن جیۆگرافیایەکی زۆر گرنگ و چەندان نەتەوەی زۆر بەهێز و دانیشتووانێکی زۆر زەبەلاحی هەیە و ڕاگری هاوسەنگییە لە نێوان وڵاتانی دەوروبەردا، ئایا ڕووخانی دەوڵەتی ئێران لە بەرژەوەندی کێ و لە زیانی کێدایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئێستە زۆر ناڕوونە و ناتوانین هیچ بڕیارێکی لەسەر بدەین، دەبێت بە ناچاری چاوەڕوانی داهاتوو ببین.

### بابەتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و ڕووخانی دەوڵەتی ئێران:

ئێستە کورد خاوەنداریێتی پێگەیەکی بەهێز دەکات لە ناوخۆی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دەتوانین بە شێوازێکی تر بڵێین کورد ئامادەیە بۆ هەر جۆرە گۆڕانکارییەک کە لە ناوچەکەدا بکرێت و بە سوود و قازانجی پرسی کورددا بشکێتەوە. ئەم ناوەندەدا، پرسیارە هەستیار و گرنگەکە ئەوەیە لە ئەگەری ڕووخانی دەوڵەتی ئێران، کورد وەک نەتەوە دەتوانێت چی بەدەست بهێنێت؟

وەک ڕوونە لە پێشتر و ئێستەیشدا، باشوور و ڕۆژئاوای نیشتمان توانیویانە نیمچە سەربەخۆییەک بەدەست بێنن، لە کاتێکدا لەژێر گوشارێکی زۆر گەورەی هەرێمی و ناوچەیدان، بەڵام توانراوە بە بەهێزی بمێننەوە.

لە ئەگەری ڕووخانی دەوڵەتی ئێراندا، نەتەوەی کورد دەتوانێت و ئامادەیە بۆ یەکگرتن و دروستبوونی دەوڵەتێکی بەهێز و هیچکام لە وڵاتانی دەوروبەر ناتوانن ببنە ڕێگر و خەونی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی لە خەیاڵەوە ڕاستەوخۆ دەبێتە ڕاستی.

وڵاتی داگیرکەری تورکیا لەم نێوەندەدا دەمێنێتەوە و بە دڵنیایەوە هەنگاوەکانی دەکرێت توند و کاریگەر بن دژی کورد، بەڵام لە کۆتاییدا ناتوانێت ڕێگر بێت لە پێش وەها ڕووداوێک. بە ئەگەرێکی زۆرەوە شەڕێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان نەتەوەی کورد و دەوڵەتی تورک دروست دەبێت کە ڕەنگە ساڵانێک بخایەنێت و بۆ کورد ئەم شەڕە حەتمی و چارەنووسساز دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

# نە شۆڕش کۆتایی دێو نە بۆردومانەکان



**سۆزان حەمەتاتە**

ئەوەی ڕۆژی چوارشەممە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردی بەرامبەر حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەهەرێمی کوردستان نیشتەجێن، جگەلەوەی لەدەرەوەی یاساو ڕێسا مرۆیی‌و سیاسییەکانە لەهەمانکاتدا پێویستە ئەوەش لامان ڕون بێت کەوا ئەو جۆرە هێرشانە کۆتایی نایەت، هەروەها بزوتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەهەمانشێوە کۆتایی نایەت.

جەستەی سیاسیی ئێران شەقار بوە، کاتێک سیستمێک توشی نامۆیی بەکۆمەڵگە دەبێتەوە، ئیتر سەرەتاکانی مەرگی دەردەکەون، بەڵام ڕەنگە دەیان هۆکاریش هەبن بۆ ئەوەی مەرگەکە لەسەرخۆبێت‌و چەند دەیەیەکی بوێت. ئێستا دەبینین تەمەنی ئێران ئەو قۆناغانەی تێپەڕاندوە، ناڕەزایەتییەکان گەیشتونەتە لوتکە، بۆیە بارودۆخی سیاسیی ئێران چۆتە قۆناغێکی نوێی نەرێنییەوە، کۆمەڵگەی ناوخۆیی ئێرانی‌و لۆبی لەدەرەوەو زۆرینەی هێزا دیموکراتخوازەکان هاتونەتەسەر هێڵ بۆ ئەوەی ئێران واز لەو جۆرە سیاسەتکردنەی بهێنێت‌و ڕێز بۆ ئازادییەکان بگەڕێنێتەوە.

خۆپیشاندانەکانی ئێران هەر بەتەنها کورد تیایدا بەشدارنییە، بەڵکو زۆرینەی نەتەوەکانی دیکە تیایدا بەشدارن، ئەو کۆبونەوەیەی نەتەوەکانی ئێران لەدەوری یەکتر ئەگەر درێژەو بەردەوامی‌و ستراتیژی هەبێت، ئەوا گۆڕانکاریی لەسیاسەتی ئێران دەهێنێتە ئاراوە، ڕەنگە بتوانێت بەلایەنی کەمەوە مەودای ئازادییەکان فراوانتر بکاتو ئەوەش بۆ قۆناغێک دەستکەوتە.

بەیاننامەکەی سوپای پاسداران دوای بۆردومانی بارەگاکانی کۆمەڵەو دیموکراتو پارتی ئازادیی کوردستان زۆر توندبوو، لەهەموی توندتر باسی لە"بەردەوامی" کردوە ئەگەر حکومەتی هەرێم ڕێگەی کرداری نەگرێتەبەر بۆ ڕێگرتن لەچالاکیی ئەو حزبانە.

لێرەدا دوو سیناریۆ هەیە:

**یەکەمیان**: حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واز لەچالاکییە نهێنی‌و ئاشکراکانیان بهێنن‌و بەبێدەنگی دابنیشن‌و چاوەڕێی

قەدەربکەن، بێگومان ئەوەش یەکسانە بەئاشبەتاڵو کۆتاییەکی تاڵو ئەوەش ئەگەری ڕودانی کەمە؛ کەواتە شۆڕش بەردەوامدەبێت.

**دووەم**: بەردەوامیی تۆپبارانەکانو هەر چالاکییەکی دیکەی سەربازیی ناتوانن بگەنە ئەو ئاستەی کۆتایی بەکوردو شۆڕشەکەی بهێنن، بۆیە چەند بەردوامبێتو زیانی گیانیو مادیو مەعنەوی هەبێت، ئەوا ئاسۆی خەونەکانو خەبات بۆ ئازادیی فراوانتردەبن.

هەندێکجار بەردەوامیی، مرۆڤ یان هێزی سیاسیو دەوڵەت بەرەو کۆتاییو ڕوخان دەبات، بەڵام بەردەوامی بۆ کورد لەهەر شوێنو بەشێکی کوردستان بێت، چارەنوسەو ناکرێ دەستبەرداری بین، با نرخەکەی گرانیش بکەوێت.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

**سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپریس – ڕێکەوتی: ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

## ڕێبازی شەرەف



**سمکۆ سەقزی**

**کاتی خۆی ئاریستۆی فەیلەسووف وەک شرۆڤەی ناخ و کرۆکیی مرۆڤ، نووسی: مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە.**

**ئەو، دواقۆناغی دانا بۆ وەسفی سروشتی مرۆڤ واتە لە ئاژەڵێکەوە کە توانای قسەکردن و نوتقی هەیە، پلەی مرۆڤی هەڵکێشا بۆ ئاژەڵێکی سیاسی.**

**سیاسیبوون هەر لەگەڵ لەدایکبوونیدا لەگەڵیەتی و لێی جودا نابێت، سیاسەت تەواوی بیر و هزر و خەیاڵ و ئاکار و کرداری دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.**

**بۆ ئەم مرۆڤە سیاسییە کە بە پێی تیۆریی ئاریستۆی مەزن هەموو ئینسانێک دەگرێتەوە، دۆخ و حاڵەتێک دروست دەبێ کە هەمیشە لە ژیانیدا تووشی دووڕییان دەبێ و بۆ ئەوەی نیشانی بدات نێرین و ڕای هەیە دەبێ هەڵبژێرێت، بۆیە ناکرێ و نابێ بێلایەن و بێتەرەف بێت. جۆری لایەنگری و بژاردەکەی ئەخلاق و موراڵی دیاری دەکات.**

**لەم برگە مێژووییەی کوردستان و ئێراندا ئەم بەشە لە فەلسەفەی سیاسی، دەبێ شرۆڤەی بۆ بکرێت، مرۆڤی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرەڕای سەرکوتی سیستماتیک و بێبەشکرانی لە دەسەڵات، نموونەیەکی جوانی لە ئەخلاقی سیاسی لە خۆی نیشان داوە، دژ بە داگیرکەر و ستەم وەستاوەتەوە و هاوکات کۆمەڵگای خۆی وەک ئورگانیزمی زیندە ڕێکخستووە و بۆ پاراستن لە بوونی خۆی خەباتی ڕەوای کردووە.**

**لەم چەن ساڵەی دواییەدا، کورد بۆ بەرگری لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی و بۆ پاراستنی خاکە پیرۆزەکەی لە شەڕی دژی داعش و داعشیزمدا سەدان شەهیدی دا، خاکی سوورخەڵاتی کوردستان لە خانەقینەوە تا دەگاتە کۆبانی شایەتی ئەم قارەمانییەن.**

**بەهۆی بوونی سوشیاڵ میدیا و گواستنەوەی وێنە و فیلم دنیا بینەری دڕەندەیی و وەحشیگەریی بەرەی ڕەشی داعش و جوامێری و مێرخاسی و شەرافەتی بەرەی کوردستانی بوون.**

ئەم جوامێری و ئەخلاقە لە سیاسەت و خەباتدا لە گەڵ ڕۆحی کوردستان و کورددا تەبایە. ڕێبەرانی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئامانج قەت دەستیان نەداوەتە ئامێری نارەوا.

بە گەیشتن بە دەسەڵاتیش وەک چۆن لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان دەبینین، ژینگەی کوردستان شوێنی تەبایی و برایی و پێکەوە ژیانی بیرەجیاوازەکانە، دنیای ئازادی ڕۆژاوایی زۆرترین تەعامولیان لەگەڵ دەکات و ئەوانیش توانیویانە لەچاو حکوومەتی ناوەندیی خۆیان ژیانێکی ئازاد و شاد و ئاسوودەتر بۆ دانیشتووانی خۆیان دەستەبەر بکەن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر لە ساڵی ٥٨ کە خومەینی باوکی مەعنەویی داعشیزم، پەلاماری کوردستانی دا، بەرەی کوردستانی خەباتکار، قەت لە ڕێبازی شەرەف و جوامێری لایان نەدا و تا ئەمڕۆ کە دەستی مەرگ بینەقاقای ڕێژیمی ئەهریمەنیی تارانی جەڕاندووە، کورد توانیویە خاوەندار و پارێزەری بەهاکانی مرۆڤایەتی بێت، هەمیشە بەپێی سروشت، سیاسی ماوەتەوە و قەت بێلایەن بوونی هەڵنەبژاردووە.


ڕێژیم هاوکات لەگەڵ سەرکوت و تێرۆر بە پروپاگاندەی درۆیینی چەپەڵ، سیمای کوردی ڕەش دەکرد و بە تۆمەت و درۆ و چەواشە خەڵکی ئێرانی لە کورد دەترساند؛ بەڵام کورد، خەبات و ژیانی پێکەوە ئاوێتە کرد و توانیی بەسەر سیاسەتی کوردۆفۆبیای ڕێژیمدا زاڵ ببێت، ئەمڕۆ تەواوی نەتەوەکانی ناو جوغرافیای ئێران بە فارسیشەوە چاو لە دەمی کوردستانن کە ڕێگا نیشاندەریان بێت بەرەو ڕزگاری.
گریمان، ئەگەر لە شۆڕشی گەلانی ئێرانی لە ساڵی ٥٧ کورد خاوەنی میدیا بۆ ناساندنی خۆی ببوایە وەک چۆن ئیمرۆ کوردکاناڵ ڕۆڵێکی شیاوی بەرپرس دەبینێ و بووەتە چقڵی چاوی فاشیزمی تاران، تەواوی ئێران هاوڕا و هاوڕێی کەسانی وەک دوکتور قاسملووی شەهید دەبوون، کۆمەڵگای ئێران و کوردستان ئەم زەحاکە جەلاددەی ویلایەتی فەقیهی بەخۆیەوە نەدەدی و دەیان هەزار ڕۆڵەی نەدەبوونە قوربانی.

هەر لە سەرەتای ئەم خەباتە لە بەردەم مرۆڤی ئێرانیدا دووڕێیانی شەرەف و بێشەرەفی بوونی بووە، ئەمڕۆ تەواوی خەڵکی خرۆشاو ڕێبازی شەرەفیان هەڵبژاردووە بۆ ژیانێک کە لێوانلێوی شەرافەت بێ و بە دەنگێک کە تەواوی گۆی زەوی دەیبیسێت بە خامنەیی کۆرپەڵەکوژ دەڵێن: بێشەرەف.

تێچووی ئەم ژیانە هەر چی بێت بە دڵنیاییەوە بایەخی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## کوردستان هەیمەنەی دیکتاتۆری داگیرکەری تێکشکاند



**ئەلبورز ڕووئینتەن**

دەکرێ بڵێین بە هێرشکردنە سەر هێز و لایەنە سیاسییەکان و شەهیدکردنی منداڵان پێش ئەوەی لەدایک بن مەرگی خۆی خێرا و خێراتر کرد، چونکە هێرش بۆ سەر دڵ و سەنگەری کۆمەڵانی خەڵک بێوەڵام نامێنتەوە و نەماوە.

بە پێیل هاتنی مانگرتنی سەراسەری لە کوردستان لە لایەن خەڵکەوە بەشێوەیەکی گشتی و بێوێنە ئەو وڵامە بوو کە کوردستانییان بۆ جارێکی دیکە بە دوژمنی داگیرکەریان دا.
بەڵام ئەوە دوایین وڵام نییە بەڵکوو هەنگاوێکی دیکەیە بۆ دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندان و سەرخستنی ئەو شۆڕشە بۆ ئەوەی کورد و کوردستان ئازاد بێت.

لە ٩ی ڕەزبەردا، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان لە باکووریترین ناوچە تا باشوریترینی، شارەکان یەکدەنگ بەشێوەی جیاواز بەشدارییان لە مانگرتندا کردووە، بەجۆرێک وێڕای هەبوونی هەماهەنگییەکی بێوێنە، توانیویانە کاریگەرییان لە سەر توێژی جیاوازیش هەبێ.
یەکێک لەو توێژانە قوتابییانی زانکۆ و زانکۆکانی کوردستان و ئێران بەگشتییە کە ئەوانەش وێڕای مانگرتن هەوڵیان داوە بە هەموو شێوەیەک ئەو مانگرتنە بەرەو خۆپیشاندان ببەن.
نابێ ئەوەش لە بیر بکەین ئەو شۆڕشەی کە لە خەرمانانەوە لە کوردستان دەستی پێکرد دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەی لە تاراوگەش دروستی کردووە بەجۆرێک ئەم جارە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە دەنگی شۆڕش بە دونیا گەیشتووە.

لە لایەکی دیکەوە کوردستان ئەو ڕاستیەشی سەلماند کە خاوەن هێزێکی ئەوەندە گەورەیە کە دەتوانێ دیکتاتۆر لە تاران وەلەرزە بخات و تەنانەت ببێتە هۆکارێکی جیدی بۆ ڕووخاندنی. چونکە ئەوەی پێشتر و بەتایبەتی لەم دواییانە لە کوردستان دیومانە بۆتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ هەموو ئێران، ورەی داوە بە خەڵک تا باوەڕ بهێنێن کە دیکتاتۆر بە هەموو هێزیەوە لە بەرانبەر هێزی خەڵکدا لاوازە.

ئیتر لە ئەمڕۆ بە دواوە پێویستە زیاتر لە پێشوو باوەڕ بە هێزی لەبڕاننەهاتووی خەڵکمان بێنین کە ئەگەر نەشتوانین دیکتاتۆر لە تاران بڕووخێنین بەڵام دەتوانین لە کوردستان بیرڕووخێنین و ببینە سەرەتایەک تا لە تارانیش بیرووخێنن.

له ئەمڕۆوە پێویستە بەجیددی بیر له قۆناغی سەرخستن و لەویش گرینگتر قۆناغی دوای سەرکەوتن له کوردستان بکرێتەوە، پێویستە خاوەن پلانی ڕوون و ئاشکرا و نەتەوەیی بین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو خەباتەی کوردستان بە و شوێنەی که خوێنی شەهیدانی بۆ ڕژاوە بگات.

ئازاری "ژینا" و "وانیار" ئازاری جیلەکانی بندەستە، پێویستە "ژینا" و "وانیار"ەکانی داهاتووی نیشتمان له کۆردستانێکی ئازد و پێشکەوتوو و بەختەوەر بژین، پێویستە ئەگەر قوربانیش دەدەین له‌پێناو پاراستنی دەستکەوتەکان و گرینگترینیان، واتە ئازادی بن.

له ئێستا بەدواوە ڕێژیم بەردەوام تووشی هەڵە دەبێت و ئەوانەی بە چنگ و ددان بەرگریان له ڕێژیم دەکرد بیر لەوە دەکەنەوە چۆن دەرفەتی خۆدەربازکردنیان دەبێ، قوناغی دارمانی ڕێژیم لەوانەیە زۆر خێراتر لەوە بێ که بیری لێ دەکرایەوە، ئەوە پەیامێکیشە بۆ دەستپێکی قۆناغی بونیادنانی وڵاتێکی ئازاد و پێشکەوتوو، بۆ پاراستنی ئازادی، بۆ هەبوونی پەیوەندییەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی گەل لەگەڵ ناوەند.

هەمووی ئەوانەش ئەرکی ئێمە هەموومان قورستر و قورستر دەکات و ئێمە بەرپرسیارین بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی دیکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## کاریگەریی دۆخی گەلی کورد له ئێران لەسەر ناڕەزایەتییەکانی دوای کوژرانی ژنێک لەو وڵاتە



**(وتووێژی ڕادیۆی گشتیی نیشتمانی دەگەڵ مێگان بۆدێت، بەڕێوەبەری توێژینەوە لە ئەنستیتۆی ئاشتیی کوردی)**

**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

وتووێژی بێژەری ڕادیۆی گشتیی نیشتمانی، ئایلسا چانگ دەگەڵ مێگان بۆدێت، بەڕێوەبەری توێژینەوە لە ئەنستیتۆی ئاشتیی کوردی لەبارەی ناڕەزایەتییەکان لە ناوچە کوردییەکانی ئێران دوای کوژرانی ژنێکی لاو لە حەوتووی ڕابردوودا.

ئایلسا چانگ، بێژەر:

ناڕەزایەتیی سەرانسەری لە ئێران کە ئالنگاریی بۆ ڕێبەرایەتیی ئەو وڵاتە دروست کردووە پێی نایە یازدەهەمین ڕۆژ و، ناڕەزایەتییەکان مەترسیدارتر دەبن. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئاسۆشییەتدپرێس، تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێران دەڵێ لانیکەم ٤١ خۆپیشاندەر و ئەفسەری پۆلیس کوژراون و، زیاتر لە ١٤٠٠ کەس دەستبەسەر کراون. بەڵام، لە کاتی خۆپیشاندانەکانی پێشوودا، سەلمێنراوە کە ئامارە فەرمییەکانی ڕاگەیەنراو لە لایەن سەرچاوەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە کەمتر لە ڕێگەی ڕاستەقینە بووە، بۆیە وێدەچێ خەڵکێکی زۆرتر کوژراو و دەستبەسەر کرابن. ناڕەزایەتییەکان دوای سەردانی ژنێکی لاوی کورد بۆ تاران و دەستبەسەرکرانی بەهۆی لەسەرکردنی لێچکە بە شێوەی نەگونجاو، دەستیان پێکرد. ژنەکە، "مەهسا ئەمینی"، کە هەروەها بە ناوە کوردییەکەی، "ژینا ئەمینی" -ش ناسراوە، لە کاتی دەستبەسەرکراندا لە لایەن پۆلیسەوە مرد.

بۆ گفتوگۆ لەمەڕ کاریگەریی دۆخی گەلی کورد لەسەر ئەم ناڕەزایەتییانە، بانگهێشتی مێگان بۆدێتمان کردووە. ناوبراو بەڕێوەبەری توێژینەوە لە ئەنستیتۆی ئاشتیی کوردی لە واشینگتۆن دی سی-یە. بەخێر بێی!

**مێگان بۆدێت:** سوپاس بۆ بانگهێشت کردنتان.

**چانگ**: وا بزانم تۆ تازە دەگەڵ چالاکێک لە ناوخۆی ئێران قسەت کردووە. دەتوانی پێمان بڵێی چیت لە ناوبراو بیست؟

**بودێت**: بەڵێ. ئێمە دەگەڵ چالاکێک لە ناوچەی کوردستانی ئێران قسەمان کرد کە، بە کورتی، باسی دۆخی دژواری ئەوێ بۆ گەلی کورد و دژوارتربوونی دۆخەکە بەهۆی ئەو ناڕەزایەتییانەی کرد. ئەوەی تا ئێستا دیتوومانە و ئەوەی ئەو پێی گوتم و ئەوەی لە لایەن ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا پشتڕاست کراوەتەوە، ئەوەیە کە دەیان خۆپیشاندەر کوژراون، سەدان بریندار بوون و تەنانەت ڕێژەیەکی زیاتریش بە گومانی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکاندا دەستبەسەر کراون. زانیاریی ئەو دواییانە لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤی چالاک لە ناوچە کوردییەکان، ڕێژەی دەستبەسەر کراوانی ئەو پارێزگایانە لە باکووری خۆراوای ئێران، بە تەنیا، زیاتر لە ١٠٠٠ کەسە.

**چانگ**: بەڵێ

**بودێت**: بۆ هەموو ئەو ئامارانە، ژمارە ڕاستەقینەکان وێدەچێ زیاتر بن. هەروەها ئەوەی پێم گوترا ئەوە بوو کە پێویستیی سەرنجی ناونەتەوەیی لە جاران زۆر زیاترە. کاتێک لە ڕابردوودا گەلی کورد چەوسێندراوەتەوە، گرینگییەکی زۆر کەمی نێودەوڵەتی بە دۆخی ئەوان لە ئێران دراوە، بەتایبەت کاتێک دەگەڵ خەباتی بەشەکانی دیکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و حەشیمەتەکانی دیکەی کورد بەراورد بکرێ.

**چانگ**: بەڵێ، دەمهەوێ باسی ئەوە بکەم چونکە ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە ئەمینی کورد بوو، کە تاقمێکی کەمینە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستن. دەتوانی بۆمان شی بکەیەوە کوردەکانی ئێران کێن و بەگشتی لە ئێران چیان بەسەر هاتووە؟

**بودێت**: بەڵێ، ئەوان نزیکەی ١٠ لەسەدی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێکدێنن، نزیکەی ٨ بۆ ١٠ میلیۆن کەسن کە زۆرینەیان لە باکووری خۆراوای ئێران دەژین و ئەوان لەلایەن دەوڵەت-نەتەوەی ئێران چەوسێندراونەوە، هەم لە سەردەمی پاشایەتیدا و هەروەها لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئەمڕۆشدا. زمانیان، کە جیاوازە، سنووردار کراوە. فەرهەنگیان سنووردار کراوە. ئەوان نزیکەی نیوەی زیندانییانی سیاسیی ئەو وڵاتە پێکدێنن، سەرەڕای ئەوە کە بەشێکی کەمی دانیشتووانی ئەو وڵاتەن. ناڕازییەکانیان تەنانەت کاتێک کە وڵاتیشیان جێهێشتووە پارێزراو نین. ئێران ڕێبەرانی کوردی لە شوێنی وەک ئورووپا تێرۆر کردووە و پارێزگا کوردییەکان بەهۆی چەوساندنەوەی ئابووری لەلایەن دەوڵەتەوە، کە ژمارەیەکی زۆر ناچار دەکات بژیوی خۆیان بە کاری کوشندە وەک ئاڵوێری بازرگانیی نایاسایی سەر سنوور دابین بکەن، لە هەژارترینەکانی وڵاتن.

کەوابوو، بێجگە لە توندوتیژی و دیکتاتۆری کە هەموو شارۆمەندانی ئێران بەرەورووی دەبنەوە، دۆخی ئەوان تەنانەت خراپتریشە.

**چانگ**: بەڵێ. باشە، چ شتێکی ئەو نارەزایەتییانە سەرنجراکێشە، بەتایبەتی کە ئێمە ژمارەیەکی زۆر ژن لە سەر شەقامەکان دەبینین. دەتوانی پێمان بڵێی ئەوە چەندە گرینگە، کە ژنان بەشێوەیەکی بەربڵاو و بە ئاشکرا نارەزایەتی دەردەبڕن؟

**بودێت**: ئەوە لە ڕادەبەدەر گرینگە چونکە، دەزانی دیسان، لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی هەنووکەیی ئێراندا، ژنان بە هیچ شێوەیەک تەنیا تاقمی سەرکوتکراو نین، بەڵام ئەوان یەکەم و مەزنترین تاقمن و یاسای جلوبەرگ پۆشین کە ئەو ژنانە نارەزایەتی لەبارەیدا دەردەبڕن، تەنیا بەشێکی بچووک لە گیروگرفتی گەلێک مەزنترە. یاساکانی ئێران دەسەڵات و کۆنترۆڵی لەڕادەبەدەری داوە بە پیاو و دەوڵەت بە سەر نزیکترین و کەسێتیترین لایەنی ژیانی ژنان، لە هاوسەرگیری و جیابوونەوە تا میرات و سەفەر، کار و پرسە یاساییەکان.

جێگای ئاماژەیە کە ئەوە یەکەم جار نییە ژنانی ئێرانی بەشێوەی بوێرانە دژی ئەو هەڵاواردنانە دەوێستن. بەڵام ئەوە یەکەم جارە کە ئەو داوا فێمینیستییانە، ئەو داواکارییانە بۆ یەکسانیی بنەڕەتیی ژنان، بۆتە هۆی وەها نارەزایەتییەکی بەردەوام لە سەرانسەری وڵات دژی تەواوەتی دیکتاتۆرییەت. چونکە سەرجەم ژنانی ئێران بەرەورووی سەرکوتی توند بوونەوە، داواکانیان خەڵکی لە هەموو هێڵە ئایینی و ئەتنیکییەکانی یەکگرتوو کردووە.
بەهۆی ئەوە کە نایەکسانیی زایەندی، بۆ دەوڵەت و دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی ئەوەندە بنەڕەتییە کە داوای ئازادی بۆ ژنان سروشتییە، بە بۆچوونی من داوای دێموکراسی و ئازادی لە سەرجەم ئەو شێوازانەی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ کە ژن و پیاو بە شێوەی یەکسان بە دەستیانەوە دەناڵێنن، شتێکی ئاساییە.

**چانگ**: دەتوانم لێتان بپرسم، هاوکاری من ستیڤ ئینسکیپ قسەی دەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، حوسێن ئەمیر-عەبدوڵڵاهییان کردووە. ئەوان لەو دواییانەدا بە یارمەتیی وەرگێڕ دەگەڵ یەکتر دواون. ئەوە ئەو شتەیە کە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران گوتوویەتی. ناوبراو لەبارەی نارەزایەتییەکان، بە هاوتا ڕۆژاواییەکانی دەڵێ: "من دڵنیایان دەکەمەوە کە هیچ شتێکی گرینگ لە ئێران لەئارادا نییە. هیچ ئاڵوگۆڕێکی ڕێژیم لە ئێران ڕوو نادات. من یاری بە هەست و سۆزی خەڵکی ئێران ناکەم".

**چانگ**: بیرورِات لەسەر ئەو لێدوانە چییە، کاتێک گوێت لە قسەکانی دەبێ کە دەڵێ ئەو نارەزایەتییانەی هەنووکە لەئارادان شتێکی گرینگ نییە؟

**بودێت**: ئێ، کاتێک گوێ لەو قسەیە دەگرم، من دیزەبەدەرخۆنە کردنی سەرکوتی هەنووکەیی دەبینم، لەمەڕ کوشتنی خۆپیشاندەران، لەبەر برینداركردنیان، بۆ خەڵکی دەستبەسەرکراو بەگومانی بەشداری لەو جووڵانەوەدا یان لایەنگری لەو جووڵانەوەیە. ئەوان نایانهەوێ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەوانە وەک شتێکی گرینگ ببینن. ئەوان نایانهەوێ ڕاگەیاندنە گشتییەکان چاودێریی بکەن.

لە پساندنی هێلی ئینتەرنێتەوە دەردەکەوێ، ئەوان نایانهەوێ زانیارییەکان بێنە دەرەوە. یەکێک لە گرینگترین خاڵەکان کە لە خەڵکی بەشدار و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لەوێ دەمانبیست، گرینگیی ڕاگەیاندنی بەربڵاوی ئەو زانیارییە بوو، چونکە ئەوان نایانهەوێ خەڵک لێی ئاگادار بن. کەوابوو بۆ من ئەوە نیشانەی ترس لە ئەو جووڵانەوەی دێموکراسی و ئازادییە لە سەرجەم شێوازەکانی سەرکوت بە ڕێبەریی ژنانە و لەبەر ئەو هۆیەشە نابێ پاشگوێی بخەین. ئێمە دەبێ بەدواداچوونی بۆ بکەین و چاودێریی دۆخی ئەوێ بکەین.

**چانگ**: مێگان بۆدێت، بەڕێوەبەری توێژینەوە لە ئەنستیتۆی ئاشتیی کوردی، سوپاس بۆ بەشداریتان لە بەرنامەی ئێمەدا.

**بودێت**: سوپاس بۆ ئێوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا — ڕێکەوتی: ١٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

## ڕاپەڕینی ژنان" بۆ نزیکەی ١٠٠ زانکۆی چەند شارێکی ئێران گواسترایەوە



## ئاوێنە

خۆپیشاندانەکانی ئێران کە هەندێک بە "راپەڕینی ژنان" ناویان بردوە، بۆ نزیکەی ١٠٠ زانکۆی چەند شارێکی ئێران گواسترایەوە، لەو شوێنانە خوێندکاران بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندیان کرد و دواتر رژانە سەر شەقامەکان.

ئاوێنە: سەرچاوە ناوخۆییەکانی ئێران رایانگەیاند، دوێنێ لە گۆڕەپانی ئینگلێب، لە نزیک زانکۆی تاران، خۆپیشاندان رویداوە، هەروەها "پێکدادان لە نێوان هێزەکانی پۆلیس و خۆپیشاندەران رویداوە کە دروشمیان دەوتەوە، ژمارەیەکیشیان دەستگیرکراون."

ناوەندی مافی مرۆڤ لە ئێران کە بنکەکەی لە نیویۆرکە، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە، کە تیایدا خۆپیشاندەرانی زانکۆی خەواریزم لە کەرەج لە رۆژئاوای تاران، هاواریان کردوە، "شارەکە لە خوێندا دەخنکێت، بەڵام مامۆستاکانمان بێدەنگن."

دەیان گرتە ڤیدیۆیی و وێنە لە سۆشیال میدیا بڵاوبونەتەوە، گردبونەوەکان لە زانکۆ جیاجیاکان، لەوانە مەشهەد، تاران، کەرەج، زانکۆی ئەلزەهرا کە ژنان خۆپیشاندانیان تیادا کردوە، ئەم خۆپیشاندانانە بەهۆی کوژرانی ژینا ئەمینییەوە دەستپێیکرد، کە لە ١٣ی مانگی رابردودا لە تاران لەلایەن "پۆلیسی ئەخلاق"ەوە دەستگیرکراو دوای سێ رۆژی گیانی لەدەستدا.

دەسەڵاتدارانی ئێران رەتیدەکەنەوە هیچ دەستێوەردانێکی پۆلیس لە کوژرانی ژینا ئەمینی هەبێت، کە ١٦ی مانگی ٩ی ئەمساڵ لە نەخۆشخانەیەکی تاران گیانی لەدەستدا، راستەوخۆ دوای روداوەکەش ئیبراهیم رەئیسی، سەرۆک کۆماری ئێران پەیوەندی بە کەسوکاری ژیناوە کرد و پرسە و سەرەخۆی پێگەیاندن.

ئاژانسی فارسی ئێران بڵاویکردەوە، لە سەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانەوە نزیکەی ٦٠ کەس کوژراون، هاوکات رێکخراوی مافی مرۆڤ کە بنکەکەی لە ئۆسلۆیە لە ئێران بڵاویکردەوە، لانیکەم ٨٣ کەس کوژراون، هەروەها دەسەڵاتداران

له ١٦ی ئەیلولەوە دەستگیرکردنی زیاتر لە ١٢٠٠ خۆپیشاندەریان ڕاگەیاندوە، لە کاتێکدا ڕێکخراوە ناحکومییەکان باسیان لە دەستگیرکردنی چالاکوانان، پارێزەران و ڕۆژنامەنوسانیش کردوە.

دەسەڵاتدارانی ئێران خۆپیشاندەران بە دروستکردنی "ئاژاوە" تۆمەتبار دەکەن و دەڵێن، هێزە دەرەکییەکان لەوانە ئەمریکا لە پشت خۆپیشاندانەکانەوەیە، بەپێی گرتەیەکی ڤیدیۆییش، هاوڵاتیان بەردبارانی بنکەیەکی پۆلیس لە زاهیدان دەکەن و هەوڵدەدەن هێرش بکەنە سەر هێزەکانی پۆلیس.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## پرسی کورد لە ئێران سەرپۆش نیە!



**شوان سدیق**

پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات، نابێ کورتبکرێتەوە لە کۆمەڵێ دروشمی چەپی رادیکاڵی کە ئەمڕۆ لە جیهاندا پاشەکشەی کردوە! ئەو پشتیوانیەی شەقامی ڕۆژئاوا هەمان پشتیوانیە بۆ پرسی ژنان لە ئەفغانستان و پاکستان.

کاتێ ژنانی سعوودیە ڕێگایان پێدرا شۆفێری بکەن، بۆ ڕۆژئاواییەکان، ڕۆژەڤێکی گرنگ بوو ئەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتیشی دەکەن ئەمڕۆ بەلای منەوە ڕووداوێکی گەورە نییە چونکە پرسی ئێمە زۆر گەورە ترە!

ڕاستە، بۆ کوردیش ئەم پشتوانیە گرنگە ئەمە تەنیا بەشێکە ئەگینا دۆزی کورد لە ئێران لە سەرپۆش و پرسی ژنان گەورەترە.

لە تورکیا ژنان ئازادن، کەچی ژنانێکی زۆریش گۆشەگیری سیاسی دەکرێن، جەرگی دایکانێکی سەرپۆش بەسەر و بێ سەرپۆش دەسوتێنرێت!

جیهان ئەمڕو دژی کۆماری ئیسلامیە بەڵام مامەڵەیشی لەگەڵ دەکەن، سەوداوسەرو دانوستانیشی لەگەڵ دەکەن.

کورد پرسیاری کردوە ئایا پشتیوانی ڕۆژئاوای هەیە؟ لۆبی کوردی ڕۆژهەڵات لەدەرەوە لەچی ئاستێکدایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە گرنگن!

خۆپیشاندان دژی کۆماری ئیسلامی وڵاتانی ڕۆژئاوایگرتۆتەوە.
حزبە کوردییەکان و فارسە دیموکرات و لیبراڵەکان بەجیاو لایەنی دیکەی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی بەجیا.

لە ئیتاڵیا موجاهیدینی خەڵق بەجیا خۆپیشاندانیان کرد، ئاڵاو دروشمی تایبەت بەخۆیان هەڵدا لەگەڵ وێنەی مریەم و مەسعوود رەجەوی ڕێبەریان. دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هوتافیان کێشا!

داهاتووی ئێران بەپێی لێکدانەوەکان، لە ئەگەری کەوتنی ئاخوندەکان، ئەم وڵاتە بەهۆی خوگرافیا گەورەکەی و زۆری دانیشتوان ٨٤ ملیۆن، و فرە نەتەوەو مەزهەبەوە ڕووبەڕووی بارودۆخێکی دژوار دەبێتەوە.

هەرچەندە، نارەزاییەکان خۆڕسکن و ڕێکخراونین، بەڵام هێشتا ئاسۆی ئەم نارەزایانە ڕوون نییە..


لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەو بارودۆخە دوورنییە ڕژێمی ئێران هەڵمەتی سەرکوت و دەستگیرکردنی زیاتر دەست پێبکات..
وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە نارەزایی دەردەبڕن، مەهسا ئەمینی وەکو کچێکی تیرۆرکراو لەسەر سەرپۆش و لەچک تووندوتیژی بەرامبەر کراوە ئەمە سەرنجی شەقامی ڕۆژئاوای ڕاکێشت و هاوسۆزی دەردەبڕن..

بەڵام لە سەر ئاستی دەوڵەتەکاندا هێشتا وەکو پێویست کاردانەوەیان دژی ئێران نیشان نەداوە.
تەنیا قسەو باسەکانیان لەگەڵ ڕژێمی ئێران، باسی ڕێکەوتنیانە لەسەر ڕاگرتنی چالاکیە ئەتۆمیەکانی تەهران!!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## " کارنەڤاڵی گڕبەردانە سەرپۆشەکان"



شێرزاد حەسەن

## پەخشانێک بۆ ژینا

(هەتا چارشێو بەسەر تۆوە دەبینم نازەنینی کورد
بەسەر بیلبیلەکەی چاوی مندا دەکشێ تەمێکی تر
کە فرمێسکم لەسەر روخساری کیژی دڵشکاو بینی
وتم یاخوا لەسەر سوورگوڵ نەبینم شەونمێکی تر)

"هێمن / موکریانی"

### شایی خوێن

+ ژینا گیان.. ماڵئاوا.. چ باسە هەنووکە لە ئاسمانێ؟ یان بە رۆح و گیان و جەستە لەوە ماندووتری لەوەی کە ئەم سەرزەمینە بەجێبێڵێت، نۆستالژیای تۆ لەگەڵ خاک و خۆشی و ناخۆشی خەڵکانێکە کە کەمینەیەکی ئاشنان بە تۆ و هەم پەرۆشی ئەوانەشی کە نایانناسیت، من دڵنیام تۆ ناخوازیت کەس پەنجەیەکی بریندار بێت یان مەرگەساتی خۆت ئاسا.. بچێژێت، چونکە دەزانیت وەک تۆ ستەمدیدە و زامدار و لێوبەبار و زێدە پەژموردە بوون. ئاخۆ هەنوکە خەوتوویت یان بێداریت؟ تۆ بڵێیت ئاگات لەو شۆرش و هەرا و زەنا و گۆڤەندە بێت کە خوێن و خەنە و خەندە و خەم و خۆشنوودی و خەیاڵی ئاگرین و خولیای سەرفرازی و سەربەستی.. دونیای تەنیوەتەوە؟ بە هەزارەها نەوبووک و کچانی نەباڵق و بێوەژن و دەرۆزەکەر و کەلاوەنشین و کۆشکنشین هاوسۆزی تۆن، چ مێینە بن و چ نێرینە، لە خانمان و لە پیاوان، هەم یاخی و خەونبین بە ئایندەیەکی زێڕەوشان و مژدەبەر و مژدەهێن کە هاوسۆز و هاودەردی تۆن. کەمەکێ سەر هەڵبڕە و ببینە چ شایلۆغان و جۆش و خرۆش و جونبوشێکە کە دڵی هەر هەمووان دەخاتە سەر ریتمی سروودی "ئەی رەقیب" و "خوایە وەتەن ئاوا کەی"، هەم سەرقافڵەچی هەزارەها لەوانەی کە خەونیان بە شکاندنی قەفەزەکان و داڕووخانی قەڵا سەختگیرەکان بینیوە، کە ببوون بە زیندانی بۆ هەر هەموو ئەوانەی نەترسانە خەونیان بە دونیایەکی بەهادارتر و ئارامتر و یەکسانیخواز و مرۆڤپەروەرانەتر بینیوە کە بێتە بوون!

❊❊❊

## قۆچی قوربانی

گیانی گیانان..گوتیان که گوایه جوانەمەرگ بوویت.. وەلی حاشا.. هۆ 'بەوری ئازا و سەرمەشقی رابوونێک که هەموومان خەونمان پێوە بینیوە، بێگومان جوانەمەرگ بوویت وەک خانمە شۆرشڤانی فرەنسایی "ژان دارک: ١٤١٢/١٤٣١"ی پاکیزە که وەک تۆ دژی ستەم و بێدادی رۆحی کەنەگایی نێرسالاری و دزسالاری جەنگا، بەلام ئەوە هەر تۆ بوویت.. هۆ 'تەوار'ی بەرزەفڕ که باڵەکانت دەیدا لە بنی عەرشی فەلەک و هاوکات چریکەت تاریکپەرستەکانی کاس و هوڕ و گێژ کردووە و تۆقاندوونی، ئەوە تۆیت.. هۆ تاقانەترین مێینە که وەک خانمە شۆرشڤانانی " کوردستانی رۆژئاوا بە خوێنی پاکی خۆت دونیات بێدار کردەوە و گرەوت بردەوە، که نەک بە تەنها "ئێران" و بەس، بەڵکو لەسەر کۆی نەخشە و جوگرافیای "ڕەشهەڵاتی ناوەڕاست" تۆ بوویت بە بەیداغ و مەشخەڵ و نموونەی گیانفیدایی بە درێژی چەندین سەدە، دەنێو مەملەکەتێک و مێژوویەک که زیندان و قەسابخانەیە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچان بێ چەند و چوون، بگرە بانگی خوێنی تۆ هەر چوار قوڕنەی دونیای تەنیوەتەوە. ئەتۆی خۆشەویست لای ملیۆنەها بوویت بە سیمبول و سەرمەشقی شۆرش و بەرخودان، بگرە لە چاوی هەر هەموو هاوخوێن و هاوتوخم و هاورەگەز و هاوسۆزەکانت جوانییەکت بەجێهێشت که بارتەقای خەون و خۆزگەی هەر هەموو مەردمگەلە ژیاندۆست و جوانناس و جوانپەرست و بەرزە دەماغەکانە که بە چ ئەفسوونێکی سادەیی رۆحی پاک و خاکەڕای خۆت هەر هەموومانت لە دەوری خۆت کۆ کردەوە، دەنێو ئەم رۆژگارەی که سیخناخە لە پیاوانی گرگن و خەسیو و دژە ژن و کۆی هاورەگەز و هاوتوخمەکەی تۆ!

❊❊❊

## پایزنامە

هۆ لە پایز و خەزان مەلوولتر و هەم شاعیرانەتر، هەڵوەرینی تۆ لە یەک خیاباندا پایزی راگەیاند که گەڵا ڕێزانێکی وەدەووی خۆی هێنا که هەزارەها خیابانی دیکە مژدەی بەهارێکی بە ملیۆنەها بەخشی، ماڵئاوایی تۆ چ موعجیزە و پەرجوویەک بوو که هەر هەموومانی لەسەر سفرە و خوانی خۆشەویستی کۆ کردەوە.. ئەوەیان چەندە سەنگین و پەرجوویەک بوو که نواندت بە نەمانی خۆت؟ دۆستان و دوژمنانی دڵڕەشت لەسەر هەمان ئەو خیابانەدا گرد کردەوە و هەم لەسەر هەر هەموو جادە و کوچە و کۆڵانەکان و خیابانەکانی دیکە که تۆ کردت بە کوانوو و ئاگردانی بەرخودان و خۆشەویستی و جۆش و خرۆشی سەرکەشی و خەونی زیندەگییەکی شکۆمەندانە که ئەگەر تا هەنووکە نەمانبووبێت و خەون بووبێت.. ئەوە تۆ لە

پـایزێکی غەمنـاکی نێـو دڵ و ڕۆحـی ئـێمەدا وەک تەتەر و پەیکـی شـارەزا هێنـات و دەنێـو چـاوانی ئێـمەدا چانـدت .. هـۆ خەونهێنە غەمین و بەجەرگ و خاکەڕا و زێدە سەلار و سەنگینەمان!

ئەوەیان چ گۆبەندێکە کە چەند تاڵە موویەکی سەر و پرچی تۆ، یانژی قەفێک لە کەزی یاخی و هەڵاتوو و سرک و جوانی تـۆ کە بە بەر چـاوی هەزارەهـا خۆیـان لە رەفـتە و سـەرپۆش راپسـکاند تـا بەکـامی دڵـی خـۆت هەتـاو و هەوای پـاک بیشـواتەوە، ئـاخر نەدەکـرا.. ئـاخر نەدەکـرا جـوانییەک لە نـاو جـوانی تـۆدا بخنکێت. ئەرێ بە راسـت ئـێمە لەسـەر کـام ئەستێرەدا دەژین کە سەر و پرچی تۆ پیاوانی هەوەسباز و خۆگر لە شەهوەت ڕژێندا هار و دەیری و دەللی بکـات، بە تەنهـا بە بینینی سەر و پرچی کۆت و بێ سەرپۆشت؟ تۆ بڵێیت ئەوان و ئێمە جێنشینی هەمان ئەستێرە بین؟

ئاخر حیکمەتی تێدا نییە ئەوانی دیکەی ئیماندار و خوداناس زەندەقیان لە پرچ و پەرچەم و زولـف و ئەگریجەی کچـان و ژنان بچێت و بتۆقن.. ئەوەیان چ سام و ترس و 'فۆبیا'یەکە بەرامبەر بە جوانی کە یەزدان یانژی سروشت بەخشیوییەتی کە بێ پەند و حیکمەت نییە.. پەحا و ئەفسووس و جەخار و سەد حەیف و موخابن بۆ ئەو ئیماندار و بڕوادارە بەستەزمانانە!

***

## پەرچەمی ئاگرین

چ شـەرم و شـوورەیی بـوو کە پیـاوانی ئـامێرد و ڕۆبـۆت ئاسـا و ئەڵـقە لە گـوێ زەنـدەقیان چـوو لە پـای یـاخیبوونی چەنـد تـاڵێـک لە ئەگـریجە و پەرچەمـی نەترسـت، کە گـوایە لە تـرس و تـاوی دزە کردنـی زولفـی تـۆ لەوەدایە عەرشـی فەلەک بلەرزێت.. گەرچی ئەوەیان مەحاڵە. بەڵام بەڵام.. لە چاوی پیاوانی دار بەدەست و پاسەوانانی ئاداب و ئاکـار ئەتـۆ بوویت بە کانگا و و سەرچاوە و کوانووی گڕکان و تۆفان و وەیشوومە و بوومەلەرزە و فیتنە و فەساد و فسق و فجور و فاحیشـە، کە بە ئەندازەیەک کوشندە و بڕندە و ترسناک بوویت بۆ ئەوان کە لەوەدابێت دۆزەخت لە ئاسمانەوە گواستبێتەوە سەرزەمین و ئەو سەر خیابانە بە رادەیەک خرۆشان بەدەم هەنگامە و زەبر و زەنگ و خوێن هەڵچوونی ناحەزەکانت کە وەک ئەوە بوو کە گڕکان و تۆفان و زەمین لەرزەیەکت بەرپـا کردبێت.. وای لە پیـاوانی زێـدە لەرزۆک و گـرگن و گزگل و تۆقیـو لە سێبەر و بـۆن و بەرامە و نیگـا و لەنـجەی لەرزەکەمەر و تـرپە و تەقـەقەی پـێڵاو و حـریتە حریـت و قـاقـا و قریـوەی لە ناکـاوی خانمان.. وای وای!

گیانۆ.. ژینا. ی ئازا و جەربەزە ئەوە تۆیت کە ژینی ملیۆنەهات بە درۆ خستەوە، ئەوانێک کە مردوون و بە خۆیان نازانن، مردووەکان ئەوەندە زۆرن کە مەگەر مردووەکان میهر بنوێنن کە مردووەکانی دیکە بنێژن. ئەتۆ بە مەرگی خۆت سەلماندت کە ئەوانی نێرگەل و هەم کەڵەگا نەیانزانیوە بژین، لە تۆ پەست و تووڕەن کە سەلماندت ئێمەی نێرینەکانی ئەم دەڤەرە زیندانین لە پای ئەوەی گوایە ئەوان شاد دەبن گەر ئێوە دەنێو ئەشکەوت و کونجی ماڵەکاندا وەک باڵندە و مەلی نێو قەفەز بژین و هەتاویش لێتان نەدات، وەک هوزار و بولبول بخوێنن بۆ ئەوانێک کە نازانن چریکەی ئێوەی نێو قەفەز گریان و شیوەنێکە کە ئەوانی کەودەن و و نەبان و حۆل و یاغنیش دەرکی ناکەن!

مەگەر نەتزانیوە کە وەها وێنای ژنان دەکرێت کە چ جادووگەرێکن کە لەژێر هەر تاڵە موویەکی سەر و پرچی ئێوە شەیتانێک خۆی حەشارداوە کە ئەگەری فریودانی پیاوە ئیمان تۆکمە و هەم لەرزۆکەکانی هەیە، ئەوەیان چ بڕوا و ئیمانێکی تەنکۆڵە و عەمبارەپۆیە کە وا زوو بە دەرکەوتنی پەرچەمی خانمێکی سەلار و سەنگین کە ویقار و شکۆیەک لە چاوانی تۆدا شەوی دەیجووری رۆشن دەکردەوە، دە من دلنیام ئەتۆ دەتزانی کە ئەوان هەترەشیان لەو پڕشنگ و تین و تاو و چرایەک چووە کە لە چاوانی تۆدا نێو دڵ و رۆح و مێشکی تاریکی ئەوانی رۆناک کردۆتەوە، ئەوان کە شەمشەمەکوێرە ئاسا لەسەر تاریکی راهاتوون، نەدەکرا رۆشنایی تۆ چاڵ و گۆڕ و خەرەند و بیری بێ بنی نێو گیان و بوونی ئەوان بخاتە بەر دیدەی هەزارەها کە دوا جار خۆت کرد بە قوربانی وەک پەروانەی دەوری شەمع و سووتایت تا هیچ نەبێت بۆ تاوێک رۆحیان رۆشن بێتەوە، وەلی تۆ چی بکەیت کە ئەوان نەیانەوێت ئەو خەرەند و چاڵ و کونە ئەشکەوتەی ناو مێشک و دڵ و رۆح و تاریکستانەی ناو خۆیان ببینن کە سیخناخ بووە لە مار و دوپشک و تیغ و زەمهەریر و سەرسەرۆ و پاشماوەی سەدەها جرۆجانەوەر کە ئافات و وەیشوومە و زووخاوێک لە کینەبازی و رق و ژەهری شاماری حەوت سەریان هەیە دەرهەق بە تۆ و هاوتوخم و هاورەگەزەکانت!

***

## نهێنی و تەڵزگەی گۆبەندێک

ئەرێ بە راست ئەتۆ بە ئەنقەست ئەو گۆبەندەت نایەوە؟ یان خودی رەشەبای عەزرەتی و شەیدای سەر و سەکوت و قژۆقاڵت بوو کە بە هەویای بینینی ئەگریجە و خەت و خاڵت بوو کە وەک شنەبا و شەماڵی سەرمەست خۆی نواندبوو تا سەری کۆت و تاڤگەی دارژاوی کەزی و بسکی شاراوە عەترلیت رابمووسێت و نەوازشت بکات، جواناوی بۆن و بەرامەت لەتەک خۆیدا ببات بەو مەرام و نیازەی کە هەرچی کچان و ژنانی شانشینی مەملەکەت هەن لاسایی تۆ بکەنەوە، لەولاوە چی

نێرگەل و پیاوانی رۆح کەڵەگایی هەن زەندەقیان بچێت کە ئیدی تۆی سەرقافڵەچی و رابەر رێنوێنی هەمووان بکەیت کە ناکرێت سەر و پرچیان قرێژ و کەرِوو هەڵبێنن، بەو نیازەی کە ئیدی نەدەکرا رشک و ئەسپێ و گەنە و زەروو خوێنی پاکیان بخۆن!

هۆ کچی ئاسمان.. ئەوەتا بای 'وەشت' هات و لە هەر چوار قوژنەی دونیاوە شنەبای خۆشنوودی و رەهاکردنی زولف و بسک و پەرچەم و کەزی راگەیاند کە لەو زیندانەی تێیکەوتبوون.. رەها و سەرفراز بن بۆ هەتا هەتایە.. تۆ بڵێیت ئەو خۆزگەیە بێتە دی؟ ئەرێ بە راست تۆ بڵێیت نێرگەلێک و رۆح کەڵەگا ئاسا هەبن کە لە سەدەی بیست و دوو و هەزارەی سێیەمدا بە سیحری ئەو پەرچەم و ئەگریجەیە بکەونە سەر سمکۆڵان و حیلاندن لە ژێر فشاری کوڵانی خوێن و جۆشدانی هەوەسی هار و گرگرتنی شادەمار و هەم دەمارە دەزوولەییەکان تا ئەندازەی زەرِین و پەرِین.. خۆ گەر وا بێت.. مەرجە ببرێنە بیمارستان و تیماری ئەو هەموو برینە زۆر و زەوەندەیان بۆ بکەین کە بۆتە کیم و زوون و تیراوەی هەوکردوو.. لە سەر پێست؟ نا نا نا.. بەڵکو لەسەر پەرەی رۆح و دڵ و مۆخ و گلێنەی چاوانیان!

وێجا.. خۆ کە ئەگەر ژیان و زیندەگی مەردمگەل ئیمتیحان و تاقیکردنەوە بێت لەم دونیایەی خۆمان، پاداشتی چاکە و خراپە لە قیامەتێ بە فەرمانی یەزدان بێت، کەواتە وا رەواترە کە پیاوان بۆ خۆیان کە بە نیازن بە دیداری حۆرییەکان و غیلمان شاد بن لە بەهەشت.. مەرجە ئەوان چاوانی خۆیان دابخەن.. ئەگەر نا..ئەوەیان چ تاقیکردنەوە و ئیمتیحانێکی ساختە و فشۆڵە؟ کەواتە چ حیکمەتێکی ئیلاهی تێدایە خانمان بۆ خاتری نێرینەکان لە کوونی ژوورەوە نەیەنە دەرەوە و کە هاتنە دەرەوەش مەرجە نیقاب و بورقا و سەرپۆش و رەفتە و لەچک و مانتۆ بپۆشن، گەر وابێت کەواتە بەهەشت هۆتێلێکی بەلاشخانەیە.

بە دیدگای من ئەوەیان تەوسئامێزە و پرە لە موفارەقە و پارادۆکس، پتریش فێڵ و تەڵەکەبازی رۆحی نێرینە و پیاوسالارییە، گەمەیەکێ چەپەڵی دەستەڵاتخوازی و ئایدیۆلۆژیایەکی سەردەستەیی نێرینەیە کە هەوڵێکی هەزارەها ساڵی بە دواوەیە لە ستەم و چەوسانەوە و خۆ زاڵکردنی نێرینە لە رێگەی یاسا و رێسا و ئەدەبیاتی مەزهەبەزەدەیی کە کۆی میراتەکە هی نێرینەیە.. نەک مێینە کە جێگای گومان و پرسیارە، لە ئاکامدا بەو نیازەش گەیشتوون کە ژنان و کچان کۆیلە و ملکەچ و ستەمدیدە بن و بە درێژایی تەمەن و زەمەن خەون بە سەربەستی و خودگەرایی و سەرخۆییبوون نەبینن، کە زادەی مێژوویەکی نایەکسان و راسیستی و نارسیستی نێرینەی تێدا پیادە دەکرێت بەو مەرجە کۆتایی دێت کە ژنان و کچان خاوەن بەڵێ و نەخێر خۆیان نەبن لە قۆناغی پێرەوگەییەوە تا سەریان دەیدا لە بەردی ئەلحەد!

یانژی بە دیدگا و قەولی ئەوان ئەوەیان فیتی شەیتان بووە کە فریوی داویت سەرپۆشەکەت دابخزێت و توندی نەکەیتەوە، یانژی ماندووی سەفەر بوویت و شەکەت و پرزە لێبڕاو، پاسدارانی کەودەن و یاساوڵەکانی ئاکار و ئاداب و پاسەوانی ناوگەڵ دوچاری هیستیریا بوون، ئاخر دەکرێت ئەوانی کەودەن و یاغنیش وایان مەزندە کردبێت کە ئاسمان رەش هەڵاتبێت لە تاو ئەو گوناهە کەبیرەیە، چون ئەگەری ئەوە زۆرە فریشتەکان سەرەتاتکێیان کردبێت، بێباک لە ماجەرای دونیا و مەردمگەلی تلاوە بە دەست گرفتی لە بن نەهاتووی شەڕ و شۆڕی هەزارەها هابیل و قابیل و کوشتارگە نەبڕاوەکان و ئەفسانەی ململانێی ئیبلیس بەرامبەر ملیۆنەها بە مەرجی فریودانی مەردمگەل کە ڕوو لە خراپە بن و پشت لە چاکەکاری، بە واتا ئاسمانێکی بێباک یان سەرقاڵ بەو خوێنبارانەی کە ئەم سەرزەمینەی بۆگەن و پیر و لەوتاوی کردووە، لەوەتەی "عیسا" بەسەر خاچەوە چوارمێخەی کێشراوە کە تا هەنووکەش نە دابەزیوە و نە ئاسمانیش هەڵیکێشاوەتەوە بۆ بارەگای باری تەعالا!

## خانمێکی تەنیا دەنێو جەنگەڵدا

رۆحی رەوان.. ژینا.. کەواتە کێ فریای تۆ بکەوێت کە ئاسمان سەرقاڵ و پەشێوحاڵ و شپرزە بێت، نەکا کەشتییەکەی "نوح" بە خۆی و سەرنشینەکانەوە زەریا هەڵیلووشێت، سەراسیمە بەو هەمەوو زەمین لەرزە و گڕکان و بورکان و جۆرەها دەرد و نەخۆشی کوشندە کە مەردمگەلی گیرۆدە کردووە، کەچی.. کەچی تۆ بێباک لەوەی سەرپۆش و رەفتەکەت 'با' دەیبات و فریشتەکان لە خۆت تووڕە و تۆراو دەکەیت، هاوکات ئیسرافیل و جیبرائیل و عزرائیل و رەزوان چاوانی خۆیان نووقاندووە لە ترس و تاوی دیمەنەی تۆ تیایدا گیرۆدەیت و هەم ئازا و جەربەزە، کەچی ئەوە تۆ بوویت 'ژینا'ی هێور و سەلار، لە بری ترس و تۆقین، ئەوەندە چاو قایم بوویت.. یان هەر خوو و خدەی خۆت بووە کە خەندەلێو بوویت و سەڵانە سەڵانە پیادەڕەوی هەنگاوت ناوە و رەدووی سەرپۆشەکەت نەکەوتوویت، لەولاوە ناچار و سیاچارە و لەرزە لێو بوون فریشتەکان لە حەوتەمین تەبەقەی ئاسمانێ، پاسداران و یاساوڵانی داربەدەست ناحەز بە جوانی و بوێریت بە رادەیەک شێتگیر بوون کە وەک ئەوەی تۆ ڕەشکەکا بیت و بتکوتن و بتکوتن و بتکوتن تا هەناسە لەبەربڕان!

ئیدی تەنگەتاوتر بوون یاساوڵەکانی رەوەشتمەندی عەمبارەپۆ کە بە هەق مەخلووقاتی زەندەقچوو بوون لەبەردەم ئارامی و دلێری تۆ و هەم پەرکەمدار و 'فێ'لێهاتوو لە تاو شەنگی و زیباییت، ناچار بە پەلەپروزێ و یەکاندەردوو وەخۆکەوتن و هەلقەیان بەست و پژدێنەیەکی بازنەیی و بڵندیان سازکرد بە قەد باڵای تۆ و بە پێچ و لوول وەک خەمی ناقۆڵات لە ساتەوەختی شکانی شکۆمەندی کچانەت لەژێر زەبر و زەنگی دڕندانەی پیاوانی مەزهەبزەدەی بێ مەزەب و مۆڕاڵ و ترسنۆک! چما نەتدەزانی توخمی نێرگەلی ناوگەڵ برسی بە بینینی پێچ و لوولی قەفی کەزی و بسکی تۆ خوێنیان دەکوڵێت و ئاگرێک

دەنێو شادەمار و دەمارە دەزوولەییەکانیان بەرپا دەبێت کە لەوەدایە کڵپە و بڵێسەی هەڵایساوی بگاتە دارستانەکانی سەرزەمین و باخەکان و لالەزار و باخی نێو فیردەوس کە تەڕ و وشک پێکرا بسووتێنن؟

چما نەتدەزانی کە پاسەوانانی دەوری دامەن و تەشک و تیرێژ و قەد و باڵای تۆ وەک گیانداری کێوی و دڕندەکان و سمدارەکانی ئەسپی شێت ئاسا سمکۆڵان دەکەن لەتاو هەوەسی هار و شەهوەتی دەخوێندا گڕگرتوو، قەستیانە خۆیان ببن بە قامچی و تیغ و شمشێر و قەمەی دوودەم کە سادیستانە لە سەد لاوە لەت و کوتت بکەن و.. هێشتا ئۆخەی ناکەن؟ ئەوان بە تەنها بە بینینی خوێن و فرمێسک و ئارەقەی ڕەش ئۆرگازم دەبن و بەس!

چ غەمناکە دیمەنی گەلەگورگ و کارئاسکێکی سرک و تەنیا و بێچارە دەنێو جەنگەڵدا، جەنگەڵی سەدەی بیست و دوو و هەزارەی سێیەمینی "ڕەشهەڵاتی ناوەراست" کە تیایدا ڕۆحەکان پەژموردە و تاریک و سام لێنیشتوو.. تاریکترە لەوەی کە چاو بتوانێت چاو ببینێت.. ئەمەیان چ گورگستانێکە.. ئیلاهی؟

چما ئەتۆ نەتدەزانی کە کچەزای "حەوا"یت کە "ئادەم"ی فریوداوە و بێباکانە لە درەختی حەرام و قەدەغەکراوی خواردووە. بەڵێ ئەوە ئەتۆی کە لاسایی دایکە "حەوا"ت کردۆتەوە و سەرپێچی دەکەیت و هەم پڕ بە زارت خەندەلێوانە سێوەکە دەکرمێنی و هەم سەرپۆش دەدەیتە دەست "با" و گێژەنی گەردەلوولەوە!

چما ئەتۆ نەتدەزانی دایکانی من و تۆ و هەزارەها بۆ سەدەها جار و بار بەردەوام بە ترسەوە بە کچەکانی خۆیان دەگوت. "سەرت داپۆشە.. کۆشت داپۆشە.. با دامەنی کراسەکەت تا سەر گۆزینگ بێت.. مەمکەکانت بشارەوە.. قریوە و قاقا و خەنینت نەیەت، خۆت تاس و لووس مەدە و خۆ مەڕازێنەوە، بەدەم ڕۆیشتن و پیادەڕەوییەوە ئاوڕ مەدەرەوە، زار و دەمت بشارەوە کە نان دەخۆیت ئەو کاتەی پیاوان دیارن، ترپە و تەقەی کەوشەکانت نەیەت.. گەر نا.. نێرەوز گەمارۆت دەدەن و و...هتد. بە ڕاست ئەمەیان جەنگەڵە یان دونیایەکی تازە؟

چما نەتدەزانی بۆچی دایکانمان سەد بارەیان دەکردەوە بە چرپەوە کە ئێمەی کچانی 'حەوا' لە پەراسووی چەپ و هەم خوار و خێچی 'ئادەم' دروست بووین و تا قیامەت ڕاست و ڕێک نابینەوە.. هەر بۆیە لەسەر هەر سیلەی کۆڵان و گۆڕستانێک و جادەیەک پیاوان و لاوانی داربەدەست وەک ئەرژەنگ وەستاون لە شمشێری بڕندەتر قیت و قۆز وەستاون بە ناوی چاودێری خراپە و چاکەکاری خەڵکی، کە گەرەکە بۆ هەر هەڵە و پەڵە و کەتنێک و سووکە گوناهێک بە دار و مەترەق و تێڵا و قامچی و قیرپاچ و شەللاق بەو نیازەی ڕێک و ڕاستتان بکەنەوە، ئەی دایکە نەیچرپاند بە گوێی تۆدا کە هەر

راستکردنەوەیەک خوێن و شکانی شکۆمەندی و گۆبەند و رسوایی بە دواوەیە کە زادەی میراتێکە کە زۆر قورسە کەسمان بیزانین کەی دەستی پێکردووە و کەی کۆتایی دێت و گۆڕ بە گۆڕ دەبێت.. خۆ گەر بشیزانین پێمان شەرمە بیدرکێنین، چونکە پیشەسازی و بەرهەمی دەست و فیکری ئێمەیە.. ئێمەی چی چی چی؟ خۆتان ناوی بنێن!

❊❊❊

## ژینا.. قەقنەس ـ کەی ئێمە

مەگەر هەر هەمووومان نەمانبیستووە کە لە ناوئاخنی ئەدەبیاتی "ئیسرا و میعراج"دا هاتووە و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە زۆرینەی 'ئەهلی دۆزەخ' ژنان بوون لە پای ئەوەی کە بۆ هەمیشە نزیکن لە خراپەکارییەوە و دوورن لە چاکەکاری، گوایە لە دۆزەخیشدا بە قژ و قاڵی خۆیانەوە هەڵواسراون.. بە راست.. دیسانەوە.. خۆ ئەوان زۆر زووتر دەنێو دۆزەخدا ژیان هەم مردن.. من بەڵگەم هەیە و گەواهی دەدەم کە پلکە 'زاریێ' دایکم و پێنج خوشکی خۆم و سەرباری کچان و ژنانی گەڕەک چلۆن دەسووتان.. ئاخۆ بەس من ئەو ئاگرەم بینیوە یان هەر هەموو نێرینەکانی گەڕەک و شار؟ نازانم.. بەڵام ئەوەندە شکۆمەند بوون کە دوای هەر سووتانێک ئازایانە وەک باڵندەی ئەفسانەیی "قەقنەس" ئاسا دەنێو خۆڵەمێشی خۆیان سەر لە نوێ رادەبوون و هەڵدەستانەوە و زیندوو دەبوونەوە.. ئاخر سۆز و بەزەیی و میهری ژنانە و دایکانە و خوشکانەی خۆیان دەنواند کە هاوخەم و سۆزیاری ئێمەی نێرینە بوون کە نەکا غەمناک و پرسەدار و تەنیا بکەوین.. ئەوەیان چ قوربانیدان و جوانی و رۆحێکە کە ئێمەی نێرینە نایبینین.. ئیلاهی؟!

ژینا.. ژینای ژن و ئازادی و شکۆمەندی و بوێری.. لەوەش قەباحەتر و ترسناکتر و گوناهێکی کەبیرەتر ئەوەبوو کە ئەگەر سزای تۆ نەدەن و نەتکەن بە نموونە و پەندی زەمانە، جوغل و تەمبێت نەکەن بۆ توندکردنی سەرپۆشەکەت، ئەوسا کچانی هاوتەمەنی تۆش سایلی تۆ سەرکۆت و ئاڵاو واڵا دەبن و ئیدی پیاوانی چاوچلێس و ناوگەڵ برسی دوچاری نەزەری حەرام دەکەن، لەوەش کوشندەتر ئەوەیە کە ئێوە بپرسن و گومان بکەن کە بۆچی دەبێت ئیمانی پیاوە سمێڵ بابڕەکان ئەوەندە تەنکۆڵە و لەرزۆک و چروک بێت؟ بۆچی مەرجە لەرزۆکی ئیمانی ئەوان یان تۆکمەیی دینەکەیان لەسەر بە دیارکەوتنی پەرچەم یان داپۆشینی پابەند و وەستابیت کە بۆ هەمیشە پێوانە بێت بۆ وەدەستهێنانی بەهەشت و دووربوون لە دۆزەخ؟
ژینای.. دەرە ژین.. ئەتۆ چیت کرد گیانی پەژموردەی گیانان، چلۆن وا ئاسان هەوەسی پاسدارانی دار بەدەستی ئەخلاقت ئاگر داوە بە ئەندازەی دەیری و دەللی بوونی فریشتەکانی ئاسمان لە تاو ئیرەیی و بەغالەت بە جوانییە ئەفسوونبار و و رۆحی 'بەور' ئاسات.. گەرچی کە مەرگهێنیش بوویێت؟ ئاخر پاسەوانانی ناموسپەرست مەزەندە و ترسی ئەوەیان هەیە کە بە هەزارەها فریشتەی دەوری عەرش و مەلەکووت پایدۆستی لێبکەن و بتەکنەوە، لە گوینە کە هەندێکیان لە تین و تاو و

ترسێکی پەنهان کە تۆ بەرپات کردووە.. پەڕ و باڵیان هەڵوەریێت، بە هەزارەهاش لە تەک حۆرییە زێدە نازدارەکان لە تاو بێباکی تۆ و نەترسانت لە ئاگری جەهەننەم سۆمای چاوانیان بڕژێت، ئاخر فەرمانە کە نەدەکرا نێرەوزەکانی ئاسمان و هەم سەرزەمین یەکاندەردوو بە شەوارە بکەون ئەو کاتەی پێکرا مەست و حەیرانت دەبن کە ئاوڕ لە تۆ دەدەنەوە بە جۆرێک کە کەیل و کاس ببن کە وەک گەداکان سواڵی خەندەیەک و نیگایەک و ناز و هەوایەکی تۆ بکەن، وای وای.. ئەوەیان چ ئابڕووچوونێک بوو کە فیز و شکۆی خۆیان لەبەردمی خانمۆڵەیەکدا دۆڕاند!

***

## خەون و خەیاڵێکی خوێناوی

چما ئەتۆ نەتدەزانی کە لە شانشینی بێ خەیاڵ و خەونەکاندا.. خەون بینین و خەیاڵی فڕین سزاکەی خوێنی سەرە؟ هۆ نازەنینی هەر هەمووکمان مەراقی ئەوەمانە و بێ ئۆقرەین.. ئاخر چلۆن ئەتۆ لە شەوی دەیجوردا وەک چرا دادەگیرسێێت کە هەر هەمووان عەیب و عەورەت و چەهرەی ئەرژەنگ ئاسای خۆیان ببینن لە مەملەکەتێک کە هەر خەونێکی سەرکەش و سەرکێش بۆ خۆی خوێنی سەرە و خۆ سپاردنە بە دۆزەخ لەسەر دەستی ئەوانی ناحەز بە خەونی شەکرە کەنیشکێک؟

هۆ 'شەهرەزاد' کەی ئێمە.. چما ئەتۆ نەتدەزانی ئاخوندەکان کە نابینان هەر خەونێکی ڕەنگینی کچە ڕەنگاڵەیەک و شەکرەژنێک زەندەقیان دەبات، دە ئاخر دەزانی یان نا کە بینینی خەون بە ڕۆژی ڕوناک لای شەمشەمە کوێرەکان چ گوناهێکی کەبیرەیە، تۆی خۆشخوان و سەراسیمە بە داستانی "هەزار و یەک شەو"ە کە 'شەهرەیار'ی مەست و مەیزەدە کردبێت و جوانی تۆ ئەفسوون و سیحری حیکایەت و داستانەکانی تا دوا پەندی پڕ لە تانوپۆ و گرێچن بیبات و بەدەم زرنگانەوەی زەنگوڵەی دەنگی تۆی خۆشخوێن خەو بیباتەوە.. ئیدی بۆ هەمیشە و بۆ هەتاهەتایە 'شەهریار' شەیدا و دێوانە و گیرۆدەتە و ناتوانێت سەرت ببڕێت و بتکوژێت وەک هەزارەها لە هاورەگەزی تۆ، لە پای بیانوویەک کە تا هەنووکەش دیار نییە.. تاکە بیانوویەک خوێنخۆری پادشاکان و پیاوەکان بووە کە بۆ هەمیشە خوانی خوێناوی 'ئۆرگازم' و سەرمەست و شادی کردوون، ئیدی تۆی ئەفسوونگەر هاتیت و بە گێڕانەوەی داستانەکان سەرسام و حەیران و هۆگرت کرد و مەرگی دیکەی هاورەگەزەکەی خۆت ڕاگرت، بە ئەندازەیەک شاد بوو کە شەوێکیان خواستی ئەوە بوو ئیدی سەرپۆشکەت فڕێ بدەیت.. ئیدی خۆت ڕەها کرد، چون جوانی و زرنگی و ئەفسوونی جادووگەرانەت بوو کە ئەو خوێنخۆرییەی 'شەهرەیار'ی بنەبڕ کرد، ئەوەشیان پیاوە سادیست و خوێنخۆرەکانی مەملەکەتی شێت و داغان و غەمگین کرد و کۆستیان کەوت کە پادشا دەستبەرداری خوێنخۆری کچان و خانمانی ببێت.. پیاوانی مەست و خۆشنوود و ئاسوودە بە خوانی خوێناوی و خەیاڵکوژ لێنەگەڕان گیانۆی کەلەکەوێت .. لێنەگەڕان.. تا هەنووکەش خوێنبارانە و شانشینی پرسە و واوەیلا و مەرگەساتە جوانێ.. بەڵام ئەوە تۆیت

که هەزارەها داستان و سەرگوزشتە و پەند و بەیت و بالۆرە و هیکایەت و چیرۆک و رۆمانت بۆ ئێمە بەجێهێشتووە و تازە فرچکمان پێوە دەکەین و میراتگری ئەمەکداری جوانی و میهر و شکۆمەندی و ئازایەتی و زرنگی تۆین.. بە قوربان.. شەو و شەوگارت شاد و ئەرخەیان و ئارام بنوو کە ئەمشە و سەدەها شەوی دیکە هەر هەمووومان بێدار ئێشگر و دەرگاوان و پاسەوانی خۆت و خەیاڵ و خەونە شیرینەکانی تۆین بە درێژایی زەمەن و تەمەن.. هۆ 'قەقنەس'ی هەر هەموومان!..

(سەرەتای پایزی/٢٠٢٢)

"شێرزاد حەسەن"

+پەراوێز: .

•قەقنەس: قەقنەس (بەئینگلیزی Phoenix:، گریکی دێرین Φοῖνιξ :، بەفارسی: ققنوس، عەرەبی: العنقاء)، باڵندەیەکی خەیاڵی و ئەفسانەئامێزە کە بەراورد دەکرێت بە جۆرەها باڵندەی دیکەی راستەقینە، باسی لێکراوە دەنێو داستانە کۆنەکانی عەرەب وەکو سەرچڵییەکانی سندیباد و داستانی 'هەزار و یەک شەوە'، بەگشتیی لەنێو داستانە فارسی و رۆمانی و گریکی و میسری و چینییەکاندا هەبووە. قەقنەس، وەکو بێچووی باڵندەیەکی پیرۆز لەنێو داستانەکاندا چاوی لێکراوە. باڵندەیەکە لەسەر هێلکەکەی دەنیشێت تاوەکو دەتروکێت، لە کاتی تروکاندا ئەوەندە بە خۆشییەوە بۆ بێچووەکەی دەخوێنێت و پوش و پەڵاش لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە تاوەکو پوشەکان ئاگر دەگرن و خۆیشی دەسوتێت، جا ئەو بێچووەی کە لە هێلکەکە دەتروکێت، پاشانیش دەبێتەوە بە دایکانە. دیارە سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوە دەدەن کە خودی" قەقنەس" تاکە باڵندەیەکی ئەفسووناوییە کە پێشبینی مەرگی خۆی بکات، گوایە سەرووەختی گیانەڵا پووش و پەڵاش کۆ دەکاتەوە کە ئاگر دەگریت و قەقنەسەکە دەسووتێت بە پەرجوویکی دەگمەن و ئەفسانەئامێز دەنێو خۆڵەمێشی خۆیدا کە زادەی موعجیزەیەکی ئەفسانەئامێزە زیندوو دەبێتەوە.

- بەور: سەر بە خێزانی پڵنگە، هەندێک جاریش وەک مێینەی پڵنگ چاوی لێدەکرێت.
- تەوار: مێینەی باز یان بازی مێچکە.

(سەرەتای پایزی/٢٠٢٢)

"شێرزاد حەسەن"

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوچرخ – ڕێکەوتی: ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

# جارێکی تر تەنیا چیاکان دۆستی کوردن



پەیڕەو ئەنوەر

### یەکەم: ئێران و قەیرانەکانی

ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێستە ڕووبەڕووی چەند قەیرانێکی بنیاتی بووەتەوە. ڕووکاری قەیرانەکان هەم ناوخۆیین و هەمیش دەرەکین و گوزارشت لە کەڵەکەبوونی چەندان کێشە و فەلسەفەی حوکمڕانی ناو سیستمەکە دەکەن. لە دوای شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە یەکەمجارە بەو شێوە و قەبارە و ئەندازەیە فشار بکەوێتە سەر سیستمی سیاسی و ڕژێمی حوکمڕانی لەو وڵاتەدا لەلایەن گرووپە ئیتنیکە جیاوازەکانەوە بە خودی فارسەکانیشەوە.

ئەم ڕووداوە هەڵگری چەندان مانا و لێکدانەوە و تێگەیشتنی هەمەچەشنە و دەزگاکان و شەرعییەت و ئاستی ڕەزامەندی گەلی ئێرانی بۆ ڕژێمەکە دەخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە. دیارە سەرەتای ناڕەزاییەکان لە لەچک و پرسی خۆداپۆشینی جەستە و پۆلیسی ڕەوشت و خۆداپۆشینی ئافرەتان لە پانتایی گشتییەوە دەستی پێ کرد، بەڵام لە ناوەڕۆکدا قووڵایی پرس و کێشەکە، کێشەی نەمانی شەرعییەتی ڕژێم و خواستی خەڵک بۆ دەزگاکانی حوکمڕانی و کەڵەکەبوونی ستەم و زۆرداری چەندان ساڵەی ڕژێمێکە کە دەیەوێت هاووڵاتییان و پێکهاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێرانی، بکاتە دەرەوەی بابەتی ئازادییە تاکەکەسییەکان و مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، هەموو ئەو مافە سروشتییانەی کە لەهەر

دەوڵەتێکی دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئامادە و بەرجەستەیە، هەموو تاکێک دەتوانێ پیادەی بکات و سوودی لێ وەربگرێت.

فشارەکانی ئەمجارە وای لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کردووە، بەتەکنیکی چەک و تەکنەلۆجیای سەربازیی سروشتی، قەیرانەکان بگۆڕێت و هەناردەی دەرەوەی خۆی بکات تا بەخێرایی بەسەریدا زاڵ بێت، رێ لە فراوانبوونی ئاست و بازنەی ناڕەزایەتییەکان بگرێت، لە کاتێکدا رۆژ دوای رۆژ چرکەسات دوای چرکەسات، هاووڵاتییان زیاتر نامۆتر دەبن لەناو سیستمەکە و زیاتر هەست بە پەراوێزبوون دەکەن.

**دووەم: ترسان لە کەوتن**

هەموو سیستم و ئایدۆلۆجیایەکی سیاسیی تاکڕەو و دکتاتۆر بۆ ئەوەی نەکەوێت و بەرگری لە خۆی و پایە و داهاتووی بکات و تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە، بەرێژەیەکی بەرز و خەیاڵی پەنا بۆ زەبروزەنگ و توندوتیژی و کوشتن و لەناوبردنی نەیارەکانی دەکاتەوە. رژێمی سیاسی لە ئێران بەپلەی یەکەم، ترسێکی یەکجار زۆری لێ نیشتووە بەوەی کە شۆڕشی ئەمجارەی خەڵک و هاووڵاتییان، کۆتایی بە حوکمڕانی و هەژموون و سیاسەت و ستراتیجەکانی بهێنن. ترسان لە کەوتن بووەتە هۆی ئەوەی پەنا بۆ هەموو ئامراز و کەرەستە و رێیەک ببات، بۆ ئەوەی پایەکانی ناو رژێمە نەکەوێت و نەبن بە مێژوو و رابردوو. ئەمڕۆ ئەم رژێمە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت چۆن رووداو لە دەرەوەی خۆی دروست بکات و ئاراستەی کێشەکان بگۆڕێت و رەوانەی دەرەوەی خۆی بکات بۆ ئەوەی نەکەوێت و بمێنێتەوە.

یەکێک لەو تەکنیکانەی کە ئێران دەیگرێتەبەر بۆ دۆخی لەم شێوەیە، هێرشکردنە سەر نەیارەکانێتی لە دامێنی خۆی بەتایبەت هێزە کوردییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان کە بەلای ئێرانەوە، هەمیشە بەئامانج گیراوە و بەئاسانی دەتوانێ هێرشیان بکاتەسەر. دیارە چەند هۆکارێک ئەم پرۆسەیەی ئاسانتر کردووە لەوانە: یەکەم: عێراق دەوڵەتێکی ناسەقامگیرە، حکوومەتەکەی لاوازە و سەروەرییەکەی لە دەست داوە و بەمەش هێزە دەرەکییەکان، بەتایبەت ئێران بەهۆی نزیکی جیۆپۆلەتیکی و هەژموونی سیاسی، بە ئاسانی دەتوانێ بیانپێکێت و گوتاری سیاسیی خۆی پێ لەسەر بنیات بنێت. دووەم: لەڕووی جیۆگرافییەوە هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی خۆرهەڵات، نزیکترن خاڵن و کێشەی کوردیش لە ئێران قورسایی و پێگەی خۆی هەیە، بەمەش ئێران دەیەوێ سەرنجی خۆپیشاندەران لەم رێیەوە بگۆڕێت و فشاری خۆپێشاندەران لەسەر سیستم و رژێمەکەی کەم بکاتەوە، جارێکی تر دەرفەت بە مانەوە و زیندووبوونەوەی خۆی بدات.

### سێیەم: تەنیا چیاکان دۆستی کوردن

چوارشەمی رابردوو ئێران لەرێی کۆمەڵێک موشەکی بالیستی و درۆنی خۆکوژ و لەرێی چەندان هێرشی چڕ بۆ ناوچەکانی کۆیە و پردێ و زرگوێز، ١٧ پێشمەرگەی دیموکرات و کۆمەڵە و پارتی ئازادی کوردستان شەهید کرد و زیاتر لە ٣٢ کەسی تریش بریندار بوون. دیارە هێرشەکان دوور لە هەموو یاسایەکی نێودەوڵەتی و رێسا و نۆرمێکی جەنگ ئەنجام دراون و هاووڵاتی و شوێنە مەدەنییەکانی وەک قوتابخانە کراونەتە ئامانج و کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دۆخی منداڵان و هاووڵاتییان بەجێهێشتووە.

هێرشەکانی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران گشتگیر و فراوانە و زیاتر لە شوێن و پێگە و جیۆگرافیایەکی گرتووەتەوە و زیاتر لە هێزێکی سیاسیی خۆرهەڵاتی کوردستانیشی گرتووەتەوە. پێدەچێت پاڵنەری سەرەکی ئەم هێرشەی ئەمجارە، ناردنی پەیام و داواکاری بێت بۆ هێزەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بەوەی کە زیاتر فشار نەخەنە سەر سیستمی سیاسی لە شارە کوردییەکان، بەتایبەت دوای مەرگی ژینا و جووڵانی شەقام و فراوانبوونی ناڕەزایەتییەکان و کۆدەنگی بۆ رووخاندنی رژێمە سیاسییەکە، لەلایەکی ترەوە داواکارییە بۆ هێزەکانی ئەمەریکا کە رۆڵ نەبینن لە هاندانی شەقامی ئێرانی بۆ بەگژداچوونەوەی رژێمەکە و رووخاندنی دەسەڵاتە سیاسی و مەزهەبییەکەیان.

مووشەکبارانکردنی ئەم هێزە کوردییانەی خۆرهەڵاتی کوردستان و بینینی ئەو هەموو وێنە تراجیدییەی منداڵانی کورد، خۆشاردنەوەیان لە ژێر بەرد و ناوچەی دەشت و دۆڵەکاندا لە ترسی بۆمب و درۆنی ئێرانی و هێرشە ناڕەواکانی سوپای ئێران و بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زلهێزەکانی دنیا، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا، دووبارە ئەوەمان بیر دەهێنێتەوە کە تەنیا چیاکان دۆستی کوردن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## پاساوە لاوازەکانی ئێران



**فرسەت سەید شوکر**

بەیانی ڕۆژی چوارشەم ٢٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ بە چڕی بنکە و بارەگاکانی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خاکی هەرێمی کوردستاندا تۆپباران کران، هێزەکانی دیموکرات لە کۆیە و پارتی ئازادیی کوردستان لە پردێ و کۆمەڵە لە زرگوێز، کرانە ئامانج.

هەرزوو ئاراستە و بیری هەمووان بەلای ئێراندا چوو، دوای ماوەیەکی کەم سوپای پاسداران بە فەرمی ڕای گەیاند، هێرشەکان ئەوانن و هۆکارەکەیشیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاندەر و پاڵنەری فراوانبوونی خۆپێشاندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.

ئاکامی ئەم هێرشەی ئێران چەندان شەهید و برینداری لە پارتی ئازادیی کوردستان و حزبی دیموکرات لێ کەوتەوە، سەرەڕای ئەوەیش دیمەنی ئازاربەخش و کاریگەر لە ناوچەکانی نزیک لەو ڕووادانە بەدی دەکرا، بەتایبەت کردنە ئامانجی هاونیشتمانیانی سڤیل، هێرشەکان چڕ بوون و بەپێی خەمڵاندن، زیاتر لە سێ جار دەیان کاتیۆشا و درۆنی خۆکوژ، ئاراستەی بنکە و بارەگاکانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات کران.

لە ماوەی هەفتەی ڕابردوو لە شارەکانی سنە، سەقز، مەریوان، بانە، دیوڵان، سەوڵاوا، کامیاران، مهاباد، بۆکان، پیرانشار، شنۆ و نەغەدە، بۆ سەرکۆنەی ئەو تاوانە دەرهەق بە (ژینا ئەمینی) لە تاران کرا، دوکان و بازاڕەکان داخران. لەناو شاری کرماشان و شارەکانی تری ئەو پارێزگایە مانگرتنی گشتی بەڕێوە چوو. هەروەها لەناو شاری ئیلام و چەند شارێکی تری پارێزگاکە، بەشێک لە خەڵک دوکان و بازاڕەکانیان داخست، بەڵام گوشارەکانی حکوومەتی ئێران لەسەر خەڵک بەردەوام بوون، بۆ وەستاندنی مانگرتن و گەڕانەوە بۆ سەر کارەکانیان.

لەسەر ئاستی ناوخۆ هێرشەکانی ئێران لەلایەن بارەگای بارزانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرکۆنە کران، ئەوە ڕاگەیەنرا کە دەبێت ئەم هێرشانە بوەستێنرێن، چونکە بوونەتە هۆی شەهید و بریندار بوونی هاووڵاتییانی سڤیل و ژن و منداڵی بێتاوان و ئەوە تاوانکارییە.

لەلایەکی تریشەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بە توندی سەرکۆنەی ئەم کارەساتەی کرد و دڵنیایی بە ئێران دا کە ئەم هێرشانە بێ وەڵام نامێننەوە. ئەو پەلامار و بۆردمانانەی ئێران پێشێلکردنی بنەماکانی دراوسێیەتی و دۆستایەتی و سەروەرییە، هیچ پاساوێک هەڵناگرێت و لە دژی بەرژەوەندی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستانە.

ڕاستییەکەی ئەم هێرشانەی ئێران چەندان ڕەهەندی سیاسی و سەربازیی لە دوای خۆی جێدێڵێ، سوپای پاسداران بەم جووڵە سەربازییەی دەیەوێ خۆپێشاندانی دەیان شاری ئێران بخاتە ئەستۆی حزبەکانی ڕۆژهەڵات، لە کاتێکدا لەناو دڵی ئێراندا کە شارە فارسەکانن، خۆپێشاندانی گەورە بەڕێوە چوون، ئەمە بۆ خۆی لادانە لە حەقیقەتی ڕووداوەکان، چونکە ئەم ڕووداوە بۆ خۆی ڕاپەڕینێکی گشتییە نەک تایبەت بێت بە پێکهاتە و نەتەوەیەک.

ئێران بە هەرس نەکردنی پێشکەوتن و ئاوەدانی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، چەندان جارە هەرێم بۆردمان دەکات، لە کاتێکدا چەندان دەوڵەت بە ئاشکرا لە ئێران دەدەن، بەڵام ئەو ناتوانێ ڕووبەڕوو و ڕاستەوخۆ بەرانبەریان بوەستێتەوە، کەچی خاکی کوردستان دەکاتە ئامانج.

بەهۆی ناهاوسەنگی ژیان، هەڵاوسانی بازاڕ، هەژاری، بێکاری، خراپی دۆخی تەناهی و لە دوایەمیندا شەهیدکردنی ژینا ئەمینی، دۆخێکی ناهەموار چاوەڕوانی ئێران دەکات، بەو پێیەی خەڵک بە هەموو شێوەیەک دژی هەنگاو و جووڵەکانی حکوومەت دەوەستنەوە، دەیانەوێ بە زوویی کۆتایی بەو ڕەشبگیری و ترس و تۆقاندنە بێنن کە سەرانسەری وڵاتەکەی گرتووەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## سەرنجێک لەسەر ئاڵۆزیەکانی ئێران



**محەمەد ئەحمەد شەمێرانی**

دوای ئەوەی کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژینا ئەمینی (مەهسا)بە ناڕەواو بە دەستی پۆلیسی ئەخلاقی کۆماری ئیسلامی ئێران شەهید کرا، دەنگی ناڕەزایەتی بەشێک لە شارە ئێرانیەکانی گرتەوە، بەتایبەت شارە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕواڵەتدا ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیانە وەک کاردانەوەو هاوسۆزێک بۆ مەرگی ئەو کچە کوردە دروست بوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەڵگری ڕقی پەنگخواردوی دەیان ساڵەی ناخی هاووڵاتیانی ئێرانی بوو، وەڵامگۆی خەڵک بوو بۆ هەموو ئەو زوڵم و زۆر و ناعەدالەتیەی کە ساڵەهای ساڵە کۆماری ئیسلامی ئێران دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی ئەو وڵاتە ئەنجامی دەدات.

دەوڵەتی ئێران وەک دەوڵەتێکی تۆتالیتار سەرەڕای ئەوەی دەستەملانی چەندین کێشەو قەیرانی نێو دەوڵەتیەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش وەک جەستەیەکی دابڕاو نامۆ سەیری دەکات و مامەڵەی لەگەڵ دەکات، کەچی دەستەو یەخەش بوەتەوە لەگەڵ چەندین قەیران و کێشەی ناوخۆیی، لەجیاتی ئەوەی هەوڵی چارەسەر کردنیان بدات و ڕێکاری گونجاویان بۆ ببینێتەوە کەچی هەوڵی شاردنەوەو پەردە پۆشکردنیان دەدات، وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی و هەموو دەوڵەتە دیکتاتۆر و خۆ سەپێنەکانی تر.

کۆماری ئیسلامی ئێران ئەگەر چەندین ساڵە لە ڕێگای دەست و پێوەندەکانیەوە توانیبێتی شۆڕش هەناردەی دەرەوەی سنورەکان بکات وەک ئەوەی کە لە هەریەکە لە ( لوبنان، سوریا، ئێراق، یەمەن)کردی و هەر لەوێشەوە ململانێی نەیارەکانی خۆی کرد، بەڵام ڕەنگە لەمەودوا نە ئەو توانایەی هەبێ نە ئەوەی بۆ بچێتە سەر، ڕەنگە پێشهاتە سیاسیەکان لە بەرژەوەندی ئەو نەبن و پێدراوە سیاسیەکانیش وامان پێ دەڵێن کە لەئێستادا هەنگاوەکانی بەرەو دواوەن و ئەگەر لە ڕابوردودا خەریکی خەونی گەورەی دروستکردنی هیلالی شیعی بوبێت و توانیبێتی سەرکەوتوانە شۆڕشەکانی بگوازێتەوە

دەرەوەی سنورەکانی خۆی ئێستا وا کێشە ناوخۆیەکان چنگیان لە یەخەی گیر کردووەو خەریکە ئەی خنکێنن، ئەویش بۆ پەردە پۆشکردنیان دەستی داوەتە تۆپبارانکردن و شەڕی درۆنی دژ بەهەرێمی کوردستان وەک ئەوەی کە لەچەند ڕۆژی ڕابوردودا ڕویداو هێرشی کردە سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو خاکی هەرێمی کوردستان، ویستی بەو هێرشانە پەردەپۆشی واقعی نارەزایەتیەکان بکات و بە جیهان بڵێت ئەوەی کە هەیە نارەزایەتی خۆڕسکی شەقامی ئێرانی و هەڵقوڵاوی ناوخۆی ئێران نیە، بەڵکو دەستی ئاژاوەگێڕی ئەوانە بۆ تێکدانی ئارامی شارەکان و لە دەرەوەی سنورەوە هاوردە کراوە، ئەمە لە کاتێکدا کە پێچەوانەکەی ڕاستەو واقعی ژیان و گوزەرانی خەڵک وامان پێ نائێت.

ئەم وتارە دید و بۆچونی تایبەتی نووسەرەکەیەتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاوی گەل – ڕێکەوتی: ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## ئایا ئەو ڕێژیمە لەسەر دەستی کورد و بە ئیرادەی کورد دەڕووخێ؟



**برایم جەهانگیری**

ڕۆژهەڵاتی نەبەز، ڕۆژهەڵاتی دڵ، جارێکی دیکە بە وەڕێخستنی مانگرتنی گشتی لە سەرتاسەری کوردستان شکست و نائومێدییەکی دیکەی بەرەوڕووی ئەو ڕێژیمە فاشیستی و دژی بەشەریە کردەوە.

ڕێژیم بە هاژەکباران و هێرشی تێرۆریستی بە درۆنی بۆمبرێژکراو بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوو هۆکاری هەبوو،
**یەکەم** داخی دڵی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بوو کە لەمێژ بوو پێشبینی ئەوە دەکرا لە حاڵەتی یەکگرتنەوەی دوو دێمۆکراتدا هێرشیان بکرێتە سەر.
**دووهەم** پێی وابوو بە هێرشی لەو چەشنە سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنێ، پێی وابوو کورد تووشی ترس و تۆقاندن و ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیش تووشی نائومێدی دەکات و ئەو نائومێدییە سەرتاسەری ئێران وەها دەگرێتەوە کە دەنگی ناڕەزایەتیەکان کپ بکرێن؛ بەڵێ ئامانجی ڕێژیم لەو پەلامارە دڕندانەیە ڕێک ئەوە بوو.

هێرشی تێرۆریستیی دەوڵەتێکی تێرۆریستی بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بێجگە لە کاردانەوەی زۆر باشی هێز و لایەنە سیاسییەکانی باشوور و هەموو ئێران، بووە هۆی تووڕەیی زیاتری خەڵکی کوردستان و ئەوانی دووبارە بەرەوڕووی بەرپرسایەتییەکی دیکەی مێژوویی کردەوە کە وەک دەبینین بەوپەڕی شانازی و سەربڵندییەوە لەو ئەموونە هاتە دەر.

ڕێژیم هێرشی کرده سەر بنکه و بارەگای حیزبەکان، بنکه و بارەگایەک که شوێن و مەکانی خباتکارانی سیاسی و ژن و منداڵی ئەو خەباتکارانه بوو، بنکه و بارەگایەک که وەک نیشانه وایه و جێگا و مەکانی مەعلوومه، ئەو هێرشه تێرۆریستییه و ئەو پەلامار و سنووربەزاندنه بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتی و کەڵەگایی و یاغیگەرییەکی ئاشکرای ئەو ڕێژیمەیه بەرامبەر به هەموو کۆمەڵگای جیهانی و سەلماندنی دوژمنایەتیی بێسنووری ئەو ڕێژیمەش بوو بەرامبەر گەلی کوردی کۆڵنەدەر.

هەر وەک وەبیرهێنانەوه له کاتی یەکەم شەڕی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات له ڕاساندا و له کاتی شەهیدبوونی پۆلێ پێشمەرگەی ئەو نیشتمانه لەحاڵێکدا زۆر کەس سەرکۆنەی ئەو بەرنامەیەی دەکرد، من نووسیم ئەو حەرەکەته شکاندنی ئەو ئیراده فەرزکراوەیه که ڕێژیم ساڵەهایه بەسەر کوردستاندا زاڵی کردووه و ڕاسان ئەو باوەڕەی ژیاندەوه که کورد دەتوانێ هەموو کات ئەو فەرزی ئیرادەیه بشکێنێ و ڕێژیم و هێزه هڵۆڵه بێباوەرەکانی تووشی سەرسووڕمان و نائومێدی بکا. ئەوه گرینگترین پەیامی شۆڕشگێڕانەی ڕاسان بوو.


ئەوکات نووسیم به دووری مەزانن ئەو ڕێژیمه لەسەر دەستی کورد و پێشمەرگه تێکتەپێ، دیاره مەبەستم ئەوه نەبووه که پێشمەرگه تاران ڕزگار دەکات و داگیرکەر دەڕووخێنێ بەڵکوو مەبەستم ئەو هەوێنه بوو که بەهۆی پێشمەرگەوه دروست دەبێ و دەبێته هۆکار بۆ ڕووخانی فاشیزمی مەزهەبی.

بەڵێ ئێستا ئەو ڕۆژه نزیکه، ئاخر ئەو ئیرادەیه هی کورد بوو که به مانگرتن و ڕاپەڕینی خۆی وای کرد جارێکی دیکه سەرتاسەری ئێران بۆ شەهید "ژینا ئەمینی" بێته دەنگ؛ کۆمەڵگای ئێران بەگشتی ئەوەی چەند ساڵه له دڵی خۆ دا کەڵەکەی کردووه دەریبڕێ و کار بگاته جێگایەک که ئەمڕۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمه به یەکگرتوویی و بەشداریی هەموو لایەک و به بەشداریی گەلانی ئێران بەگشتی له هەموو کات نزیکتره.

بەڵێ ئەورۆ کوردی ڕۆژهەلات جارێکی دیکه به دنیا و به ئیران و به دوژمنانیشی نیشان دا که ڕێژیم دەتوانێ به مووشەک و درۆنی بۆمبڕێژکراو ئەو بنکه و بارەگایانه بڕووخێنێ، دەتوانێ چەند پێشمەرگەیەک شەهید و ژن و منداڵی بێتاوان خەڵتانی خوێن بکا بەڵام مەحاڵه و مومکین نییه ئیرادەی ئەو گەله بڕووخێنێ و بچووکترین درزی تێ بخات، ئیرادەیەک که تەمای وەیەتی تا ڕووخانی ئەو ڕێژیمه و به سزا گەیاندنی خەیانەتکار و جنایەتکاران له خەبات و بەرخودانی ڕەوا نەوەستێ. ئەورۆ ئاگری ڕق و تووڕەیی کورد سەرتاسەری ئێرانیشی گرتۆتەوه و ئەو بۆچوونه له ڕاستی نزیک دەبێتەوه که ئەو ڕێژیمه لەسەر دەستی کورد و به ئیرادەی کورد دەڕووخێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١١ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

# پێویستیی یەکگری بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی




**محەمەدساڵح قادری**

له بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا، کاتێک خەڵک له نێوخۆ و له دەرەوەی وڵات به مانگرتن و ڕاپەڕینی گشتگیر بوونەتە هێزێکی پاڵنەری کاریگەر و، بناغەی دەسەڵاتی ڕێژیمان وەلەرزە خستووە و بەرەو ڕووخانی دەبەن، لێرە و لەوێ دەبینین هێندێک لایەن و چالاکی سیاسی پێیانوایە کورد دەبێ هەر له ئێستاوە ڕێی خۆی له نەتەوە و بەشەکانی دیکەی ئێران جیا بکاتەوە. ئەوان دەیانەوێ به هەستێکی دەمارگرژانە و هاندەرانە، سیاسەتی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان ببەنە ژێر پرسیار و بەو کارەیان هەستیاریی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دژ بە کورد بورووژێنن و زەمینەی پێکەوەکارکردن بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم لاواز بکەن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، له بێئەزموونیی سیاسی و له وەهمی خۆ به سانتراڵ زانینی دوور له واقعبینیی سیاسی سەرچاوە دەگرێت.

لەم بارودۆخەدا پێویستە بە خوێندنەوەی بابەتیانەی هاوکێشەکان و هەڵسەنگاندنی هێزی ڕاستەقینەی خۆمان بە شێوەیەکی ژیرانە خەباتی خۆمان ببەینە پێش و ڕێگا نەدەین بیرکردنەوەی لەو چەشنە خەڵکی ئێمە تووشی هەڵەی ستراتیژی و تێچووی زیاتر بکات. دەبێ دان بەم ڕاستییەدا بنێین کە ئەگەر ئەو هاوڕاییە گشتییەی کە ئێستا بە سیاسەتێکی حەکیمانە لەنێو نەتەوەکانی ئێراندا دروست بووە و کورد ڕۆڵێکی سەرەکی لە وەها بابەتێکدا هەیە نەبایە، ئایا ئەم ڕاپەرینە ئاوا دەنگی دەدایەوە و ئەو ئاقارەی دەپێوا بێگومان نەخێر. لێرەدا مەبەست ئەمە نییە کە خۆمان بە کەم بزانین، یان جەخت لە شوناسی نەتەوەیی خۆمان نەکەین. مەبەست ئەمەیە ڕاستیەکان ببینین و قبوولی بکەین کە ئەگەر هاوپەیمانییەکی سەرتاسەری نەبێت، ئێمەی کورد بە تەنیا ناتوانین ڕێژیمی ئێران بگۆڕین. کە وایە سیاسەت بە وەهم و خۆ بەسانترالّدیتن ناکرێ و ئەزموونی هەشتا ساڵ خەباتی کورد لە ئێران باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی ببینین ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا لە چ دۆخێکی نالەباری نێوخۆیی و بێ پشتیوانیی نێودەوڵەتیدا بووە. بەڵام ئێستا دوای یەکبوونەوەی حیزبی دێموکرات، دیتمان بابەتی شەهیدبوونی "ژینا" و بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی بۆ مانگرتن، چۆن بووە هەوێن و داینەمۆی ڕاپەرینی ڕۆژهەلاتی کوردستان و سەرانسەری ئێران دژ بە زوڵم و دیکتاتۆریی ئەو ڕێژیمە. دواتریش دیتمان بۆردومانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆن بووە ڕۆژەڤی جیهان و باردۆخەکەی بە ئاراستەیەکی نوێدا گۆڕیوە. بۆیە ئەوەی ئێستا هەیە و حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیکەن، شەیدایی نییە بۆ نەتەوەی سەردەست، بەڵکوو سیاسەتێکی ژیرانە و ڕیالیستانەیە تاکوو لە قۆناخی یەکەمدا بتوانن بە بەشداریی و هێزی هەموو لایەک ئەو ڕێژیمە بڕووخێنن. دوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمەش، تەنیا فاکتەری هێز و یەکگرتوویی کوردە کە دەتوانێ لە نێو هاوکێشەکانی نێوخۆیی و دەرەکیدا مافەکانمان دەستەبەر بکات.

بێگومان خەڵکی کوردستان وشیارن و دەزانن کە دەبێ چ هەڵوێستێکیان هەبێت و ئامانجە ستراتیژی و تاکتیکییە لێکجیاوازەکان دەبێ چۆن ببرێنە پێشەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١١ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

---

## پرەنسیپی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی




**تەحسین وسو عەبدوڵڵا**

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، (هەناردەکردنی شۆڕش) بۆ دەرەوەی وڵات و بەتایبەت بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هێڵی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی پێکهێناوە، پەیڕەوکردنی ئەم ئاراستەیەش لە سیاسەتی دەرەوەیدا، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، درێژەی هەیە. دەرەنجامی ئەم جۆرە سیاسەتەش، ناوچەکە تووشی ئاڵۆزی و خوێنڕێژیی زۆر و بەردەوام کردووە.

هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و درێژەدانی شەڕی عێراق و هەروەها دژایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی دراوسێی کە هەمووی لەپێناو سیاسەتی (هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی)ەوە بوو، زیاتر ئێرانی لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دوور خستووەتەوە و دەرفەتەکانی گەشەکردنیشی لاواز هێشتووەتەوە.

دەستگرتن بەسەر باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دواتریش هێرشکردنە سەر باڵوێزخانەکانی بەریتانیا و عەرەبستانی سعوودیە، هەروەها ئەو کردە تیرۆرستییانەی سوپای قودس لەدەرەوەی وڵات کردوونی، گرژی و ئاڵۆزینانەوە لەگەڵ میسر و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و بەحرێن، ئاستنزمیی پێوەندییەکانی تاران لەگەڵ ئوردن و پشتگیریی بەئاشکرا لە حزبوڵڵای لوبنان و حەماس و حوسییەکانی یەمەن؛ ئەو هۆکارانەن، کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سەلماندوویەتی، ئەوە سوپای قودسە کە لە ڕێی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە

دادەڕێژێ و لە ڕاستیدا وەزارەتی دەرەوەش ئاسانکاریی بۆ ئەو هێزە دەکا و بە زمانێکی دیپلۆماسییانە پاساوی بۆ دێنێتەوە، دەرەنجامەکەشی ئەو واقیعەیە، کە ناوچەکە تێیدایە و بەدەست ئەو هەموو گرفتەوە گیری خواردووە.

هەناردەکردنی بنەماکانی شۆڕش لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە سیاسەتی دەرەوەدا، بەتایبەتی بۆ وڵاتانی عەرەبی، لە ڕاستیدا پەیوەندییەکانی ئێرانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە تووشی هەرەسهێنان کرد؛ لەبەرئەوەی وڵاتانی کەنداو هەستیان بە مەترسیی ئەم هەڵسوکەوتانەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران کرد، کە ئەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارانە، چ مەبەست و ئامانجێکی لە پشتەوەیە و چۆن ئێران دەیەوێ ببێتە جەمسەرێکی ئیسلامی و ڕۆڵ و پێگەی ئیسلامیی سعوودیە کەمتر بکاتەوە، بەتایبەتی کار لەسەر ئەوە دەکات، کە کاریگەرییەکانی سعوودیە لەسەر وڵاتانی ئیسلامی کاڵ بکاتەوە.

ئەمە سەرباری ئەوەی، کە پرسی سازکردنی هیلالێک بە ناوی (هیلالی شیعی) لەلایەن ئێرانەوە، ئاسایشی نەتەوەییی وڵاتە عەرەبییەکان، لە ڕێگەی وروژاندن و پشتیوانیکردنی دۆسیەی شیعەکان لەو وڵاتانەدا، خستووەتە مەترسییەوە. بۆ ئەم مەبەستەیش، ئێران توانیی بەهۆی پشتیوانیکردنی (حزبوڵا) و ئێستایش حەشدی شەعبی و هێزە شیعەکانی دیکە، هێز و هەژموونی خۆی بەسەر هەندێک لە وڵاتانی عەرەبیی وەکوو لوبنان، سووریا، عێراق و یەمەن بسەپێنێت.

ئەوەی کە جێگەی سەرنجیشە ئەوەیە، کە تاکوو ئێستا کاریگەریی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ڕووی هزری و ئایدیۆلۆژی و مەزهەبییەوە بەسەر وڵاتانی عەرەبی ماوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی عەرەبی، لەدوای شۆڕشی ئیسلامییەوە تا ئێستا، چەندین بەرزی و نزمیی لە مێژووی پەیوەندییەکانی ئەم دوو لایەنەدا بەخۆیەوە بینیوە. دوای نەمانی حکوومەتی تالیبان لە ئەفغانستان و حزبی بەعس لە عێراق و ئاژاوە و ناسەقامگیریی سیاسی لە یەمەن، ئەوە ئێران بوو کە بۆشایی دەسەڵاتی لە ناوچەکەدا پڕ کردەوە و هێرشی سەر نەیارانی کردە چەقی سیاسەتی دەرەوەی لە ئەفغانستان و عێراق و یەمەن.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی خاک و خەڵکەکەی دانەڕێژراوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای شێوازێکی تایبەت لە بڕوای ئیسلامی - شیعی دامەزراوە، کە ئابووریی وڵات بۆ بڕەودان بەو باوەڕە لەدەرەوەی وڵات خەرج بکرێ. پەیڕەوکردنی ئەم فۆرمەش لە سیاسەتی دەرەوەیدا، بووەتە هۆی ئەوەی کە هەرچی زیاتر کەلێنی نێوان سیاسەتی دەرەوەی ئێران و وڵاتانی دراوسێ و زلهێزەکان فراوانتر بێت و لە بواری ئابوورییشەوە بەرەو خراپی و دارمانی زیاتر بڕوات و هیچ داهات و سەرمایەگوزارییەک ڕووی تێ نەکا.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، بەگشتی، ئەوەی کە جێگەی ئاماژە بۆکردنە ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران تا ئێستایش بەو بنەمایانەوە کاریگەرە و ئێران ئێستایش دەستی لە سیاسەتی مەزهەبی و پشتیوانیکردنی شیعەکان و هەوڵی دەستەمۆکردن و سەپاندنی هەژموونی بەسەر بەشێک لە حکوومەتەکانی ناوچەکەدا هەڵنەگرتووە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە پەیوەندییەکانی ئێران بەرامبەر بە هەریەک لە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتی ئیسرائیل و ئەمریکا، وەک خۆیەتی.

ئەو چەشنە ئاراستەیەش لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران، لە ڕاستیدا بژارەکانی بەردەست دروستکەری بڕیار لە سیاسەتی دەرەوەدا بەرامبەر بە هەر هەلومەرج و دۆخێک، کە کاتێک لە ژینگەی دەرەوە دروست بێت و بێتە پێشەوە، کەمتر و تەسکتر دەکاتەوە. ئەوەیش وا دەکات، کە ئێران کاریگەرییەکانی هەر لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا قەتیس بمێنێتەوە و بۆ سنوورەکانی دیکە تەشەنە نەکات، چونکە ڕەوشی مەزهەبی و شیعەگەرایی هەر لەو جوگرافیایەدا هەیە. بۆیە، پێویستە ئێران خۆی لە بنەما ئایدیۆلۆژییەکان ڕزگار بکات و لەسەر بنەمای دیموکراسی و لیبراڵییەت، پەنا بۆ سیاسەتی کراوە ببات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز – ڕێکەوتی: ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## ڕێکخراوی مافی ئێران: ١٣٣ کەس لە خۆپیشاندانەکانی ئێران کوژراون



**مەحموود ئەمیری موقەددەم، سکرتێری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران**

**فریا یونسی**

**دەقی پرسیار و وەڵامی ڕووداو لەگەڵ سکرتێری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران**

**ڕووداو: دوایین ئاماری کوژراو و بریندار و دەستگیرکراوان لە خۆپیشاندانەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندە؟**

**مەحموود ئەمیری موقەددەم**: بەهۆی ئەو دۆخە ئەمنییەی کە لە ئێران هاتووەتەپێش، کێشەکانی ئینتەرنێت و هەڕەشە لە خێزانەکان، کۆکردنەوەی زانیاری زۆر ئەستەمە. بەڵام ئەو ئامارەی ئێمە کۆمان کردووەتەوە و جێگەی متمانەیە ئەوەیە؛ تاوەکو ڕۆژی شەممە لانیکەم ١٣٣ کەس کوژراون کە ژمارەیەکی زۆریان، واتە زیاتر لە ٤٠ کەسیان، ڕۆژی هەینی لە خۆپیشاندانەکانی زاهیداندا و بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان کوژران. دوای ئەوەش پارێزگاکانی باکووری ئێران و پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە زۆرترین ئاماری کوژراویان هەیە، ئەویش هەر بەو ڕادەی ٤٠ بۆ ٥٠ کەسەی کە توانیومانە پشتڕاستی بکەینەوە، بەڵام ئێمە مەزەندە دەکەین ئامارە ڕاستەقینەکە لەوە زیاتر بێت.

سەبارەت بە دەستبەسەرکراوانیش؛ مەزندە دەکەین هەزاران کەس دەستبەسەر کرابن، بەڵام دیسانەوە لەم بارەشەوە، کۆکردنەوەی زانیاری زۆر ئەستەمە. میدیای حکومەت خۆی باسیان لە دەستبەسەرکردنی زیاتر لە هەزار و ٢٠٠ کەس

کردووە، بەڵام ئێمە پێمان وایە چەند هەزار کەس بن. لەم کاتەشدا کە ئێمە و هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ خەریکی کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەین، هیوادارین خەڵک بتوانن زانیاریی زیاترمان پێبدەن. ئێمە زۆر نیگەرانی دەستبەسەرکراوانین. چونکە دەزانین کۆماری ئیسلامی، بەردەوام ئەشکەنجەی دەستبەسەرکراوان دەدات و گوشاریان دەخاتەسەر بۆ وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ لەسەر تیڤی و کەڵک وەرگرتن لەو دانپێدانانانە بۆ پڕوپاگەندە. هەر بۆیە لە ڕاگەیێندراوێکدا داوامان لە کۆمەڵگەی جیهانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردووە، سەرنجی تایبەت بخەنەسەر دۆخی دەستبەسەرکراوان.

**ڕووداو: ئامارەکان بە چ میکانیزمێک کۆدەکەنەوە، ئامارەکانتان بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ باوەڕپێکراون؟**

**مەحموود ئەمیری موقەددەم:** بەڵێ! ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران ئێستا زیاتر لە ١٤ ساڵە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بە بەڵگەکردنی ئاماری لەسێدارەدراوان، چالاکی دەکات و هەر وەک خۆشتان دەزانن، کۆماری ئیسلامی ئاماری زۆربەی لەسێدارەدراوان بڵاوناکاتەوە. هەر بەو هۆیەش ئێمە لەم ساڵانەدا توانیومانە هەندێک ڕێکار بگرینەبەر کە یارمەتیمان بدات وێنەیەکی ڕاستەقینەتر بخەینەڕوو. ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ئێران، پشت بە ئامارەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران دەبەستێت. سەبارەت بە خۆپێشاندانەکانیش بە هەمان شێوەیە. هەڵبەت سەبارەت بە خۆپێشاندانەکان تا ڕادەیەک ئەستەمترە بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی خۆپێشاندەران و ئەو کاتە کەمەی لەبەر دەستماندایە و هەروەها خاوبوونی ئینتەرنێتیش، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەم ئامارانەی ئێمە دەیخەینە بەردەست، لە ڕاستییەکان نزیکترە، ئەگەرچی ڕەنگە زۆر کەمتریش بێت لە ڕاستییەکان. میکانیزمی ئێمەش بەم شێوەیە: ئێمە سەرچاوەکانمان یان شایەتحاڵان و ئەو کەسانەن کە ڕاستەوخۆ ئاگاداری ڕووداوەکانن، یان خێزانی قوربانییان و دەستبەسەرکراوانن، یان ستافی تەندروستی لە نەخۆشخانەکانن و یان ڕێکخراوەکانی دیکەی مافی مرۆڤ؛ بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین کەیسێک لە ئامارەکانماندا تۆمار بکەین، دەبێ حەتمەن دوو سەرچاوی سەربەخۆ پشتڕاستی بکەنەوە. پێشمان وایە لەم کاتەدا، ئەمە باشترین ڕێگەیەکە بۆ تۆمارکردنی ئامارەکان. ئەگەرچی ئەم ڕێکارە دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەی کوژراوان کەمتر بێت لەوەی لە ڕاستیدا هەیە، بەڵام ئێمە دەتوانین پشتی پێببەستین و کۆمەڵگەی جیهانیش دەتوانێت پشت بەم ئامارانە ببەستێت.

**ڕووداو: لەنێو قوربانییەکاندا چەند ژن هەن؟**

**مەحموود ئەمیری موقەددەم:** سەبارەت بە دەستبەسەرکراوان و برینداران بەڕاستی ئامارێکی وردمان بەدەستەوە نییە و

دەکرێ ئامارەکان زۆر لەوانە زیاتر بن، بەڵام سەبارەت بە کوژراوان، لانیکەم تاوەکو دوو رۆژ لەمەوپێش، شەش ژن لەنێو کوژراواندا بوون و چوار کەسیش تەمەنیان لەژێر ١٨ ساڵەوە بوو. هەڵبەت پێمانوایە بەهۆی ئەو رووداوانەی رۆژی هەینی لە زاهیدان روویاندا، ئەم ئامارە واتە ئاماری مێرمنداڵان زیاتر بێت.

**رووداو**: کام شار لە ئێران خۆپیشاندانی توندی تێدا بەڕێوەدەچێت، هەروەها مامەڵەی هێزە ئەمنییەکان تێیدا توندە و گرژی دروستبووە؟

**مەحموود ئەمیری موقەدەم**: ئەوەی دیارە ئەم ناڕەزایەتییانە رۆژانی سەرەتایی، لە سەقز و شارە کوردییەکانی دیکەوە دەستیپێکرد و هەرواش بەردەوامە. لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە وابووە کۆماری ئیسلامی لە روانگەیەکی ئەمنییەوە سەیری ناوچە کوردییەکان بکات، هەر بۆیە ئەو سەرکوتانەش کە لە ناوچە کوردییەکان دەکرێن رەنگە زۆر توندتر بن لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێران. لە لایەکی دیکەشەوە ئاگادارین بەهۆی ئەم دۆخە ئەمنییە، ئینتەرنێت لەوێ زیاتر خاوکراوە و خەڵکێکی کەمتر دەستیان پێی دەگات. بەڵام لە لایەکیشەوە ئێمە خۆشبەختانە گرووپی زۆر جیاوازمان لەنێو کورد هەیە کە یارمەتیمان دەدەن تاوەکو بەڵگەی زیاترمان لە ناوچە کوردییەکان بەدەستەوە بێت.

**رووداو**: سوپا بە هەموو هێزی خۆی هاتووەتە سەر شەقام بۆ رووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندەران یاخود تەنیا پۆلیس و بەسیج هەن؟

**مەحموود ئەمیری موقەدەم**: لەو راگەیێندراوەدا کە فەرماندەی هێزەکانی پۆلیس، چوار رۆژ پێش ئێستا بڵاویکردەوە، سوپاسی سوپای پاسداران و بەسیجی کردبوو بۆ ئەوەی هاوکارییان کردبوون. ئێمە دەزانین لانیکەم بەسیج لە شارە گەورەکان چالاکن بۆ کۆنترۆڵکردنی خۆپیشاندانەکان و لە ناوچە کوردییەکان و لە سیستان و بەلووچستانیش، سوپای پاسداران لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسە بۆ سەرکوتکردن و هەموویان هاوکاری دەکەن. بەڵام ئەمە خۆی جێگەی هیوایەکی زۆرە کە سەرەڕای سەرکوتکردنی زۆر توندی زیاتر لە دوو هەفتەی خۆپیشاندانەکان، هێشتا هەموو خەڵک لە سەرانسەری ئێران و لە ناوچە جیاوازەکان، شەقامیان جێنەهێشتووە و رۆژبەڕۆژیش ژمارەیان زۆرتر دەبێت. ئەوەش باس لەوە دەکات خەڵک چیدیکە لەو حکومەتە ناترسن.

**رووداو**: پێشبینی دەکەن لە رۆژانی داهاتوو خۆپیشاندانەکان خوێناویتر بن؟

**مەحموود ئەمیری موقەدەم**: وادیارە. هەڵبەت پێویستە ئەوە بڵێم خەڵکی ئێران لە هەموو ناوچەیەک، لە ناوچە

فارسەکان، بەلووچەکان، عەرەبەکان و کوردەکان لە هەموویان، هاتوونەتە دەر و هاوار دەکەن: "ئێمە ئەم حکومەتەمان ناوێت و ٤٠ ساڵ ستەم و سەرکوت بەسە". لە لایەکی دیکەشەوە دەزانین ئەم حکومەتە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی، هەموو کارێک دەکات، ئەزموونی سووریای هەیە کاتێک سوپای پاسداران بەشار ئەسەدی رزگار کرد. هەر بۆیە ئێمە داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین رێگە بە کۆماری ئیسلامی نەدات درێژە بەم تاوانانە بدات. ئەو جۆرەشی کە دیارە خەڵک چیدیکە ئامادە نین بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان، تەنانەت لە شارە بچووکەکان کە ژمارەی کوژراوان زیاتر بوون، دیسان دەبینینەوە رۆژی دواتر، خەڵکێکی زۆرتر بەشداری خۆپیشاندانەکان دەکەن و من پێموایە ئەم نارەزایەتییانە هەڵگری ئەوەیە گۆڕانکارییەکی گەورەی لێبکەوێتەوە. تانەت ئەگەر لەم قۆناخەشدا کۆماری ئیسلامی بتوانێت بەشێوەی کاتی و بە سەرکوتکردنی توند، خۆپیشاندانەکان کۆنترۆڵ بکات، دیسان خەڵک توندتر دەگەڕێنەوە.

**رووداو**: خۆپیشاندەران لە هیچ شوێنێک چەکیان دژی هێزە ئەمنییەکان بەکارهێناوە؟

**مەحموود ئەمیری موقەددەم**: بەپێی ئەو زانیارییانەی ئێمە هەمانە، نا. نارەزایەتییەکان ئاشتیخوازانە بوون. هەڵبەت لە زاهیدان، دوای نارەزایەتییەکان گوتیان، جێگری سەرۆکی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران کوژراوە، بەڵام نارەزایەتییەکان لە هەموو شارەکانی دیکەی ئێران، بە ئاشتیخوازانە دەستیان پێکردووە و ئەوە حکومەت بووە بە توندوتیژی هەڵسوکەوتی کردووە.

**رووداو**: هیچ پەیوەندییەکتان لەگەڵ بنەماڵەی ژینا ئەمینی کردووە، ئەوەندەی ئاگادارن کەیسەکەیان گەیشتە کوێ؟

**مەحموود ئەمیری موقەددەم**: سەبارت بە کەیسی ژینا ئەمینی و ئەو سکاڵایەی کە کردوویانە، بە داخەوە پەیوەندیمان بە خێزانەکەیەوە نەبووە، بەڵام خێزانەکەی لەگەڵ هەندێک شوێن قسەیان کردووە. ئێمەش چاوەڕوانی ئەوەمان نییە کۆماری ئیسلامی وەڵامێکی دروست بداتەوە، چونکە هیچکاتێک ئەو کارەی نەکردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – رێکەوتی: ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

# ڕاپەڕینی نوێی گەلانی ئێران و ترسی لەڕادەبەدەری خامنەیی



**سمایل شەرەفی**

بۆ جارێکی دیکە و بە پێی سوننەتی هەمیشەیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی خامنەیی نەتەنیا ویست و داوای خەڵکی ئێرانی لە سەر شەقامەکان بە ڕەسمی نەناسی، بەڵکوو بە بەستنەوەی ئەو ڕاپەڕینە بە دەستی دەرەکی، بەتایبەت بە ئامریکا و ئیسرائیلەوە، فەرمانی لێپرسینەوەی بۆ دەرکردن.

خامنەیی کە دوای ١٧ ڕۆژ لە دەستپێک و درێژەکێشانی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە شوێن و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران دژ بە خۆی و تەواویەتی ڕێژیمەکەی ڕاپەڕیون هاتە دەنگ، بە ڕوونی شڵەژاوی و نیگەرانی لە ئیرادەی لێبڕاوانەی خەڵک و چارەنووسی نیزامەکەی بە ڕوخساریەوە دیار بوو.

ئەوەی خامنەیی لە سەر ناڕەزایەتییەکانی خەڵک باسی کرد و خەت و نیشانی بۆ خەڵکی ڕاپەڕیو کێشا، شتێکی جیاواز لە هەڵوێست و دەربڕینەکانی پێشووی سەبارەت بە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە قۆناغەکانی ڕابردوودا نەبوو. ناوبراو ئەمجارەشیان – بە ترس و نیگەرانیی زیاتر لە بەربڵاوی و پەرەسەندوویی ناڕەزایەتییەکان – وەک هەمیشە نەفسی ئەم ڕاپەڕینەی خەڵکیشی بە دەسکرد و پیلانی دەوڵەتانی دوژمن! (ئامریکا و ئیسرائیل) لە قەڵەمدا.

خامنەیی لە قسەکانیدا نەیتوانی حاشا لەوە بکا کە نەتەوەکانی ئێران بەتایبەت نەتەوەی مافپێشێلکراوی کورد بۆ ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵکی ئێران بە گشتی بوونەتە پێشەنگ، بۆیە داماوتر لە هەمیشە پەنای بردە بەر قەوانە کۆنە، کە بە دڵنیاییەوە نەتەنیا خەڵکی ئێران بەڵکوو تەنانەت بازنەکانی نزیک لە خۆی و بەیتەکەیشی، باوەڕی پێ ناکەن.

خامنەیی بە ئاماژەدان بە نارەزایەتییەکانی کوردستان و بلوچستان و بە مەبەستی بەلارێدابردنی بیروڕایگشتیی خەڵکی ئێران، هەوڵی دا کە تۆمەتی جیاییخوازی و تەجزییەتەڵەبی بداتە پاڵ کوردستان و بەم شێوەیە پرسیار لە سەر ئەو پێشانگایەتییە ساز بکا کە لەم قۆناغەدا کوردستان گرتوویەتیە ئەستۆ و تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی بە "چاو و چرای ئێران"ی ناو دێنن.

لە کۆتایی قسەکانیدا، خامنەیی رق و تووڕەیی خۆی لە ڕاپەڕینی گشتی و جەماوەریی گەلانی ئێران و چین و توێژەکانی بەشدار و پشتیوان لەم ڕاپەڕینە نەشاردەوە و حوکمی کردە سەر ناوەندە ئەمنییەتی و دەزگای قەزایی ڕێژیمەکەی کە پێویستە بە توندترین شێوە بەرەنگاری خۆپێشاندەران ببنەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ هەر وەک لە دەربڕین و ئاماژەکاندا دیار بوو، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران بە تەواوەتی هەستی بە ئیرادەی لێبڕاوانەی خەڵکی ئێران بۆ تێپەڕینی یەکجارەکی لەم نیزامە و تووڕەیی و بێزراوی خەڵک لە شەخسی خۆی وەک کەسێکی دیکتاتۆر، کردوە. ئەو گوێی لە دروشمە بەرزەکانی؛ "مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر" و "مەرگ و نەمان بۆ خامنەیی" و دروشمەکانی دیکەی دژ بە خۆی بووە و، بەو حوکمە توند و ڕقاویانەوە کە دەریکرد، نیشانی دا کە چەندە لە ئیرادەی یەکگرتووانەی گەلانی ئێران ترساون.

ئەوەی لەم نێوەدا لە هەموو شتێک گرینگترە و پێویستە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران لێی هوشیار و بەئاگا بن، پاراستنی یەکگرتوویی ڕیزەکانیان دژ بە کۆماریی ئیسلامی ئێران و پیلانەکانی خامنەیی و ڕیژیمەکەی بۆ تێکدانی ئەم یەکڕیزی و یەکگرتووییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا — ڕێکەوتی: ١٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

# مافی شۆڕشکردن لە شەقامی ئێراندا



ئاسۆ کمال

ڕاپەڕینی ژینا لە ئێران و کوردستاندا مافی خەڵکی ناڕازی لە شۆڕشکردن دژی جمهوری ئیسلامی ئێران بە کردەوە نمایش کرد. ئەم ڕاپەڕینە هاوسەنگی هێزی نێوان خەڵکی ئازادیخواز و دەسەڵاتی سەرکوتگەر و تۆقاندنی ڕژێمی ئیسلامی گۆڕیوە بە قازانجی خەڵک. خەڵک هێرش دەبەن و ڕژێم ترسی لێ نیشتوە و بەرگری دەکا. ئەوەی ئەم ئاڵوگۆڕەی دروستکردوە، هوشیاری ئەم خەڵکە ناڕازیەیە بە مافی شۆڕش و ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی سەرکوتگەر. ئەم ئاگاییە لە پرۆسەیەکی دورودرێژی خەبات و خۆپیشاندانەکانی چەند ساڵی ڕابردوو و قوڵبونەوەی قەیرانە سیاسی و ئابوریەکانی ئەم ڕژێمەدا شکڵی گرتوە. ڕاوەستانەوەی ژنانی ئێران دژی بە حیجابی ئیسلامی و سەرکوتی ئازادیەکانی ژنان بوە ئەو ئاگرەی ئەم جارە نەک هەر دەسەڵاتی حکومەت، بەڵکو یاسا و فەرهەنگی ئیسلامی ئەم ڕژێمەشی سوتاند و خستیە پێی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی خۆپیشاندەر و ناڕازیەوە. ئەمە شەڕە لەسەر هەژمونی فکری و کەلتوری و سیاسی، وە بەم هەنگاوە سەرەتاییانە دەڵێین پراتیکی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دژی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران. لەم سەرەتایەدا کردەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر مافی شۆڕشکردنی وەک ئەمری واقیع و دیفاکتۆ سەپاندوە، هەرچەند ئایندەی پراتیکی ئەم جەماوەرە شۆڕشگێڕە نیشانمان دەدا کە ئایا ئەم مافی شۆڕشکردنە چەندە بوەتە ئاگاییەک بۆ خودی ئەم جەماوەرە و چەندە ڕادیکاڵ ڕۆچوەتە نێو ئەم خەباتە کۆمەڵایەتیەوە و چەندە بوە بە پراتیکی کۆمەڵایەتی شۆڕشکردن دژی سەرتاپای سیستمی دەسەڵاتدار. وەک ڕۆزا لوکمسبورگ دەڵێ "لۆژیکی پرۆسەی مێژوویی پێش لە لۆژیکی زاتی ئینسانەکانەوە

دێت، کە بەشداری لە پرۆسە مێژوویەکەدا دەکەن."[١]

بەڵام هەر لەم سەرەتایەوە پرسیاری زۆر لەسەر ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتیە هەیە. پرسیار نەک تەنیا لەسەر ئایندەی ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە و مۆدێلێک کە لە جێگای جمهوری ئیسلامی دادەمەزرێ. بەڵکو پرسیار لەسەر ئەوەی کە ئایا لەم پرۆسەی ڕاپەڕینە جەماوەریەدا دژی جمهوری ئیسلامی جگە لە ژنان و گەنجان دەتوانێ زۆربەی کرێکاران و مامۆستایان و کارمەندان و توێژە هەژارەکانیش بێنە مەیدان؟ ئایا ئەم گۆڕانی هاوسەنگی هێزە چ گۆڕانێک لە ئاستی توانایی ڕیکخراوبون و وشیاری چینایەتی ئەم چین و توێژە ستەملێکراوانەدا دروست دەکا؟ ڕیزی ژنان و گەنجان و خەڵکی ناڕازی جگە لە حیجابی ئیجباری چ خواست و کێشەیەکی تر دێنێتە مەیدان؟ ئایا مەیدانەکانی قوڵکردنەوەی ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتیە کامانەن؟ ئەم ناڕەزایەتیانە چ کاریگەریەکی حزبە ئۆپۆزسیۆنە تەقلیدیەکانی گۆڕەپانی سیاسی، کە لەدەرەوەی ئێرانن، بەسەرەوە دەبێ؟ ئایا لەم دەورەیەدا جمهوری ئیسلامی دەتوانێ ئەم ڕاپەڕینە شکست پێ بێنێ یاخود توانای خەباتکارانەی ئەم جەماوەرە پاشەکشە بە ڕژێمی ئیسلامی دەکا و کۆمەڵێک مەرج و ڕیفۆرمی بەسەردا دەسەپێنێ؟ ئایا بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی چ دەرسێکی لە مێژووی شۆڕشی بەهمەنی ١٩٧٩ بینیوە، کە لە بەرامبەر ئەم هێزە ئیسلامیە و خومەینیدا شکستیان خوارد؟ ئەمانە پرسیار گەلێکن کە لە کار و کردەوەی جەماوەری بەرینی خۆپیشاندەران و ڕابەر و هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانەکانی ناوخۆی ئێران وەڵامیان پێ دەدرێتەوە و ئێمەش دەتوانین بە کردەوە بیانزانین، نەک تەنیا لە ڕێگەی بەرنامەی پێشتر دوبارەکراوەی حزبێک یان مەزەندەکردنی چاودێرێکەوە بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارانەی شۆڕش لە ئێراندا بدەینەوە؟

سەرکەوتن لەم شەڕەی نێوان خەڵکی ڕاپەڕیو دژ جمهوری ئیسلامیدا دەتوانێ خۆی لە بە دەستهێنانی هەر دەستکەوتێک بۆ ژنان و ئازادی نیشان بدات. بەڵام ئەمە تەنیا سەرەتایەک دەبێت بۆ درێژەپێدانی ئەم خەباتە بۆ سەپاندنی خواستی زیاتر و پێشڕەوی زیاتر. ئەمە یاسای شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکانە کە لە هەر پاشەکشەیەکی دەسەڵاتدا جەماوەر زیاتر ڕابەرانی ئەم دەسەڵاتە غافلگیرتر دەکەن بە هێرشێکی گەورەتر. هەرچۆن شۆڕشی بەهمەن بەجۆرێک شای گێژکرد، کە دوای شۆڕش دەیوت نازانم بۆ خەڵک شۆڕشیان کرد، هەر ئاواش ئەم دوو هەفتەیەی ڕاپەڕینی ژینا لیدەری خامەنەئی خستۆتە کۆماوە کە نازانێ بۆچی خەڵک لە دژی دەسەڵاتەکەی هەستاون.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ناسینی پەیوەندی ئەم ڕاپەڕینەی ژینایە بە هەموو هۆکار و تواناییە شاراوەکانی ئەم ڕاپەڕینە، کە ئێستا لە دژایەتی حیجاب و ئازادی سیاسیدا خۆی دەرخستوە، بەڵام لە قوڵایی خۆییدا هەموو ڕەگەکانی لە زەوی ئەو ستەمە هەمەلایەنەی سیستمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی جمهوری ئیسلامی ئێراندایە. هەروەها پەیوەندی ئەم ڕاپەڕینی ژینایەی ئێران بە هەموو ئەو تان و پۆ جیهانیەوە کە گرتویەتیە خۆ لەگەڵ ئەو خەباتە جیهانیەدا، کە وەک بورکان هەر

جاره لە گۆشەیەکی جیهاندا بەرووی سیستمی زاڵی سەرمایەداری ئێستادا دەتەقێتەوە.

هەربۆیە لێرەدا لە گۆشەی مافی شۆڕشکردنەوە پەیوەندی ئەم ڕاپەڕینەی ئێران بە سەرجەم پرۆسەی خەبات و شۆڕش لەمرۆی دنیای سەرمایەداردا پێشکەش دەکەینەوە، کە پێشتر ئەم باسەم لە کتێبی "کۆمۆنیزمی نوێ"دا کردوە.

## مافی شۆڕشکردن

مافی شۆڕشکردن وشیاری چینێکە بەوەی کە سیستمی زاڵی ئابوری و سیاسی ئێستا ناڕەوایە. ئەم شۆڕش و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینانەی دنیای ئەمرۆی سەدەی ٢١ی گرتۆتەوە لە فەرەنسا و ئیسپانیا، بەرازیل و چیلی، جەزائیر و سودان ، لوبنان و عیراق و زۆر شوێنی تری ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکا، نیشانەیەکن لە وشیاری چینایەتی کرێکاران و چینە کەم دەرامەتەکان بەوەی ئەم سیستەمە نیولیبرالی و سەرمایەدارییەی ئێستا ناڕەوایە و دەبێ شۆڕشی لەدژ بکرێ.

شۆڕش بە ڕوداوەکانی چەند ڕۆژێک و چەند جارێک چوونە سەر شەقام دەست پێ دەکا، بەڵام ئەمە تەنیا سەرەتای پرۆسەیەکی درێژخایەنە، کە تیایدا هێزە شۆڕشگێڕەکان هەژمونی فکری و پراتیکی سیاسی خۆیان نمایش دەکەن. شۆڕش ئەوکاتە دەست پێدەکا کە چینی کرێکار و چەوساوە بەو ڕاستیە دەگا کە مافی شۆڕشکردن مافێکی سەرەتایی و حاشاهەڵنەگرە. بەڵام پەیداکردنی هەژمونی و دەسەڵاتی شۆڕشی کرێکاری لەکاتێکدایە کە زۆرینەی ئەم چینە خۆیان بەساحێبی کۆمەڵگە دەزانن نەک سەرمایەداران، وە بورژوازی و حکومەتەکەی بەرێگری بەردەم ژیان و گوزەرانی شایستەی ئینسانی دەزانن. هەربۆیە سەرەتا بە داوای لابردنی سەرۆکێک و حوکەمەتێک و چەند داواکارییەکی چاکسازی دەست پێ دەکا و لەم ڕێگەیەوە ئەم چینە دەیەوێ مافی شۆڕشکردنی بەسەر بورژوازی و یاسا و دامودەزگاکانیدا بسەپێنێ.

لە ئێستادا تارمایی شۆڕش بەسەر جیهانی سەرمایەدا جارێکی تر لەهاتوچۆدایە. ئەم هەموو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانە گەورە و ملێونی و سەراسەریانە نیشانی دەدا کە بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی مافی شۆڕشکردن بەسەر سیستمی سەرمایەداریدا بووەتە وشیارییەکی گشتی و لێرەشەوە بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکانی چینی کرێکار هەنگاو بۆ سەپاندنی هەژمونی شۆڕش بەسەر چینی دەسەڵاتداردا دەدا. دوای شکستی بەهاری عەرەبی هەستانەوەی بزوتنەوەی داگیرکردنی گۆڕەپانەکانی ئەوروپا و ئەمریکا سەریهەڵدا و دوای چەند ساڵی تر شەپۆلی شۆڕش لە پاریسەوە بۆ چیلی و بۆ ئێران و سودان و جەزائیر و عێراق و لوبنان گەڕایەوە. ئەمە نیشانی دەدا کە ئەم چینە جیهانیە ئەمرۆ مافی شۆڕشکردنی خۆی وەک مافێکی سروشتی خۆی سەیردەکا. لە یەکەم هەنگاودا جارێکی تر خەریکە مافی شۆڕش کردن بەسەر سیستمی سەرمایەداریدا دەسەپێنین. بورژوازیش لە سەدەی

١٧ەوە کاری کرد بۆ ئەوەی مافی شۆڕشکردن بەسەر دەسەلاتی پاشایەتیدا بکاتە مافێکی دەستوری تا لە ڕێگەی شۆڕشەکانی بەریتانیا و فەرەنساوە ئەم مافەی سەپاند.

چینی کرێکار لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە، کە لە شۆڕشی دیموکراتی بورژواکاندا بەسەر پاشماوەکانی دەرەبەگایەتیدا بەشداریکرد هەوڵی داوە ئەم مافی شۆڕشکردنە بکاتە مافێکی یاسایی و دەستوری . کرێکاران زۆر زوو فێربوون کە شۆڕش تەنیا بەسەر ڕابردوودا یەکسانی و مافی کرێکاران بەدەست ناهێنێ ، بەڵکو شۆڕشێکی بەردەوام و ڕادیکاڵ دژی سیستمی نوێی سەرمایەداریش پێویستە تا بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان بگەین . لێرەوە مافی شۆڕش کردن بووە تەوەرەیەکی بنەڕەتی لە فکری کۆمۆنیزم و کرێکاراندا. لە پرۆسەیەکدا ئەم چینە مافی شۆڕشکردنی لە ڕای گشتیدا جێگیر کرد و شۆڕش بووە فکرەیەکی خاوەن هەژمونی لە کۆمەڵگەدا. ئەم پرۆسەیە لەکۆمۆنەی پاریس ١٨٧١ دا بەشێوەی غەریزی و خۆبەخۆیی دەستی پێکرد. کرێکارانی پاریس مافی شۆڕشکردنیان بەسەر دەسەلاتی بورژوازی فەرەنسیدا و دامەزراندنی دەسەلاتی کرێکاریان بەڕەوا لەقەڵەمدا. دواتر حزبی بەلشەفی لە ساڵی ١٩١٧ لەڕێگای ڕاپەڕینێکی چەکدارانەوە لە ئۆکتۆبەردا ڕەوایەتیدا بە مافی شۆڕشکردنی بەسەر دەسەلاتی حکومەتی سەرمایەداری کرنسکیدا و حکومەتی حزبێکی کرێکاری خستە جێگای حکومەتی سەرمایەداران. بەمەش مافی شۆڕشکردنی کرێکاران لە خەیاڵدانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ دا جێگیر بوو.

لەسەرەتادا کاردانەوەی هەموو حکومەتە بورژوازیەکان هەوڵدانە بۆ سەرکوت و کوشتنی خۆپیشاندەران بەلام ئەمەش سنوری هەیە. کاتێک دەزانن سەرکوت داد نادات ،لە کۆتاییدا ناچارن سازشێک بکەن لەگەڵ ناڕەزایەتیەکاندا تا کارنەگاتە شۆڕش. هەموو ڕێگایەکی بەڵێندان و فریودانی شۆڕشگێڕان ودواتریش لۆمەی سەرکوتگەری خۆیان دەگرنەبەر تا ڕێگەیەک پەیدابکەنەوە بۆ قەناعەت پێ هێنانەوەی جەماوەر بە دووبارە شەرعیەت وەرگرتنەوەی دامودەزگای پەرلەمان و پۆلیس و سوپا و دادگا و ئیدارەکانیان. بەلام کاتێک کە کرێکاران و جەماوەری ڕاپەڕیو دەزانن هیچ ڕێگەچارە و ریفۆرمێک کێشەی هەژاری و بێکاری و بێ مافی ئەوان چارەسەر ناکا، ئەوکات ئەوە بە مافی خۆیان دەزانن کە شۆڕش بەسەر هەموو جۆرەکانی دەسەلاتداریتی کەمینەی سەرمایەداریدا بکەن و شۆڕش بەسەر هەموو حزب و پەرلەمان و حکومەت و پۆلیس و ئیدارەی بورژوازیدا دەبێتە تەنیا ڕێگەچارە.

لەم کاتەدا هەموو هەوڵی فەیلەسوف و سیاسی ورۆشنبیرەکانی بورژوازی و حکومەتەکانیان بۆ لێسەندنەوەی شەرعیەتی مافی شۆڕشکردنی چینی کرێکار و چین و توێژە چەوساوەکانە. بەتایبەت نیولیبرالیزم هەرچی بنەماکانی شۆڕشگێڕێتی و ئایدیای ئینسانی کۆلیکتیڤە گۆڕی بە تاکگەرایی و بانگەشەی پوچی ئایدیا و ئایدیۆلۆژی شۆڕشگێڕانە و یەکسانی خوازی و کۆمۆنیستی کرد تا بتوانێ سەرمایەداری لەدەست شۆڕشی کرێکاران ڕزگاربکا.

بەڵام ئەم هەوڵانە ناتوانێ ناکۆکی و کێشەکانی ناو سیستمی سەرمایەداری بۆ هەمیشە داپۆشێ و کپ بکاتەوە. هەربۆیە دەبینین ئەم نیولیبرالیزمە و تەواوی مانگەکانی تری دەوری ئەم هەسارەی نیولیبرالیزمەی بورژوازی، لە حکومەتەکانی لە ئەمریکا و بانکی جیهانیەکەیەوە بگرە تا عێراق و پرۆژەکانی خسوسیکردنەوەی سەرمایە، ئێستا لە سایەی ناکۆکیەکانی دنیای سەرمایەدا ئیعتباری خۆی لای جەماوەری کرێکار و چەوساوە لە دەستداوە. لەدنیایەکدا کە چڕبوونەوەی سەرمایە لە ١٠ساڵی تردا، واتە لە ٢٠٣٠ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەری لێ دێت کە ٣/٢ هەموو داهاتی کۆمەڵگەی ئینسانی لەدەستی لە ١% ی چینی سەرمایەداردا کۆدەبێتەوە [٢] و ڕێژەی هەژاری وبێکاری و جیاوازی چینایەتی دەگاتە ئەوپەڕ و سەرمایەداران لەسەر ترلێۆنەها دۆلاری کەڵەکە بوو دادەنیشن. ئەم هێزی کارە خوێندەوار و ئەو هەموو ئامڕازەی بەرهەمهێنان کە دەتوانن بەهەشت لەسەر زەوی دروست بکەن بەڵام لەلایەن سەرمایەوە بێکاردەکرێ و پەراوێز دەخرێ. هەربۆیە ئەم چینە چیترناتوانێ ئەم سیستمە قبوڵ بکا. ئەم تووڕەییەی خەڵک دەبێ بەرەو شوێنێک بچێ. هەردوو سیناریۆی چەپ و ڕاست لێرەدا مومکینە. سیناریۆی وەرچەرخانی ڕاسترەوانەی کۆمەڵگە و تووڕەیی و ناڕەزایەتی بەلای پۆپۆلیزمی قەومی و دینی و فاشستیدا، وەیان وەرچەرخان بەرەو شۆڕشی سۆشیالیستی بەسەر سیستمی سەرمایەداریدا. کاری چەپ و کۆمۆنیستەکان و ڕۆشنبیرانی چینی کرێکار ئەوەیە کە تووڕەیی و ناڕەزایەتیەکانی ئێستا بەرەو ڕادیکالیزمی چەپ و سۆشیالیستی بەرن. بەڵام چەپ و کۆمۆنیستەکان بۆ ئەوەی بتوانن ئەم کارە بکەن پێویستە لە مێژووی کەموکوڕی و لاوازیەکانی پێشووی خۆیان و چینی کرێکار تێبگەن تا بتوانن ڤێرژن ومۆدێل و ئاسۆیەکی نوێی شۆڕش بنەخشێنن و بزانن ئامڕازەکانی سەرکەوتنی شۆڕش و بنیاتنانی کۆمەڵگەی نوێی بێ چین و چەوسانەوە چین؟

شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەرچەند بەم ئومید و بانگەشە سۆشیالسیتیەوە دەستپێیکرد، بەڵام نەیتوانی ئەم شۆڕشە بەرەو کۆتایی هێنان بە سیستمی سەرمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالسیتی بەرێت. ئەمەش پرسیاری لەسەر ناوەرۆکی شۆڕشی سۆشیالیستی کرێکاران درووستکرد. کە ئایا ئەو گۆڕانکاریەی شۆڕش دەیەوێ لە سیستمی ئابوری و سیاسی سەرمایەداریدا بیکا چیە؟ کرێکاران چۆن دەتوانن شۆڕشێکی سەرکەوتوانە بەسەر شێوازەکانی بەرهەمهێنان و موڵکایەتی ودەوڵەت و چینەکاندا بکەن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ ئێمە لەو نمونەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیاوە دەستپێبکەینەوە تا بزانین کە هۆی شکستی ئەو جۆرە لە شۆڕشی سۆشیالیستی چی بوو؟ چۆن شۆڕشی ئێستا دەتوانێ تەنیا گواستنەوەی دەسەڵات لە حزبێک ودەسەڵاتێکی کەمینەوە بۆ دەسەڵاتی حزب و کەمایەتیەکی تر نەبێ؟ شۆڕشی کرێکاریی شۆڕشی زۆرینەی کۆمەڵگەیە نەک هەر بۆ گۆڕینی ڕژێم و چوونە سەرشەقام، بەڵکو لە دامەزراندنی سیستمی ئابوری و سیاسیشدا لەسەر بنەمای پەیوەندی هاوبەشی هەموو کۆمەڵگە لە بەرهەمهێان و بەڕێوەبردندا و موڵکایەتی گشتی بنیات دەنرێ . ئەمە مانای واقعی شۆڕشە بەسەر شێوەی ژیان و ئیدارەی کۆمەڵگەدا. بۆئەوەی بتوانین متمانە و باوەڕ بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی لەمڕۆ بگێڕینەوە و تێگەیشتنێکی نوێ بخەینەڕوو لە ڕەوایەتی و ئایندەی سۆشیالیستیانەی شۆڕش پێویستە شۆڕشی سۆشیالیستی وەک کاری

هەموو چینەکە و ڕێکخستنی هەموو چینەکە و دروستکردنی دەسەڵاتی زۆرایەتی کۆمەڵگە نیشان بدەین و نمونەی حزبی سەرکردە و تاقانەی دەسەڵات و دەسەڵاتی کەمایەتی بەجێبێڵین. لەجیاتی مۆدیلی شۆڕش لەسەرەوە و دامەزراندنی سۆشیالیزم لەلایەن حزب و دەوڵەتێکی حزبییەوە واتە سۆشیالیزمی دەولەتی لە نمونەی بەلشەفی، پێویستە ئەمڕۆ مۆدیلی شۆڕش و سۆشیالیزم لە خوارەوە و لەلایەن هەموو هێزی سیاسی و جەماوەریەکانی چینی کرێکار و خەڵکی چەوساوەوە بخەینە ڕوو. مۆدێلێک لەو کارە هەرەوەزیانەی لە کاتی شۆڕش و ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکاندا سەرجەم هێزی ئەم چینەیە دێتە مەیدانی شەڕەوە بۆ گۆڕینی ئەم سیستمە. ئەم هێزە چینایەتیە بەرفراوان وڕەنگاوڕەنگە سیاسیە دەبێ دەسەڵات و ئیدارە ببێتە بەدیلی حکومەتی کەمایەتی بورژوازی. پێویستە بەشی ڕۆشنبیر و کۆمۆنیست و پێشڕەوی ئەم چینە خۆی نەکاتە قاڵبێکی کەمایەتی و توانای شۆڕشگێڕانەی ئەم چینەی تێدا قەتیس بکرێ، بەڵکو ئەم بەشە ڕوناکبیر و پێشڕەوە دەبێ هەموو چینەکە بۆ ئاستی گرتنە دەستی دەسەڵات و بەڕێوەبردن گەشە پێبدا. هەژمونی ئەم زۆربەی کۆمەڵگەیە بەسەر کەمایەتی چەوسێنەردا دەبێ نەک لە پێش شۆڕش بەڵکو لە کاتی شۆڕش و لەدوای شۆڕشدا بتوانێ بەردەوام بێ، ئەگەر نا، دیسانەوە لە نمونەی شۆڕشی کەمایەتی و دیکتاتۆریەتی حزبی و بیرۆکراسی و سەرمایەداریەکی دەوڵەتی تر پیادە دەکرێ و لە گۆڕینی ئەم سیستمە سەرمایەداریەدا شکست دێنین. دەبێ لە قوتابخانەی شۆڕشدا فێری ئەم دەرس و نەخشانە بین و لە مەیدانی شۆڕشیدا لەلایەن هەموو جەماوەری کرێکار و چینە شۆڕشگێڕەکانەوە ڕاستی و دروستیان بسەلمێنین.

**لە تەجروبەی شۆڕشی بەلشەفیدا دەتوانین ٣ دەرس وەرگرین.**

**یەکەم**، لینین لە فەلسەفەی ڕەوایەتی مافی شۆڕش و هەژمونی دەسەڵاتی کرێکاران بەسەر سەرمایەداراندا پێشڕەوی کرد. هەروەک گرامشی دەڵێ ئەم "گەشەی سیاسی فکرەی هەژمونیە دەرخەری پێشکەوتنێکی گەورەی فەلسەفی و هەروەها پراتیکی سیاسیشە". بە هەنگاوی شۆڕشی سۆشیالیستی حزبی بەلشەفی نیشانیدا کە چینی کرێکار تائاستی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی گەشەی کردووە و دەتوانێ ئەم هێز و هەژمونیە بەرامبەر بە چینەکانی تر نیشان بدا. چینی کرێکار دەتوانێ ڕێکخراووترین بەشی بورژوازی کە حکومەت و دەوڵەتە لە دەسەڵات بخات و لە ڕێگەی چەکەوە ئۆتۆریتە و دەسەڵات و بەرنامەی خۆی بسەپێنێ. ئەمە مانای پڕاوپڕی حزبی سیاسی چینی کرێکارە، حزبێک کە دەتوانێ شەڕ لەگەڵ بورژوازی چەکدار و ڕێکخراودا بکا و بەسەریدا سەرکەوێ. حزبێکی کرێکاریی کە بتوانێ ئەم کارە بکا واتە چینی کرێکار تا ئاستی مۆدێلی دەوڵەت گەشەی کردووە. دەوڵەت واتە چینێکی ڕێکخراو کە بەزۆری هێز و هەژمونی خۆی دەسەپێنێ بەسەر کۆمەڵگەدا. مۆدیلی حزبی بەلشەفی نەک لەم بارەیەوە جێگای ڕەخنە نیە و نە ئەمەش خاڵی لاواز و هۆکاری شکستی ئۆکتۆبەرە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەبێ تێگەیشتن لەم خاڵە بەهێزەی بەلشەفیەکان ناتوانین لە گەشەی سیاسی و فکری چینی کرێکار تێبگەین لە چۆنیەتی گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری و شۆڕشی سیاسی بەسەر دەسەڵاتی بورژوازیدا. بەڵام

ڕەوایەتی شۆڕش شتێک سەبارەت بە ئایندەی دەسەڵات و کۆمەڵگەی نوێ نائێت، ئەگەر شۆڕشێک بەسەر دەسەڵاتی کەمینە و خاوەنداریێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا نەهێنێ.

**دووەم**، خاڵێکی تریش کە حزبی بەلشەفی پێشڕەوی تێدا نواندووە ئەوەیە کە لە ساتەوەختی فرسەتی گرتنی دەسەڵات و شۆڕشی چەکداری بۆ گرتنی دەسەڵاتدا، ناتوانێ بەپێی پێوەری زۆرینە و کەمینەی ڕای کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار دیاری بکرێ ، بەڵکو پێوەری سەرەکی ئەوەیە، ئایا لەتوانادایە دەسەڵات لە دەست بورژوازی دەربهێنرێ لە کاتی گونجاودا ؟ وە ئایا بەم هەنگاوە دەتوانرێ هەموو هێزی چینی کرێکار بۆ بە ئەنجام گەیاندنی شۆڕشی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەر سەرمایەداریدا ئامادەبکا و بیهێنێتە مەیدان؟ دیالەکتیکی گەشەی خەباتی چینایەتی و فراوانی جۆر و شێوەی ڕێکخراووبونی سیاسی و جەماوەری کرێکاران لەوانەیە چەندین حزب و ڕێکخراو و ناوەندی جیاجیای کرێکاریی لێ پەیدابێ، شۆڕشی کرێکاریی بریتیە لە کۆکراوەی سەرجەم ئەم هەوڵە چینایەتیە بەرفراوانە و سەرکەوتنی شۆڕشیش لە گرەوی ئەم کۆکردنەوە و یەکگرتوو کردنی هێزە چینایەتیەیە بە هەموو جیاوازیەکانیەوە، بەڵام مەرجی دەستبردن بۆ دەسەڵات ڕێکەوتن و یەکگرتوو بونی لە پێشەوەی هەموو ئەم هێزانە نیە لە ساتەوەختی گرتنی دەسەڵات و بە لوتکە گەیشتنی قەیرانی دەسەڵاتی بورژوازی.

**سێهەم**، لە پاڵ ئەم دوو حوکمەدا دەبێ حوکمێکی لەمانە گرنگتریش بڵێین ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر ئەو کەمایەتیە لە چینی کرێکار و حزبێکی کرێکاری و کۆمۆنیستی کە شۆڕشی چەکدارانە بەسەرکەوتن دەگەیەنێ، نەتوانێ سەرجەم هێزی چینی کرێکار بۆ دەسەڵات و بەڕێوەبردن و بەرنامەداڕشتن یەکگرتوو بکا و بخاتەگەڕ و ئەم کەمایەتیە نەگۆڕێ بە زۆرایەتی و لە کەمایەتیدا بمێنێتەوە، ئەوا شۆڕشی کۆمەڵایەتی و بنیاتنانی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی ڕووبەڕوی شکست دەکاتەوە. لەبەرئەوەی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری لە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی کەمینە و جێگرتنەوەیدایە بە بەشداری هەرەوەزیانەی هەموو هاوڵاتیان لە بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردندا. بەداخەوە ئەمە ئەو شکستەیە کە مۆدیلی حزبی بەلشەفی لە شۆڕشی کرێکاری ڕوسیادا هێنای و نەیتوانی ئەم شۆڕشە بەرەو دامەزراندنی سیستمێکی سۆشیالسیتی و هەرەوەزی بەرێ. بێگومان بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم ڕەخنەیە لە مۆدیلی سیاسی حزبی بەلشەفی پێویستە مێژووی ئەم حزبە لە پێش ئۆکتۆبەر و لە کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لە دوای دەسەڵاتدا باس بکەین، تا بزانین دەبێ چ بکەین تا شۆڕشەکانی سەدەی بیست بەو ئامانجە سۆشیالیستیانەی خۆیان بگەن.

بورژوازی هەوڵدەدا ئەم مێژووەی چینی ئێمە لە پێناو سەپاندنی مافی شۆڕشکردن بەسەر سەرمایەداریدا لە خەیاڵدانی کۆمەڵگەدا بسڕێتەوە، ئێمەش بە ناسینی ئەم مێژووە خەباتکارانەی چینەکەمان جارێکی تر ئاڵای مافی شۆڕشکردن لە

گۆڕەپانەکانی ئازادی و التحریر دەشەکێنینەوە.


--------

[١ [ڕۆزا لوکمسبورگ، پرسیارە ڕێکخراوەییەکانی سۆشیال دیموکراتی ڕوسیا، بەزمانی ئینگلیزی: Rosa Luxemburg
Organizational Questions of the Russian Social Democracy
https://marxists.com/.../luxe.../1904/questions-rsd/ch01.htm
[2] https://www.theguardian.com/.../global-inequality-tipping...

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوینە – ڕێکەوتی: ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## لەحیجاب فڕێدانەوە بۆ ڕوخاندنی ڕژێم، ڕق و تورەیی پەنگخواردوی 43 ساڵ لەستەم و چەوساندنەوە!



عەبدوڵڵا سالح

کوژرانی (ژینا ئەمینی) لە١٦ی سیپتامبەری ئەم ساڵ لەلایەن پۆلیسی "ئەخلاق" لە تارانی پایتەختی ئێران، ڕاپەڕینێکی بێ وێنەی لێکەوتەوە، ڕاپەڕینێک کە لەوکاتەوەی شۆڕشی جەماوەری لەئێران دژ بەڕژێمی شا بەلاڕێدابرا لەلایەن ئیسلامی سیاسی بەپشتیوانی ڕاستەوخۆی زلهێزە ئیمپریالیستەکان، شوباتی ١٩٧٩ تا ئەمرۆ وێنەی نەبووە.

تایبەتمەندی ڕاپەڕینەکەی ئێستا ئەوەیە کە دژی (سەرپۆشی) حیجابی زۆرەملێیە، ئەو حیجابەی کە هێمای کۆیلایەتی و بەکەمزانینی ژنانە، مەسەلەکە تەنها پارچە قوماشێک نییە کە سەرو ڕوو، یا جیلبابێک کە جەستە دادەپۆشێت! بەڵکو چەمکێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری لەپشت ئەم هێما قێزەونەوە خۆی حەشارداوە، ئەویش داپۆشینی سەرو جەستەی نیوەی کۆمەڵگا بەعەبایەکەوە کە وابکات ئەو قوربانیە هەست بەکەمتربوونو ناقس عەقڵیو نیو شاهیدو عەورەو ژێردەستەی پیاو"، بکاتو ناچاری بکا ڕازیبێ بکرێتە کێڵگەیەک بۆ بەتاڵکردنەوەی ئارەزوە سێکسیەکانی پیاو هەروەها کارگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی منداڵو هیچی تر نا! زۆر بەکورتی بڵێین خەفەکردنی نیوەی کۆمەڵگا!

ڕژێمی ئیسلامی ئێران هیچ کاتێک ڕووبەڕووی ئەم چەشنە خۆپیشاندانانەو بەم قەبارە بەربڵاوەو یەکگرتووییە نەبووەتەوە، خۆپیشاندەران لەهەموو چینو توێژی کۆمەڵگا سەر بەگرووپو پێکهاتەی ئابووری، کۆمەڵایەتیو نەتەوەیی جیاوازن، ئەوان شتێکی گەورەتریان لەچاکسازیی سیاسیو ئابووری دەوێت، ئەوان ئازادیو گۆڕانی ڕژێمیان دەوێت، بۆیە دەبینین، کە ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە هیچ بەشداریەکی پیاوانی ئایینی تێدا بەدیناکرێ، وەک ئەوەی لەڕاپەڕینەکانی پێشودا ڕوویاندا، تایبەتمەندییەکی ترو گرنگی ئەم بزووتنەوەیە ئەوەیە کە سنوری نەتەوەو مەزهەبو ڕەگەزو هەموو ئەو ناسنامە ساختانەی تێپەڕاندوە کە مرۆڤەکان لێک جیادەکاتەوە، سەرەڕای هەوڵو تەقەلای بەشێک لەهێزە ناسیۆنالیستەکان بۆ لەقاڵبدانی، بەپێی دیدێکی ناسیۆنالیستی تەسکو کۆنەپەرستانە.

کاریگەری ئەم بزوتنەوەیە، بەوپێیەی ئامانجی ڕزگارکردنی ژنانە، تەنیا لەئێراندا قەتیس نامێنێتەوە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە بەدەست یاسای ئیلهامبەخشی شەریعەتی ئیسلامیەوە دەناڵێننو فراوانتریش دەبێت تائەو ئاستەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان لەئاستی ناوچەکەو جیهانیشدا بگرێتەوە.

ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە جیاوازە لەوەی لەساڵی ٢٠٠٩دا ڕوویدا دژی ساختەکاری لەهەڵبژاردنەکاندا، یا وەک ئەوەی دژی بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی ڕویدا لەساڵی ٢٠١٩دا کاتێک سوپای پاسداران نزیکەی ١٥٠٠ کەسی کوشت، ڕاپەڕینی ئەمجارە دژی سەرپۆشکردنی زۆرە ملێی ژنانە، ئەو سەرپۆشەی (حیجابەی) یەکێکە لەبناغە پتەوەکانی مانەوەو بەردەوامی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بۆیە دەستبردن بۆ توڕدانی ئەم حیجابە بەمانای دەستبردنە بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەم ڕژێمە لەبناغەوە، هەر ئەوەشە وادەکات ڕژێم هەموو ڕێگاکان بگرێتەبەر بۆ سەرکوتکردنی.
کۆمەڵگا چینایەتیەکان لەمێژوودا، بەهەموو شێوەیەک کاریانکردووە بۆ ئەوەی ژن لەڕووی سیاسییەوە "نەفامو بێدەربەست"بێو نارێکخراوو بێ تواناو نوقمبوو لەنەزانین، دوور لەکاروباری سیاسیو ملکەچی دەسەڵاتی پیاوانە بهێڵێتەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕوبەرێکی فراوان بۆ کۆنترۆڵکردنی نیوەی کۆمەڵگە لەلایەن نیوەکەی ترەوە دابیندەکرێتو ژنان

ناچاری ملکەچبوون دەکا بەئەنجامدانی ڕۆڵی ئەوان لەماڵداریو بەخێوکردنی منداڵو هیچی تر!

هەموو سیستمە چینایەتیەکان ژن بەهێزێکی کاری یەدەگی هەرزان دەزانن، بەتایبەت سیستەمی سەرمایەداری، هەر کاتێک بیەوێتو پێویستی پێبێ دەیانخاتەسەرکار وەک لەجەنگە جیهانیەکاندا لەبری پیاوان کارگەکانی پێ دەچەرخاندنو هەرکاتیش بیەوێت لەکارەکە دووریاندەخاتەوەو ڕەوانەی ماڵەوەیان دەکاتەوە وەک سوپایەکی یەدەگ بۆ کار، هەربۆیە لەناوچینی کرێکاردا چەوساوەترینو ستەملێکراوترین توێژاڵ ژنانی کرێکارن.

ئەم هاوکێشەیە، جگەلەوەی باسمان کرد، لەناو کۆمەڵگای ئێراندا، بنکەیەکی کۆمەڵایەتیی دەڕەخسێنێت کە چینی دەسەڵاتدار لەپێناو دامەزراندن و پاراستنی پایەکانی دەسەڵاتی خۆی وبە کەڵک وەرگرتن لەو خزمەتگوزاریانەی مزگەوت و دامەزراوە ئایینییەکان پێشکەشی دەکەن، بە مەبەستی تێپەڕاندنی ئەم پیلانە کۆنەپەرستانەیە، بە دڕندانەترین شێوە دژی ژنان، بەردەوام بەرە و پێش بەرێ، خۆ ئەگەر پێویستی کرد ئەوا بە زەبر وزۆریش دەیسەپێنێت، کەواتە مەسەلەی حیجاب بۆ ڕژێمە ئیسلامیەکان بەگشتی ورژێمی ئێران بەتایبەتی بابەتێکی ژیان و مردنە!

پرسی قبوڵکردن و قەناعەت پێکردنی ژنان لە ئێران بۆ پۆشینی حیجاب هەر لە ڕۆژانی سەرەتای زاڵبوونی ئەم دەسەڵاتە ئیسلامیە، ڕەتکراوەتەوە، ئەوەتا دوای دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر کە ٤٣ ساڵ تەمەنیەتی، دامەزراوەی ئایینەکانو پیاوەکانی، سەرەڕای هەمو هەوڵ وتەقەللایان، نەیانتوانیوە کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان بەتایبەتی ڕازی و وادار بکەن کە حیجاب پۆشین، وەک ئەرکێکی ئایینی،دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت و بە قەناعەتەوە لەبەر بکرێت!

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە یەکێک لە ئەگەرەکانی چارەنوسی ئەم ڕاپەڕینە، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە، دامرکان وخامۆشکردنیەتی، ئەویش بەهۆی نەبوونی سەرکردایەتییەکی یەکدەست وشۆڕشگێڕ کە سەربەخۆیی سیاسی و فیکریی جەماوەری شۆڕشگێڕ و کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی چەوساوە و گەنجانی بێکار دەستەبەر بکا و یەکخستنی خەباتیان لەسەر بنەمای دید و ئاسۆیەکی سۆسیالیستی کە گەرەنتی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی تەواو زامن بکا و بەم شێوەیە سەرکەوتن لەم شەڕەدا مسۆگەر بکا ، بەداخەوە لە ئێستادا ئەم ڕابەریەکەم ڕەنگە ئەمە لەلایەک، لە لە لایەکی ترەوە هێزەکانی دژە شۆڕش لەسەنگەردان و لەهەوڵدان بۆ خامۆشکردنی ئەم ڕاپەڕینە، جا ئەم هێزانە ناوخۆیی بن یان دەرەکی، وڵاتانی ئیمپریالیستی نایانەوێت ئەم ڕژێمە بڕوخێنن و ئەوەی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیانەوە دەیڵێن جگە لە ئیدیعای بەتاڵ و درۆ و چەواشەکاری هیچی تر نییە، ئەوان لەگەڵ بزووتنەوەیەکدا نین کە ئامانجی لابردنی ئەم سیستەمە بێت لە ڕەگ و ڕیشەوەک چونکە تا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە ئەلتەرناتیڤێکی وا بخەنە مەیدانەوە جێگرەوەی ئەم ڕژێمە بێت و

بەرژەوەندیەکانیان بپارێزێت، ئەوان دەیانەوەی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ببێتە ڕژێمێکی (موتەعارەف) لەناوچەکادا ، بە شێوەیەک ڕەوشتی خۆی بگۆڕێ وەک هەموو ئەو ڕژێمانەی تر، سعودیە و پاکستان وەک نمونە.

بەڵام ئەم ڕژێمە درکی ئەوەی کردوە کە ئەگەر بەناچاری پەنا بۆ هەر ڕیفۆرمێک بەری لە پرسی حیجابدا، ئەوە بەمانای خۆکوژیە، بەمانای نەمانی ئەو ڕژێمە وەک ئەوەی ئێستا هەیە، بەمانای ئەوە ئیترجمهوری ئیسلامی نیە و شتێکی کەیە!

بەڵام، لەدواشیکردنەوەدا، وەلەگەڵ هەموو ئەو هەوڵ وکۆششانەی دەدرێن بۆ خامۆشکردنی، ئەم ڕاپەڕینە تەکانێکی گەورە وبەهێزیدا بە بزاڤی روخاندنی ئەم ڕژێمە و بەشێکی زۆری هاوکێشە سیاسیەکانی گۆڕی و هەنگاوی قورس و قایمی نا بەرەو روخاندنی ڕژێم لە ئێران، هەنگاوێک کەتەنیا لە سنورەکانی ئێراندا نامێنێتەوە بەڵکو هەموو وڵاتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەگرێتەوە . وانەکانی ئەم ڕاپەڕینە دەبنە سەرمەشقی خەباتی نەوەکانی ئێستا وداهاتو وە وبەکار دەهێنرێن لە خەباتی ئاییندەدا.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپریس – ڕێکەوتی: ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## به شۆڕشی ژنان وێنا کراوه بۆ کورد نەتەوەشی بخه پاڵ




**مەهدی کاوانی**

وێکچوونێکی زۆر له خۆپیشاندانی کاتەکانی شاو ئێستاکه هەیه. له هەمانکاتیشدا جیاوازی له نێوانیانیشدا هەیه . هەردوکیان، خۆپیشاندانی خۆڕسکن یانی به تەواوەتی یاخینه له حوکم داری دەوڵەت . هی ئێستا تا ڕادەیەک کەمتر مۆرکی حیزبایەتی پێوەیەو هی سەردەمی شا حیزبەکان پێشڕەوی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد. هی ئێستاکه دووره له خواستی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. هەندەک به خۆپیشاندانەکانی سۆدان و جەزایر دەچێ بەڵام به تەوژمێکی زۆر زۆر لەوان بەهێزترەوەیه.

خۆپیشاندانەکان مۆرکی ژنانه به تەواوەتی به سەریاندا زاڵه. ژنیش و پاش ٤٣ساڵ ڕێگای پێ نەدرێ که قژیشی به دەر بخا، له کۆیلەیەتی بەدواوه چ مانایەک دەگەیەنێ. حەقیتیشیان وای لێ بکەن که نەک هەر تەنیا رقیان له جمهوری ئیسلامی بێتەوه بەلکو ئیسلامیەوەتیشی بخه پاڵ.

دروشمه سەرەکیەکانی خۆپیشاندەران هی سەردەمی شا هەر هەمووی مەرگ بەر ئەمەریکا بوو به ئیسلامی و کۆمەنیستەکان و ئەوانەی دەکەونه بەینیانەوه. ئەو خۆپیشاندانه، ڕاست و چەپ هەر هەمووانیان دەڵێن مەرگ بەر جمهوری ئیسلامی.

ڕاستە لە خۆپیشاندانەکانی سەردەمی شا لە نێوان تەیاری کۆمەنیستی و دینی، ئەمەریکا ئەمەی دووەمی هەڵبژارد. بەڵام ڕێگریشی لە تەشەنە نەکردنی زیاتر کرد. ڕێگری کردنەکەش، دروست کردنی شەڕ بوو لە نێوان عیراق و ئێران بۆ ماوەی هەشت ساڵ. ئەمەریکا ئەگەر ئەوەی نەکردبا پڕوشکی خۆپیشاندانەکان تەواوی وڵاتانی کەنداو بە عیراقیش و زۆر لە وڵاتانی تری عەرەبی و بگرە تورکیاشی دەگرتەوە. ئەمەش بە قازانجی سۆڤیەتی ئەو کاتی و زیانی ئەمەریکا کۆتایی دەهات.

خۆپیشاندانەکانی ئێستاش بە دیوە پێچەوانەکەی دوور نیە تورکیاو عیراق و زۆر شوێنی تر بگرێتەوە.

ئەمەریکاو روسیاو ئەوروپا، تا ئێستا وزوحی تەواویان نیە لە مەڕ لێکەوتەی خۆپیشاندانەکان، بۆ هەر یەکەیان زیاتر لە بەر ئەوەیە لە لایەکەوە شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیا هەر هەموو جیهان پێیەوە خەریکن وە لە لایەکی تریش وزوحی تەواویان نیە تا بزانن بە قازانجی ڕووسیا یان ئەمەریکا دەکەویتەوە.

ئاڕاستەیەکی یەکگرتوو لە سەر ئاستی تەواوی ئێران خۆی بەدەر دەخا کە لە هیچ خۆپیشاندانێکی تردا نەبوو ئەویش ئازادی ژنانە .

بۆ کورد جگە لە ئازادی ژنان ، ئازادی نەتەوەشی بە دواوەیە.

ئەمەریکا وێڕای ئەو گەمارۆ ئابوریە هەرە سەختەی کە ئێستاکەش هەر بەردەوامە بەڵام هیچ کاتێ دروشمی ڕووخانی ڕژێمی ئێرانی هەڵنەگرتووەو بە ئاشکەراش وتویەتی ئەگەر ئێران دوور کەوێتەوە لە دروستکردنی چەکی نەوەوی و بە دوایەوە نەک هەر گەمارۆیان لە سەر هەڵدەگرین بەلکو بە شێوەیەکی هەرە فراوان پەرە بە پەیوەندیە ئابووری و سیاسیەکانمانیش لە گەڵیدا دەدەین. فیدایی خەڵقیش کە تاکە ئومێدی ئەمەریکایە کە ببنە جێگرەوەی ڕژێمی ئیران و بۆ ئەوانیش هەتا زەمەنێکی زۆر، خستبونیە ناو لیستی تیرۆڕەوە. بە کوردی و کرمانجی، تاوەکو ئێستا نە ئەمەریکا وە نە ئەوروپا بە کردار پشگیری هیچ ئۆپۆزسیۆنێکی ئێرانیان نەکردووە بە کوردیشەوە.

بۆ ڕووسیاو چینیش پەیوەندیان لە گەڵ ئێران لە ڕووی ئابوری و سیاسی لە پلەیەکی هەرە بەرز دایە.

خۆپیشاندانەکە مۆرکی ژنانەو ئینجا چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی تر و پێشم وا نیە جمهوری ئیسلامی بتوانێ دای

مرکێنێتەوە، ئەگەر بۆ ئەو جارەش دایمرکێنێتەوە کاتیەو دووبارە سەر هەڵدەداتەوە. کەواتە دوو حالەت بە خۆوە دەگرێ: یەکێکیان ڕووخانی تەواوی جمهوری ئیسلامیە کە بە بۆچوونی خۆم لەو هەل و مەرجەدا هەندەک دوورەو لە ڕۆشنایی ئاماژەکانی سەرەوەش، ئەمەریکا و ئەوروپا لە سەری ڕشتنین ڕووسیاش چینیشی بخە پاڵ بە ناوچەی نفوزی خۆیان دەزانن.

بەندە زیاتر زەینم بۆ ئەوە بڕەکا کە ڕووسیا ناوەندگیری لە نێوان خۆپیشاندەران لە سەر هێلێکی مام ناوەند بکات ئەویش کرانەوەی بە تەواوەتی ئێرانە بە ڕووی کۆمەڵایەتی و هەڵگرتنی کۆت و زنجیر بە ڕووی حیزبە سیاسیەکانی ئێران.

ئەگەر ئێرانیش ئەمە قبوڵ بکات، زەمەنەکانی بە دواوەی، کرانەوەی تریشی بەدواوە دێت و ڕەنگە بە مەرگی جمهوری ئیسلامی کۆتایی بێت.

ئیدی شەیتەنیەتی وڵاتانی بڕیار بە دەستی جیهانیش و هەر یەکەیان بە دیوی خۆی، چ بەزمێک وەک ئەوەی لە عیراق و لیبیاو شوێنی تری جیهان، دروستیان کردووە و پێیەوە ڕەنگەبۆ ئەوجارەش دیسان شۆڕشی گەلانی ئێران لە بار ببەن.

شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی شا بۆ کورد زۆر زۆر پۆزەتیف بوو هی ئەوجارەش بە زیاترەوە دەبێت ئەگەر دوو حیزبەکەی باشوور لێیان تێک نەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زەمەن – ڕێکەوتی: ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## ڕەمزیەتی مەرگی ژینا



**شاهۆ سەعید**

ئەو ڕستەیەی لەسەر کێلی گۆڕەکەی ژینا ئەمینی نوسرا: "ژینا گیان تۆ نامریت.. ناوت دەبێتە ڕەمز" ڕستەیەکی سەرپێی و ڕاگوزەر نەبوو، پێشبینیەک بوو کاریگەرتر لە چاوەڕوانی هەندێک لە چاودێران هاتەدی. ژینا وەک کیژۆڵەیەکی کورد بە شێوەیەکی تراژیدی گیان لە دەستدەدات؛ بەڵام وەک ڕەمز لەدوای مردنیەوە لەدایک دەبێت. مەرگی ئەو چیتر مەرگی تاکە کەسێک و کۆستی تاکە خێزانیکی سەقزی نیە. ئەو گوزارشت لە تراژیدیایەکی فرە لایەن دەکات، دەبێتە ئەڵقەی بەیەک گەیشتنی تراژیدیای هەزاران کەس، سەدان کەرتی کۆمەڵایەتی پەراوێزخراو و چەندین شوناسی تێکڕژاو.

تراژیدیای ژینا لە تراژیدیای پاڵەوانە ناسراوەکانی مێژوو ناچێت، ئەو خۆی هیچ دەستێکی لە دروستکردنی ڕەمزیەتی خۆیدا نەبووە، تەنانەت دەگوترێت کیژۆڵەیەکی شەرمن بووە و سەروکاری لەگەڵ سیاسەتدا نەبووە. ئەوەی ئەو کارە دەکات هەستیارییەکی کۆمەڵایەتییە کە لە چرکەساتێکی مێژووییدا دەیان هەزار تاکی پەڕاگەندە و چەندین کەرتی کۆمەڵایەتی و شوناسی جیاواز و تێکڕژاوی ئێرانیەکان کۆدەکاتەوە.

ژینا لە یەک کاتدا مێینەیە، گەنجە، کوردە، ئێرانییە و سەر بە پێکهاتەیەکی پەراوێزخراو و سزادراوە. ژینا وەک مێینە نێچیری بەردەوامی پۆلیسەکانی ئەخلاقە لە ڕژێمێکی پیاوسالار و کولتورێکی مەساجینی- دژە مێینەدا.. وەک گەنج پرۆژەی گوناهێکی بەردەوامە لە کۆمەڵگایەکی کۆنەپارێز و پیردا کە گەنجێتی وەک نەفرەت بەسەر شانی کوڕان و کچانەوە دەبینێت.. وەک کورد ئەندامی نەتەوەیەکی ژێردەستە لە دەوڵەتێکی داگیرکەردا کە کوردبوون وەک خەنجەرێکی ژاراوی و وەک

خیانەتێکی نوستووی بەردەوام لەقەڵەم دەدات.. وەک ئێرانیش هەڵگری رەگەزنـامەی وڵاتێکە کە هاوڵاتیـانی بۆ زیـاتر لە چل سـاڵە بەدەست ستەمی ئـاینی و دیکتـاتۆریەتی سیاسییەوە دەنـاڵێنن، لە دۆخی ئامادەسـازیی جەمـاوەری و سـەربـازیی بەردەوامـدان بـۆ شـەڕێکی پیـرۆز لەپێنـاو پاراستنی دەسـەڵات و بەرژەوەنـدیەکانی کۆمەڵێـک ئاخونـدا.. تەنـانەت ژینـا لە هەندێک ناوچەی پەراوێزخراوی ئێرانـدا دەبێتە رەمزی ستەمی مەزهەبی و ئیتنی، وەک ئەوەی لای سوننەکانی زاهیـدان و بلوچستـان تەقیەوە، یـان ستەمی نەتەوەیـی لای ئـازەر و عەرەبەکـان کە سـەرباری ئەوەی شیعەن، بەڵام کێشـەی ئیتنیـان لەگەڵ مەرکەزیەتی دەوڵەتی فارسی - زماندا هەیە.

لە هەرێم و پارچەکانی تری کوردستان، لە ناوەندە ئیقلیمی و جهیانییەکانی دەرەوەی ئێرانیش، دەنگدانەوەی مەرگی ژینـا و هەڵوێستەکان لەئاست دەرهاویشتە و پاشهاتەکانیدا رەمزیەتـی خۆیـان هەیە و هەنـدێک هەقیقەتـی نوستوویان بەئاگـا هێنـایەوە. ئەو حەماسـەت و ئومێـدەی لە هەرێمـی کوردسـتانەوە لای بەشـێکی زۆری هاوڵاتیـان هەسـتی پێـدەکرێت وەک هاوسۆزییەک لەگەڵ هاوزمانەکانیـان لە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان.. تێکەڵە بە تـرس و بەدگومـانی کەرتێکی بەرفراوانـی تـری هەرێمی کوردستان کە ژینا وەک ئایکۆنی کوردایەتی نابینن، بەڵکو وەک ئایکۆنی فێمینیزم و ئازادیی جل پۆشینی ئافرەتـان دژ بە کولتوری ئیسلامی  دەیبینن. مەرگی ژینا ئەوەی دووپاتکردەوە کە شونـاسی کوردبـوون شوناسێکی نەتەوەیـی سادە نیە، بەڵکـو بـارکراوە بە چەنـدین تـرس و گـرێ و هەسـتیاریی ئـاینی و حیزبـی و لۆکـاڵی و کولتـوری. هەروەک چۆن شونـاسی ستەمکاریش شوناسێکی کۆنکرێتی نیە، بەڵکو لە دۆخی شوناسگۆڕکێ و تێکرژانـدایە لەگەڵ شوناسی قوربـانیەکانیـدا. واتە مەرج نیە قوربانیەکان، وەک مێینەکان و کوردەکـان و پەراوێزخراوەکـان هەمیشە هاوسۆزی یەکتـر بـن، هەروەک چۆن مەرج نیە داردەستەکانی ستەم و پۆلیسـەکانی ئەخلاق تەنهـا ئەو کەسـانە بـن کە هەڵگری پێناسی فەرمی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئاینی و کولتورین.

سەربـاری سنووره نێودەوڵەتیەکان کە نیشتمانی کوردیان دابەشکردووە، سـەربـاری ئەو دیـوارە کۆنکرێتیـانەی لەنێـوان شوناسـە جێندەریی و ئاینی و نەتەوەییەکاندا هەڵچنراوە.. بەڵام کوردە قوربـانیەکان، مێینە قوربـانیەکان، ئێـرانییە قوربـانیەکـان و پەروایزخراوەکان بەگشتی دەبنە هاوسۆز و پشتیوانی یەکتر. لە بەرامبەردا پۆلیسەکانی ئەخلاق و پاسەوانەکانی دەسـەڵات، سـەربـاری ئەوەی سـەر بە رەگەز و نەتەوە و مەزهەب و عەقیـدە و جوگرافیـای جیـاوازن، بەڵام لە زۆر شـوێندا دەگەنەوە بە یەک.. زۆرجار دەبنە  پارێزەری بەرژەوندەیەکانی یەکتر و رەوایەتی بە رەفتارەکانی یەکتر دەبەخشن.

ژینا کاتێک دەبێتە ئایکۆنی نارەزایەتی ئێرانەکان و کوردەکـان و فێمێنیستەکان و بەشێکی زۆری ئـازادیخوازان لە رۆژهەڵات و جیهاندا.. درزێک لە مانا تەقلیدیەکانی شوناس و یاخیبووندا دروست دەکات.. ژینا کۆمەڵێک ئاسۆ بـۆ ئاینـدە واڵادەکـات،

هاوکات چەندین برین بە کراوەیی جێدێڵێت کە تەنها لە جەستەی کورد و ئێرانیەکاندا نیە؛ بەڵکو گرفتی قووڵی گەلانی ناوچەکە و رۆژهەڵاتیەکانە بەگشتی.

تراژیدیای ژینا ئەو راستییە دووپاتدەکاتەوە کە ئێمە تەنها کێشەمان لەگەڵ کۆمەڵێک رژێمی سیاسیدا نیە کە تۆڕی بەربڵاوی جاسوس و پۆلیس و دامودەزگای سەرکوتکەریان لە کایەی گشتیدا بڵاوکردووەتەوە؛ بەڵکو لەبەردەم کولتورێکی کۆمەڵایەتی دڵڕەقیشداین کە ژیانی تایبەتی تاکەکان دەکاتە ئامانج، دەست وەردەداتە وردەکاریەکانی ژیان و شێوازی جل پۆشینیان، سنور بۆ بیرکردنەوە و ئاخاوتنیان دەکێشێت و زۆرجاریش لە رووی مەعنەوییەوە تیرۆریان دەکات. مەرگی ژینا یادی خستینەوە ئەوە تەنها دەوڵەت نیە -وەک قەوارەیەکی سیاسی و یاسایی و جوگرافی- دەبێتە زیندانی هاوڵاتیانی خۆی و ناچاریان دەکات کۆمەڵێک سنوری سیاسی تەقدیس بکەن کە لەسەر حیسابی شوناسە نەتەوەیی و مەزهەبی و کولتوریەکانی ناوچەکە دامەزراوە؛ بەڵکو شوناسە فەرعیەکان خۆشیان، وەک کۆمەڵێک قەوارەی رەمزی، جارێکی تر و لە هەندێک شوێنی تردا دەبنەوە بە زیندان و کۆسپی بەردەم کارلێک و هاوسۆزی نێوان تاکەکان و پێکهاتە مرۆییەکان.

خۆرهەڵات و جیهانی ئیسلامی بۆ چەندین سەدەیە سەرزەمینی ستەم، تاکڕەوی، شۆڕش، یاخیبووون و سەرکوتکردنی بەردەوامە. مرۆڤ هەموو جارێک ترسی دووبارەبوونەوەی ئەو مێژووەی هەیە، بەڵام ئەوەی ئەمجارە جیاوازیەکە لە ئێراندا دروست دەکات پەیوەندیی بە رەمزیەتی ئایکۆنەکەیەوە هەیە کە مێینەیە. رەنگە ئەمە یەکەمین جار بێت "ئازادکردن"ی ژن لە دروشمێکی ئایدیۆلۆجی پیاوانەی پەتییەوە دەبێتە "ئازادبوون"ی ژنان کە خۆیان کە لەسەر شەقامەکان بەرجەستەی دەکەن.

رەنگە جیاوازی سەرەکی ئەوەی ئێستا لە ئێران روو دەدات لەگەڵ ئەوەی لە بەهاری عەرەبیدا روویدا پەیوەندیی بە رەمزیەتی ئایکۆنی هەردوو شۆڕشەکەوە بێت: "ئەلبوعەزیزی" و "ژینا". ئەلبوعەزیزی کاسبێکی دەستگێڕ بوو، ئەویش وەک ژینا هیچ دەستی لە بە ئایکۆنکردنی خۆیدا نەبوو؛ بەڵام کاتێک دژی ستەمی ئابووری و بەرتەسککردنەوەی دەرفەتی کار خۆی دەسوتێنێت ئیتر دەبێتە پزیسکی شۆڕشێکی بەرفروان کە کۆتایی بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە چەندین وڵاتی عەرەبیدا دێنێت. ئەو شۆڕشگێڕانەی ئەلبوعەزیزی-یان کردە ئایکۆن وەک رەمزی نوێنەرایەتیکردنی ستەمی ئابوری لێیان دەڕوانی، هەربۆیە دروشمی نان و دادپەروەری، لەپاڵ دروشمی روخاندنی رژێمی سیاسیدا بووە دروشمی سەرەکی بەهاری عەرەبی.. واتە دروشمی نان و داپەروەری پێش دروشمی ئازادی کەوت. بەڵام لە ئێستای ئێراندا دروشمی ئازادی و ژیاندۆستی لەپاڵ کۆمەڵێک دروشمی سیاسیدا لە لیستی سەرەوەی دروشمەکانی خۆپیشاندانە. ئەوەش سەرەتایەکی جیاوازە لە زەینیەتی تاکەکان و هۆشیاری کەرتە کۆمەڵایەتیەکاندا کە ئازادی و ژیاندۆستی وەک تەواوکەر و دیوی دووەمی دادپەروەری و

کرانەوەی شوناسە داخراوەکان بەڕووی یەک و بەڕووی جیهاندا دەبینن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## هەڤپەیڤینی رووداو لەگەڵ یەگانە رەزایان، لێکۆڵەری باڵای تایبەت بە ئێران لە کۆمیتەی پاراستنی رۆژنامەڤانان (CPJ)



دانا عومەر

**رووداو**: دۆخی رۆژنامەڤانانی ئێران چۆنە بە تایبەت ئەو رۆژنامەڤانانەی لە نارەزایەتییەکانی ئەمدواییەی ئێران دەستگیرکراون؟

**یەگانە رەزایان**: دۆخی رۆژنامەڤانانی دەستبەسەرکراو لە ئێران لەم کاتەدا ئەگەری هەیە زۆر خراپ بێت، بەڵام بەهۆی پچڕانی ئینتەرنێت و نەبوونی بارودۆخێکی ئازاد لە راگەیاندندا، هەواڵ و زانیاری لەسەر ئەو بابەتە زۆر بە ئەستەم

دەگاتە دەستی ئێمە، زانیارییەکی زۆر وردمان لەبارەی بارودۆخی رۆژنامەڤانانی دەستبەسەرکراو لەبەردەستدا نییە، جگە لەوەی دەزانین زۆربەیان یان گواستراونەتەوە بۆ گرتووخانەی ئێڤین، یان ژنانی رۆژنامەڤانیش گواستراونەتەوە بۆ گرتووخانەی قەرچەک کە بارودۆخێکی زۆر خراپی هەیە بۆ راگرتنی دەستبەسەرکراوان.

**رووداو**: هیچ ئامارێکتان لەبارەی رۆژنامەڤانانی دەستگیرکراو لایە، هیچ رۆژنامەڤانێک لە خۆپێشاندانەکان برینداربوون یان کوژراون؟

**یەگانە رەزایان**: ئێمە لە کۆمیتەی پاراستنی رۆژنامەڤانان، تاوەکو ئەمڕۆ توانیومانە دەستگیرکردنی ٣٥ رۆژنامەڤان پشتڕاستبکەینەوە، واتە تاوەکو ئەمڕۆ ٣٥ رۆژنامەڤانی ئێرانی لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە خۆپێشاندانەکان دەستگیرکراون. کاتێک دەڵێم لە خۆپێشاندانەکان، بەهۆی کاری رۆژنامەڤانییەوە لە چوارچێوەی ناڕەزایەتییەکان دەستگیرکراون، زانیاریمان لەسەر ئەوانە نییە کە بێسەروشوێنن، بەڵام ئەوەی دەیزانین ئەوەیە کاتی دەستگیرکردنیان زۆر بە توندی دەستگیرکراون. بۆ نموونە یەکێک لە دەستگیرکراوەکان لە کاتی دەستگیرکردنیدا بەگوێرەی گوتەی بنەماڵەکەی، سەری شکێندراوە. هێزە ئەمنییەکان کێشاویانە بەسەریدا و شکاندوویانە. حوسەینی رونەقی، نووسەر و رۆژنامەڤانی دیاری ئێران لە هەواڵەکاندا هاتووە کە هەردوو قاچی شکێندراوە. هێزە ئەمنییەکان لێیانداوە و هەردوو قاچیان شکاندووە، لەبارەی کوشتنی رۆژنامەڤانانیشەوە هیچ ئامارێکمان نییە و ئاگادارنین هیچ رۆژنامەڤانێک کوژرابێ.

**رووداو**: لەبارەی چارەنووسی ئیلاهە محەممەدی و نیلوفەر حامدی، ئەو دوو رۆژنامەڤانەی لەسەرەتاوە بابەتی گیانلەدەستدانی ژینایان بڵاوکردەوە، هیچ زانیارییەکتان هەیە؟

**یەگانە رەزایان**: ئەو زانیارییانەی ئێمە هەمانە لەبارەی هەردوو رۆژنامەڤان ئیلاهە موحەممەدی و نیلوفەر حامیدی، ئەو دوو رۆژنامەڤانەی پێش هەموو کەس زانیارییان لەبارەی ژینا ئەمینی بڵاوکردەوە، ئەو زانیارییانە کە پارێزەرەکەیان محەممەد عەلی کامفیروزی بڵاویکردوونەتەوە، بەگوێرەی ئەو زانیارییانە هەردوو خانمەکە لە زیندانی تاکەکەسی لە زیندانی ئەوین دەستبەسەرکراون، هیچ زانیارییەک لەبارەی بارودۆخیان نییە، لەژێر لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەدان.

**رووداو**: ئێستا دۆخی نەمانی ئینتەرنێت و ئازادیی رۆژنامەگەری لە ئێران لە چ ئاستێکدایە؟

**یەگانە رەزایان**: ئەو زانیارییانەی ئێمە لە کۆمیتەی پاراستنی رۆژنامەڤانان هەمانە ئەوەیە هێڵی ئینتەرنێت لە ئێران زۆر سنووردارە، لە ناوەندی شارەکان لەو شوێنانەی ئینتەرنێت هەیە زۆر لاوازە، رۆژنامەڤانان و خۆپێشاندەرانی ئێران دەستیان

بە ئینتەرنێت و ئینیستاگرام و واتسئەپ ناگات، بۆیە ئازادیی رادەربڕین و ئازادیی دەستگەیشتن بە زانیاری لە ئێران لەژێر پرسیاردایە، لە ئاستێکی زۆر خراپدایە، بەو هۆیەشەوە کارکردنی رۆژنامەڤانان زۆر ئەستەم بووە.

**رووداو: CPJ، چ رێکارێک دەگرێتەبەر بۆ پاراستنی رۆژنامەڤانان لە خۆپێشاندان و گرژییەکانی ئێران؟**

**یەگانە رەزایان:** ئێمە لە رێکخراوی داکۆکیکردن لە رۆژنامەڤانان بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی رۆژنامەڤانان لە لایەن ئێرانەوە بە توندی سەرکۆنە دەکەین، داوای دەستبەجێ ئازادکردنی رۆژنامەڤانانی دەستگیرکراو دەکەین، تاوەکو ئەو شوێنەی پێمان دەکرێت هەوڵی پاراستنی رۆژنامەڤانانی دەستگیرکراو لە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی ئەمدواییەی ئێران دەدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – ڕێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

# بۆچی پێویستە بەرگریی لە 'خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران' بکەین؟



**بەهار مونزیر**

خەڵکی کوردستان و ئێران، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دژ بە دەسەڵاتی ستەمکاری کۆماری ئیسلامیی دەخرۆشێن و ڕوخانی ئەو ڕژێمە دژە ئینسانییە بووەتە کاری لە پێشینەیان، ئەمەشە هۆکاری بەردەوامیی ڕاپەڕینەکەیان، وێڕای ئەو هەموو سەرکوتییەی ڕژێم و دەستنەپاراستنیان لە هەر جۆرە کردەیەکیی نائینسانیانە دژ بە خەڵکە ڕاپەڕیوەکە.

هەر ئەوەی کە مانەوەی «کۆماری ئیسلامیی ئێران»، دەکەوێتە مەترسییەوە، گرووپە ئیسلامییەکان و ئەو هێزانەی کە دەزانن بە کەوتنی ڕژێم ئەمانیش باریان دەکەوێتە لێژیی، بە لێدوان و هەواڵەکانیان و ڕوماڵی ئەم ڕاپەڕینە دەرخەری ئەوەیە کە دڵیان لای ئاغاکانیانە و، هەوڵی ئەوە دەدەن دۆخەکە بکەنە تەپوتۆز تا هەقیقەتەکان ون بن !

ئەوەی پێویستە و وەکو ئەرک دەکەوێتە سەر کۆمەڵگە، ئەوپەڕی هاوپشتیی ئەو ڕاپەڕینە کە بکرێت؛ لە هەرە بەرچاوترین ستەمەکان لەسەر ژنانە کە خۆی لە (سەپاندنی باڵاپۆشی زۆرەملێ)ـدا دەبینێتەوە، کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دژی زوڵم و زۆری شا، کۆماری ئیسلامی ئێران دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، یەکێک لە داخوازییە سەرەکییەکانیی باڵاپۆشی بەزۆری کچان و ژنان بوو لە ئێراندا، کە زۆرێک لە ئێمە لە ڕێگەی وێنەکان و ئەرشیڤی ئەوکاتەوە(لەسەروبەندی سەپاندنیی ئەو یاسایانەوە)، بە بەرپەرچدانەوە و ڕەتکردنەوەیەکی فراوانی جەماوەریی ئاشناین، یەکێکی تر لە یاساکانیان سزای سەر

شەقامەکان بوو، هەر لە (سەنگەسار) یاخود (بەردبارانکردن)ی ژنان و پیاوان بە پاساوی بێبنەما و ئەتککردنی چەندان کەس، سزای لە سێدارەدان بە بەرچاوی خەڵکەوە کە مەبەستیی سەرەکی لەم کارانە چاوترسێنی خەڵک بوو، تاکو لەو ڕێگەیەوە خەڵکەکە بەتەواوی ڕام بکەن و خۆشیان لە دەسەڵات بمێننەوە.


لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا، خەڵکی ئێران ژیانێکی سەخت و کولەمەرگی دەگوزەرێنن، پشکی شێر لەم چەرمەسەرییەی خەڵکی کوردستان و ئێران بەر ژنان کەوتووە، چەندین هەوڵ هەبووە بۆ گۆڕانکاریی و وەستانەوە بەرامبەر بە زوڵم و زۆرداریی و خراپی ژیانی خەڵکی کوردستان و ئێران، ئەوەی لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەریهەڵدا کۆکراوەی ئەو هەموو زوڵمەیە، کە لە ئێستادا ئەوەی لێی دڵنیاین ناڕازیبوونی خەڵکە بە گشتیی؛ بەو سیستمەی کە مرۆڤەکان ساڵانێکە تێدا خنکاون و بەدوای دەرچەیەکدا دەگەڕان بۆ ڕزگارییان، دۆخی ئێستا ئەو دەرچەیەیە، بۆیە ڕاپەڕیوان دەست دەبەن بۆ تەواوی ڕەمز و موقەدەساتیی «کۆماری ئیسلامیی».

ئێمەی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز، گرنگە وێڕای پشتگیریی و هاوپشتیی لەم شۆڕشەی خەڵکی کوردستان و ئێران، دەتوانیین گوشاریش بخەینە سەر دەسەڵاتدارێتیی هەرێم کە لەو دەستنەپاراستنەی کۆماری ئیسلامیی کە هەرجارە و بە بیانوویەک هەم بۆردوومانی بارەگاکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دەکات و هەمیش تیرۆری سەرکردە و کادیرانیان، ئەم کارە بووە بە نەریتیی کۆماری ئیسلامیی و هەرجارێک بییەوێت دەیکات، دەسەڵاتی هەرێمیش بە بەیاننامەیەکی شەرمنانە «ئەگەر ئەمەش بکەن»، ئیدانەیەکی سەرپێیی دەکەن! هاتنە مەیدانی گەنجانی زانکۆکان و خەڵکی ناڕازی لە هەموو توێژەکان کە پێوستییەکی پلە یەکە، تا پێکەوە هەم گوشار لەسەر دەسەڵاتیی هەرێم بکرێت بەهۆی وابەستەییانەوە بە «کۆماری ئیسلامیی»، چاودانەخەن لە ئاست ئەو دەستدرێژییانەیان کە دەیکەنە سەر هێز و کەسانیی ئۆپۆزسیۆنیی دەسەڵاتدارێتی ئێران کە نیشتەجێی هەرێمن، هەم هاوپشتییەکی باشی ڕاپەڕیوانی کوردستان و ئێرانیش بن.

بەداخەوە بڵاوکردنەوەی نائومێدی کەسانێکی خوێنەوار لە ئاست ئەم پرسە گرنگەدا، زیانی بە هاوپشتیی بۆ خەڵکی کوردستان و ئێران گەیاندووە؛ ئەو جۆرە گوتارانە خەڵکی ڕەشبین درووسدەکات، کە خۆی لە «هیچ نەکردن»دا دەبینێتەوە! ئەسڵ وابوو ڕێپێوانیی ملیۆنی لە شارەکانی هەرێم کرابایە، بۆ پشتگیریی لەو خەڵکەی هەموو جۆرە ستەمێکیان بە درێژایی مێژووی «کۆماری ئیسلامیی»، بەسەردا تاقیکراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

# پەیامی پشتیوانی لە ئازیزان



عەبدوڵڵا پەشێو

وەک چۆن لە ساڵی ٢٠١٠ دا "محەمەد" یێک، لە شاری "سیدی بوزید"ی توونس، لە داخی هەژاری و بێچارەیی ئاگری لە خۆی بەردا، بە بڵێسەی بەدەنی خۆی هەموو وڵاتی خرۆشاند و رژێمی"بنعەلی"ی ژێروژوور کرد، هەرواش، خۆبەختکردنی"ژینا" رۆژهەڵاتی کوردستانی یەکپارچە جۆش دا، ڕق و کینەی ٤٣ ساڵ خەفەکراوی هەموو ئێرانی تەقاندەوە، بەرامبەر "ویلایەتی فەساد" گشت زمان و دیالێکت و نەژاد و مەزهەبەکانی خستە ناو سەنگەرێکەوە.

(ژن، ژیان، ئازادی) دروشمێکی مژدەبەخشە، نیشانەی رۆڵی پێشڕەوانەی ژنانە، پڕە لە ئومێدی دوارۆژێکی جوانتر و درەوشاوەتر بۆ مرۆڤ. ئەوانەی ئەم دروشمە بەرز دەکەنەوە و دەیچڕن سەوداسەری ژیان و ئازادین، پەیامی ڕێنیسانس و خۆخوێندنەوەی سەرتاپێیان هەڵگرتووە. ژینا، بە مەرگی پێشوەختی خۆی، بە هەموو دنیای گوت کە سەپاندنی یەک دین، یەک مەزهەب، یەک دروشم، یەک زمان، یەک پۆشاک و یەک ڕەهبەر تونێلێکی تاریکی بێ دەرچەیە، مایەی شەرمەزارییە، دابڕانە لە گیانی سەردەم.

ڕابوونی رۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر تێکڕای گەلانی ئێران، نەک هەر بۆ ئێران خۆی، بەڵکو بۆ گشت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش گرنگە، بۆیە پێویستە بێ دوودڵی، بێ چەندوچۆن، پشتیوانیی لێ بکرێ.

بەڵێ، ڕابوونی جوگرافیایەکی فرەڕەنگی پانوپۆڕ کاریگەرە، بەڵام کاریگەرتر و چارەنووسسازتر پایتەختی دەسەڵات و دەوروبەرەکەیەتی، چونکە پێگەکانی ڕژێمی تێدایە، هەروا، چونکە ئەو زەبروزەنگ و کوشتارەی ڕژێمی ئاخوندان لە کوردستان و بەلوجستان و پەراوێزەکان بەکاریان دێنێ، ناتوانێ بە هەمان شێوە لە پایتەخت پیادەیان بکا، نەک هەر لەبەر ئەوەی لە تەنینەوەی ئاگری نێزیک دەترسێ، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە سێنتەری بڕیار پتر چاوی کامیراکانی جیهانی لەسەرە.

بۆ ئەوەی چنینی بەری ئەو ڕابوونە مسۆگەرتر و پشتگیریی نێونەتەویی کردەکیتر و یەکڕووانەتر بێ، پێویستە هەوڵی سازکردنی پلاتفۆرمێکی سیاسی بدرێ و بکرێتە نەخشەرێی سەرکەوتن. دەبێ هەمووان لەوە دڵنیا بکرێنەوە کە لە داهاتوودا مۆدێلی فەرمانڕەوایی لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و مافی چارەنووس بنیات دەنرێ، هەر لەم ڕێگەیەشەوە، ئێران دەتوانێ ئەو دێوەزمەیەی چۆکی لەسەر سنگی خۆی و مرۆڤایەتی داداوە لاببا و تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاست جێ بهێڵێ.

نەمری بۆ ژینا.

سەرکەوتن بۆ ئازادیخوازان.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی تاهیر قاسمی – ڕێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

# نیشانەناسیی ڕاپەڕینی سەرانسەریی ئێران



**سپێدە ساڵحی**

بێگومان ئێستە زۆر زووە ئاسۆی ئەم ڕابوون و هەستانەوەیەی ئێران ببینین و هەڵیسەنگێنین و لە ڕەهەند و لایەنی جۆراوجۆرەوە شەنوکەوی بکەین و کەنار و بوارێکیشی بۆ دیاری بکەین، بەڵام شتێک کە حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە ماهییەت و سەرچاوەی هەڵگیرسانی ئەم ڕابوونە، تێڕوانینی کۆمەڵناسانە و سیاسی و بەرەناسانە بە نیسبەت بزووتنەوە و جووڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ئێران و کوردستان و بگرە ناوچەکەیش دەگۆڕێت. ئاخر هەستانەوەیەکە بە بنەمایەکی جێندەرییەوە و لە ئەکتێکی خۆبەخش و خۆجۆشی کۆمەڵایەتییەوە، دژی هەموو ئەو بەهایانە وەستایەوە کە پێناسەیەکی تەسک و تەنگی بۆ ژن و مافەکانی دیاری کردبوو.

ئەمە ڕابوونێکە دژی سیستمێکی سیاسی کە ڕۆحی پیاوسالارییەکی ئاینی و نەریتی و توندئاژۆیانەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە و لەچک و پەچە و سەرپۆش، تەنیا ڕەمزێکن کە لەناو وەها پێکهاتێکدا بەختی بە نیشانەبوون و بە ئاڵابوونی پێ بڕاوە.

کارەکتەری سەرەکیی ئەم ڕابوونە و سەرچاوەی ئەم هەستانەوەیە، "ژینا ئەمینی" خەڵکی سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە تەمەنی ٢٢ ساڵ بوو و بۆ گەشت و سەیران ڕۆیشتووەتە تاران. ئەو وێنا و وێنانەی لە ژنی کورد لە ئەدەب و فۆلکلۆری ئێمەدا دەرکەوتوون و دەلالەتی مانایی و جوانیناسانەیان خستووەتە ڕوو، وێنەی ژنیان لە نێوان دوو شادەلالەتی گشتیدا دابەش کردووە.

یەکەمیان، ژن وەک دایک، یار، هاوسەر، کۆڵەکەی ژیان و... لایەنی پیرۆز و ژیانبەخشی پێکهاتی خێزان و کۆمەڵگە بووە. دووەمیش ئەو پێناسەیە بووە کە بەپێی پێوەری پیاو بۆ ئەم وێنە و وێنا پیرۆز و ژیاندۆستە، دیاری کراوە وەک سەرزەوین و هەرێمی بڤە و پیرۆزییەکانی پیاو دەستنیشان کراوە، پیرۆزییەکی بڤە.

واتە ئەم دوو وێنایە لە ململانێی مەرگ و ژیاندا پێکەوە هەڵبەستراون. لە "ئەفسانە کوردییەکان" بەرهەمی کۆکراوەی "م . ب . ڕوودینکۆ" بە وەرگێڕانی "کەریمی کەشاوەرز" ئێمە بەردەوام بەر ئەم دوو وێنەیەی ژن دەکەوین، وێنەیەکی ئاهوورایی و فریشتەئاسا و وێنەیەکی سامناک و شەیتانئاسا. واتە فریشتەیەک کە پۆتانسێل و ئەگەری شەیتانبوونی تێدایە، دەشێت ئەم دوو زاراوەیە هاوتەریبی هەمان دوو زاراوەی "ژیان و مەرگ" بن کە تایبەتمەندیی تێڕوانینی کۆمەڵگە دووفاقی و دووجەمسەرییەکانە و لەلایەن پیاوەوە بەرهەم هێنراوە.

لەم وێنەسازییەدا لە ژن، دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی ڕێژەیی ژن کەمترین پێگە و شوێنی وەک سووژە و بکەرێکی وشیار و ئاوەزمەند بۆ دەستنیشان کراوە، هەر چەمک و زاروەیەک کە بەسەریدا ساغ بووەتەوە،ئەوا ئەنجامی هەڵتۆقین و هەڵقووڵانی دید و جیهانبینی پیاو بووە.

لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران تا ماوەیەکی زۆر، هەر ئەم وێنەیە بەشێوەی توندوتیژ بەسەر ژناندا سەپێنرابوو، تا پاش کرانەوەی کۆمەڵگەکان و پێوەندییەکان و ئازادبوونی باشووری کوردستان و بەریەککەوتنی خوێندنەوەی ئاینی بۆ پێگە و شوێنگەی ژن، خوێندنەوەی سیکولار و فێمینیستی کە ژنان هەم لە ئاستی کردەنیدا دەرکەوتنی زیاتریان لە کۆمەڵگە و شوێنە کارگێڕییەکاندا هەبوو، هەمیش لە ئاستی ئاکادیمی و ڕۆشنبیریدا هەوڵی ڕژدیان خستە گەڕ بۆ خوێندنەوەی واقیعی پلە و پێگەی خۆیان لە ناو کۆمەڵگەدا، ڕەخنەی ئەو تێڕوانینە پیاوسالار و نەریتی و ئاینییەیان کرد کە بەسەر دنیا و بەتایبەت جەستەی ژندا سەپاندبوویان.

ئەوەی روونە،ژنان تا ئێستەیش لەناو بەرداشی پیاوسالاری و ئایندا ماف و دنیایان نەدیو دەگیرێت و بەشێوەی جۆراوجۆر و جیاواز دەکەونە بەر هێرش و دەستدرێژی، ئەمە زەوینەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆی هەیە و تێڕوانینی لۆجیکی فێمینیستی لەسەر دژایەتیکردنی پیاو بۆ سەندنەوەی مافەکانی ژن لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارانە، ڕۆ نەنراوە، بەڵکو لەسەر خواست و ئارەزووی یەکسانی ماف دامەزراوە.

ئەم تێڕوانینە بووە بە ڕەوتێک کە هەوراز و نشێوی خۆی دەپێوێت و هەم لە ڕووی کردەنی و هەم لە ڕووی تیۆری و

بیردۆزەوە ڕێیەکی دوورودرێژی لە بەردەمدا ماوە. شتێک کە دنیابینی پیاوسالارانە و پیاو خۆی دەبێت بیزانن ئەمەیە کە بە ئۆبژە مانەوەی ژن و تاکجەمسەربوونی پیاو وەک سووژە، غەدر و زیانێکی گەورەیە بۆ هەردوو جێندەرەکە نەک تەنیا بۆ ژن.

ژن و پیاو وەک دوو جێندەری تەواوکەری یەکتر دەشێت هاوسان و هاوسەر و سایەی یەکتر بن و لە کۆمەڵگە و ژیانی خێزانیدا، کەسایەتیی یەکتر تەواو بکەن، ئەمەش بە پاشەکشێی دیدی توندئاژۆی پیاوسالارانە و پێداچوونەوە بەسەر ئەو تێڕوانینانەی کە ژن تەنیا وەک جەستە و سەرچاوەی مانا تابۆییەکانی وەک شەرەف و ئابڕوو و ... دەبینێت، دێتە ئاراوە.

گیروگرفتی تێڕوانینی پیاوسالارانە کە بارگاوییە بە مانا و دەلالەتە ئاینییەکان، ئەوەیە کە ژن تەنیا وەک جەستە و لەش دەبینێت و ئەو سەرچاوە مانایی و واتاییە کە لە دنیای ژندا وەک دایک و یار و هاوسەر و خوشک و... لە ئارادایە، دەشێت جێندەری ژن بەرهەمی بهێنێت، نابینرێن.

ڕابوونی سەرانسەریی ئەمدواییە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان دروستتر وایە بڵێین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێران، ئەنجامی چەند دەیە خەباتی مەدەنی و کولتووری و ڕۆشنبیریی ژن و پیاو بووە لە پاڵ یەکتردا، ئەم ڕێیە پڕ هەوراز و نشێوە، زۆربەی کاتەکان خوێناوی بووە،بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ ئێمە شایەتی نیشانەی باشتر لە بە سووژەبوون و بکەربوونی ژنانین.

لەم ڕابوونەدا کوشتنی ژینا بووە هۆی ئەوەی وزە و سووژەبوونی ژنان لە کوردستان و هاوکات پیاوانیش هاوشان و لە تەنیشتیان دەربکەون و خۆی مانیفێست بکات. بەڵام نابێت لەمە غافڵ بین کە هەم فێمینیزمی ناوەند، واتە فێمینیزمی تاران و فارس و هەم ڕەوتە ئێرانچییەکان، بە یاسای خۆیان یاری دەکەن و ئارەزووی ئەوەیان هەم بەشێوەی وشیار و هەم بەشێوەی ناوشیار، هەیە کە ئەم ڕابوونە ڕەسەنەی کوردستان لە بەرژەوەندیی خۆیان داگیر بکەن و بیتۆزنەوەبە ناوی ئێران و فارسەوە.

ڕاستە ئێمە نابێت ئەم بزووتنەوە جێندەرییە لە هەناوی نەتەوەخوازی و تێڕوانینە ناسیۆنالیستەکاندا بخنکێنین و قوربانی بکەین، دەشێت لێگەڕێین بە تەواوەتی سیما و پەیکەرەی خۆی بنەخشێنێت و دواتر ببێت بە دەنگی ڕۆحی جێندەری ژن لە باوەشی کۆمەڵگە و نەتەوەدا، بەڵام هەموو فێمینیستەکان دەشێت ئەمە بزانن کە زەوینە و بەستێنی خەباتی ژن و فێمینیزم لە کوردستان، لە تەنیشت گوتاری ناسیۆنالیزم و شانبەشانی ئەو هاتووە و زۆر جاریش بەریەک کەوتوون، بەڵام

ڕاستییەکەی ئەوەیە "ژینا" جیاواز لەوەی کە کوردە و خەڵکی شارێک بە پێشینەیەکی کوردایەتی ڕەسەن لە بەستێنێکی کولتووری و کەشوهەوایەکی سیاسی کوردیدا، چاوی کراوەتەوە.


تەنانەت ئەگەر لە زۆر لایەنیشەوە لەسەر چەمک و دەلالەتە ماناییەکانی ئەم گوتارە وشیار نەبێت، لێرەدا دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین بۆچی هەشتاگی "ژینا ئەمینی" کە تەواو کوردی و ڕەسەنە، لە میدیا و تۆڕە بەربڵاوە فارسییەکاندا دەبێت بە "مەهسا ئەمینی"؟، ئەمە ئاماژەیەکی ترسناکە هەم بۆئارەزووی ئەوان بۆ قۆستنەوەی وزە و خوێن و قوربانیدانی ڕۆڵەکانی کوردستان، هەمیش ئاماژەیە بەوەی شائەکتەری کوردی بەهۆی کایەکانی دەسەڵات و هەیمەنەی کولتووریی ناوەند جۆرێک دابەشبوون بە خۆوە دەبینێت.

ژینا ناوێکی تری هەیە کە فارسییە بە ناوی مەهسا! ئەمەی دووەم لەلایەن خۆیەوە هەڵبژێراوە و حەزی لێ کردووە وشیارانە بووە یان ناوشیارانە جێی باسی من نییە،بەڵام ئەوەی کە حاشاهەڵنەگر و جێی داخە، هەر ئەم دووناوییە بووەتە هۆی ئەوەی هەشتاگی "مەهسا ئەمینی" زۆر زیاتر لە ژینا بڵاو ببێتەوە لە دنیا و وردە وردە ژینا پەراوێز بخرێت، ئەمەیش لە فەزایەکدا کە بەکارهێنەرە کوردەکانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و میدیا کوردییەکان، ئەوەندە بەهێز نین تا ململانێی وەها بەرژەوەندیخوازی و فێڵ و تەڵەکەیەک بکەن.

ڕەنگە ئەمە لە ئەنجامی ئاسۆکانی بەردەمدا زۆر گرنگ نەبێت، بەڵام لە درێژماوەدا ئاماژەیە بەو لەتبوون و پارچە پارچەبوونەی کەسایەتیی کورد کە لەژێر کاریگەریی کولتوور و هەژموونی دراما و شێوەژیانی ناوەندە، یان بەپێی زەبری یاسا و پێوەرە سەپێنراوەکانی دەسەڵات دروست بووە، ئەرکی ئێمە لە تۆمارکردنی خەبات و نەمرکردنی خوێنی ڕۆڵەکانمان و دەرهێنانیان لە گوتاری خۆپەرستانەی ئەویتردا، زۆر سەخت و ئەستەم دەبێتەوە، پێویستە هەم کورد بە گشتی و هەم فێمینیستەکانی ئاگاداری ئەم بابەتە بن، ئەگەر لەم کاتەشدا بەهۆی هەندێ تەکنیک و تاکتیکی سیاسی ئەم باسە زەق نابێتەوە،ئەوا دەبێت لە داهاتوودا لەلایەن کۆمەڵناس و شرۆڤەکارانی بواری میدیا و سیاسەتوانانەوە، سەرنجی بدرێتی و لەناو ئەم کایانەدارەچەڵەک و ڕێبازی خوێن و قوربانیدانی ڕۆڵەکانی کوردستان بە دروستی دیاری بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## ژن وەک ئایکۆنی بەرخودان لە ڕۆژهەڵات



**ئازاد شکور**

لەم چەند ڕۆژەی دوایدا، عەرشی یەکێک لە ستەمکارترین ڕژێمی ناوچەکە کەوتە لەرزین، کە ئەویش ڕژێمی مەزهەبگەرای ئێرانە. ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی بومەلەرزەیەکی کۆمەڵایەتی نێوخۆی بووە، ڕابوون و بەرخودانی کوردانی ڕۆژهەڵات کە دواتر پەلیهاویشت بۆ زۆرینەی ناوچەکانی دیکەی ئێران، هاوکات ئەم بەرخودانە بووە چقڵێک لە نێو چاوی دەستەڵاتە تاکرەوییەکەی تاران و هێندەی دی شەرمەزاری کرد. ئەم ڕابوونە بەرمەبنای شەهید کردنی کچە کوردێک بوو بە نێوی "ژینا ئەمینی"، بە بیانووی نەکردنی لەچک و پۆشاکی ئیسلامی، دوای ئازاردان و ئەشکەنجەیەکی توندی زۆر لە لایەن "پۆلیسی ئەخلاقی ئێران"ەوە دوای چەند کاژێرێک لە ژێر فشاری ئەو ئازارەی بەریکەوتبوو گیانی لەدەستدا، ئەمەش ناڕەزایەتی کوردانی ڕۆژهەڵات و گەلانی تری ژێر دەسەڵاتی ئێرانی لێکەوتەوە.

هەڵبەت ئاین یان نەتەوە یان هەر پیرۆزیەکی تر هەمیشە ئامرازێک بوون بەدەست دەسەڵاتدارانی ستەمکارەوە بۆ زیاتر مانەوەی خۆیان، هەمیشەش لە هەوڵی ئەوەدابوون ئاین و پیرۆزیەکان بکەنە بیانوویەک بۆ زیاتر بە کۆیلەکردن و ڕامکردنی ڕەهای کۆمەڵگە. لە کاتێکی وەهادا و لە دۆخێکی وەک ئەوەی ئێستای ئێراندا، بۆ ئینسانی هۆشمەند و زرنگ ئەوە

گرنگە دوورە پەرێز بێت لەو جۆرە خوێندنەوانەی  کە پێیان وایە ئەمە شەڕی ئاینە لەگەڵ مەدەنیەت، بەڵکو ئەو تۆپەڵە ئاگرە پیرۆزەی کە گڕی بەرداوەتە دەسەڵاتە ستەمکارەکەی ئێران شەڕی مۆراڵ و ئاین نییە، بەڵکو شەڕی نەبوونی سەربەستی و ئازادی و یەکسانی و دادگەریە، بۆیە ئەرکی سەرشانی ئازادیخوازانە خوێندنەوەیەکی پراگماتیانە بۆ دۆخەکە بکەن، دوور بکەونەوە لە خوێندنەوەی ڕوکەشانەو سەرپێییانە، بەڵکو ئەوەی ئێستا ڕوودەدات دەرئەنجامی شەڕێکی مێژوویی و کەلتوری و نەتەوەیی و فکریە کە بەدیژایی مێژوو دەوڵەتی سەرکوتکاری  مەزهەبگەرایی ئێرانی، هەمیشە دریغی نەکردووە لە سەرکوتکردن و داپڵۆسین، لەهەمبەر گەلانی ژێر دەستی خۆیدا، دیارترین ئەو چەوساندنەوانەش بەر کورد کەوتووە.

گەلانی ژێردەسەڵاتی ئێران هاوشێوەی کورد هەمان موعانات و هەمان دۆخیان هەیە، هەموویان لە ژێر هەیمەنەی دەسەڵاتێکی مەزهەبی پۆلیسیەوەن کە هەموو دەرگایەکیان بە ڕووی ئازادیەکان و مافە گشتیەکان داخستووە، بە شێوەیەک دەسەڵاتە مەزهەبگەرایەکەی تاران هێندە ئازادیەکانی بەرتەسک کردووەتە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی خەڵکی سفیل و مەدەنی، بە توندترین شێوە و بە نا مرۆڤانەترین و نا ئەخلاقیانەترین شێواز ڕووبەڕوی خەڵکی سیڤیل بووەتەوە و دەبێت، بە درێژایی مێژووش هەروا بووە ئەمە شتێکی نوێ نییە بۆ دەوڵەتە ستەمکارەکەی ئێران و هاوشێوەکانی، گەرچی لێرەو لەوێ هەندێ ڕووداوی نەخوازراو ڕوویاندا، لە دەرئەنجامی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و ئەو کاردانەوە توندانەی ئازادیخوازان کە بووە هۆی سوتاندنی لەچک وەک ڕەمزێکی ئاینی، ئەمەش وای کرد، کورد لەنێو خۆیدا دابەشی دووجۆر بۆچوون بێت، بوچونێکی ئاینیانە و بۆچونێک کە تێڕوانێکی نادینیانەیان هەیە بەدوای سەربەستی و ئازادیدا وێڵن، هەڵبەت ئەمە جۆرێک لە ناتێەگەیشتنی دروستکرد و بووە دووڕییانێکی درێژوو دوور لە پێش دۆسیە ڕەواکەی کورد، کە ئەویش بە دەستهێنانی ئازادی و دادگەری و دانان بوو بە مافەکانی هاوڵاتیان، دەتوانین بڵێن ئەو لەچک سووتانە شەڕێک نیە دژ بە ئیسلام و ئاین بەڵکو بەرخودان و ڕابوونە دژی دەوڵەتێکی مەزهەبی ئاینی، کە ئازادیەکانی بەرتەسک کردووەتەوە و ڕێگا بە هیچ تاک و لایەنێک نادات پراکتیزەی ئازادیەکانی خۆی بکات وەک هەبوویەکی سەربەخۆی نێو جڤات.

گەرچی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی کارەساتێکی خەمناک و دڵتەزێنە، بەڵام هاوکات ئاسۆیەکی ڕوونیشە، بۆ زیاتر ئاشنا بوونی ژنان بە بەدەستهێنانی مافە بنچینەییەکانی خۆیان و سەرەتایەکی نوێشە بۆ پچڕان و دەربازبوون لە ڕێسا سونەتیەکان و گەیشتن بە خاوەنداریێتی خود. وێستەگەیەکی گرنگیشە کە پرسی ژن زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت، چونکە ژنان خۆیان داینەمۆی ئەم ڕابوونەن. هەروەها دەبێتە هۆکارێکیش کە ژنان لە ڕووی ڕیزبەندی کۆمەڵایەتییەوە دۆخیان بگۆڕدرێت، ژن هەمیشە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا وەک ڕەگەزی دووەم مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی نەرێنی تاکەکان، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتوریەوە بۆیان ماوەتەوە، بۆیە مێینەیی سیفەتێکی

بۆماوەیی نییە، بەڵکو بەرئەنجامی ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییەیە کە تاکەکان فێری بوون، ئەوە پیاوانن دەیانەوێت وێنەی خۆیان وەک خاوەندار و هەیبەت زاڵ بهێڵنەوە لە هەمبەر ژناندا، بەدرێژای مێژووش هەروا بووە.

هەمیشە پیاوان وەها مامەڵەیان لەگەڵ ژناندا کردووە وەک کاڵایەک بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان و لە پەیوەست بە چێژە جەستەییەکانەوە بەکار هێنراون. ژنان لەڕووی مێژووییەوە، مافی کەمتریان هەبووە و کاریگەری کەمتریان لەسەر جڤات و ڕای گشتی هەبووە، زۆرجار هاوشێوەی بوکەڵەیەک مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە وەک لەوەی مرۆڤێک بن خودان ماف و کەسێتی تایبەت، واتا زیاتر هەوڵدراوە ناسنامەیەکی دەستکردیان پێ ببەخشن، ئەو ناسنامەیەش کە هەڵگری خەسڵەتێکی تەواو نێرانەیە و بە دیدێکی چێژویستانەوە دانراوە، هەوڵدراوە شێوازی پەسەندکراوی ژن ببەستێتە شێوازی خۆڕازاندنەوە و ئەو جوانکارییانەی دیکەوە کە شتی ڕووکەشانەی نێو ژیانن و هیچ ڕێزێک لە خواستە ناوەکیەکانی ژن ناگرن. کچان فێر دەبن خۆیان نیشان بدەن بەو شێوازەی کە پیاوان و نێرینەکان دەیانەوێت، بوکەڵەی بێ دەسەڵات، ڕۆڵی ئەوەیە جل و بەرگ دەکرێتە بەری چێژی لێوەردەگیرێت، ڕادەهێنرێت گوێ لە چیرۆک و نهێنی خاوەنەکەی دەگرێت، ئاسودە دەبن کاتێک لە ماڵ یان لە قوتابخانەن، کاتێکیش کچان گەورە دەبن هەمان ئەو ڕۆڵەی بە بوکەڵەکە دراوە لە ژناندا بەرجەستە دەکرێت، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی جوانیەکەوە سەرنجی پیاوەکەی بدات و دڵنیا بێتەوە کە هاوسەرەکەی دەستبەرداری نابێت، تەنانەت ئەگەر ژنێک هاوسەرگیریش نەکات ناچار دەکرێت لە ژێر سایە و هەیمەنەی نێرینەدا هەڵسوکەوت بکات، لەژێر پەستانی دەرەکی وەک جل و بەرگ و سەرجێی و مۆدێل و کابان و هتدد دەبنە یاریدەدەرێکی باش بۆ نیشاندانی وێنەی نەریتی ژنان.

## ژن و ئازادی

هەموو ئەو ئەوانەی کە باس کران چیرۆک یان ڕووداوێکی کۆنی نێو ئەفسانەکان و یان هەڵهێنجانی خەیاڵ و بیرکردنەوەی یۆتۆپیایی نییە، بەڵکو واقیعی حاڵی ژنان کچانی ئێمەیە، بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لەو بۆتەو تەوقەی کە کە بە گەردنیان ئاڵێنراوە دەبێت خۆیان و ئازادیخوازانیش هەوڵی پچڕاندنی ئەو زنجیر و کەلەپچەیە بدەن وا لە گەردنیان ئاڵێنراوە، هەڵبەت ئەوەش دەزانین کە زۆرجار ئاین و کەلتورو خێزان هۆکاری سەرەکی پشت ئەو ئازارانەن کە بەرانبەر ژنان ئەنجام دەدرێت. دەبێت ژنان دانیان پێدا بنرێت لە لایەن نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە، تەنها ئەو کاتەش دەتوانن ئازادی بە دەستبهێنن کە خۆیان بڕیار لەسەر سەربەخۆیی و چارەنووسی خۆیان بدەن. بۆ ئەم مەبەستە فەیلەسووف و نوسەر و بوونخوازی بەناوبانگی فەرەنسی "سیمۆن دی بۆڤوار"، لە کتێبی "ڕەگەزی دووەم" بەم شێوەیە لە مەڕ گرفتەکانی ژنان دەئاخفێت و دەڵێت: (هیچ ژنێک بە ژنی لە دایک نابێت، بەڵکو دەکرێت بەژن.)١

لێرەدا مەبەستی نووسەر لەم دەربڕینەی ئەوەیە کە پێش ئەوەی ژن بکرێتە ژن ئەوا مرۆڤە، ئەویش هاوشانی ڕەگەزی نێر شایەنی ژیانە، ئەویش خاوەن میتۆدو بیرکردنەوەی خۆیەتی وەک پیاو مافی ئەوەی هەیە تێڕوانینی تایبەت بەخۆی هەبێت و خۆی ببێت و سەر بەخۆ بێت، نەکەوێتە ژێر هەژموونی هیچ کەسێکەوە، بەڵام کاتێک نۆرمە ئاینی و کۆمەڵاتیەکان و ڕێساکان و کەلتور زاڵ دەبن ئیتر ئەو ئازادی و سەربەستیەی لێوەردەگیرێتەوە دەکرێتە کەل و پەل و وەک ئامراز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لەو سەروبەندەشدا دەکەوێتە نێوان هەردوو بەرداشی ڕێسا سونەتیەکان و جیهانی سەرمایەداریەوە کەهەردولا بەکالایان دەکەن و ژنان دەکەنە بەردەبازێک بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیەکان و حەز و خواستەکانی خۆیان. زۆر جاریش لە یادی جیهانی ڕۆژی ژناندا لە لەلایەن کۆنەپارێزەکانەوە بە شێوازێکی گاڵتە جاڕیانە بەر وشەگەلێک دەکەوین، وەک: ژنان چیان دەوێت، ئێمەی پیاو بۆ ئەوان ماندوو دەبین و بۆ ئەوان دەکۆشین و... هتد. ئێستا ئەو ڕابوونەی کە لە ڕۆژهەلات دەگوزرێت بە یەکەم گورزی کەمەر شکێن دادەنرێت بەرەو کامڵ بوونی خودی ژنان و خۆ دەربازکردن لەو بچوککردنەوەیەی کە پیاوان و سیستەم بە سەریاندا سەپاندوون، خۆ دەربازبوونیشە لە تارای بوکێنی، مەبەستیش لە تارای بوکێنی گوزارشتە لەو ژنانەی کە تەنها ڕۆڵیان کابانی ماڵ و پێکهێنانی خێزان و حەزی تایبەتی پیاوان، ئەم جۆرە میتافۆرەش خۆراک و ئۆکسجین لە کەلتوورو ئاین و کەلتور و نەریتەوە وەردەگرن. ئەم ڕابوونە دەرچوونە لەو میتافۆرە و توڕدانی ئەو بەهاو نرخانەیە کە بەسەریاندا سەپێنراون، بزاڤ و ڕابوونەکەیان ئازادبوونی بە دەستهێنانی مرۆڤبوونی خۆیانە، کە خۆیان بتەکێنن لەو تۆز و خۆڵەی کۆنە پارێزانی کۆمەڵگاو نەریت، گەیشتن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، بەشێوەیەک کە گوزارشت لە خواست و جەوهەری ڕاستەقینەی ژن بکات، کە ڕیشەکەی لەگەڵ ڕیشەی مرۆڤایەتیدایە.

هەرچەند ئەم پرسەی ژنان لەلایەن کەمینەیەکەوە پشتیوانی لێدەکرێت، کە کۆمەڵێکی حاڵی و کامڵن، بڕوایان بە ئازادی و سەربەستی ژنان هەیە، دەبێت هەر لە لایەن ئەو کەمینەیەشەوە هەمیشە فشار و هەڵوێست و کەمپین زیاتر چڕبکرێتەوە بۆ خزمەتکردنی زیاتری دۆزی ژنان، ئەمە ئەرکە و کارێکی ئەخلاقیە، وەک چۆن ئەم کەمینەیە لە باشور بۆ خۆی پێی خۆشە ژنان لێرە ئازاد بن، ئەوا دەبێت بە هەمان شێوە بۆ ژنانی ڕۆژهەلاتیش پشتیوان بن و دژ بەو پەلاماردانانەی خەڵکی ئێرە بوەستنەوە، بەهۆی ئەوەی ئێمە لەناو کۆمەڵدا دەژێین ئەو ئەرکە لەسەرمانە جگە لەغەمی خۆمان ئەوا دەبێت غەمی هاو زمانەکەیشمان بین.

ئەو دۆخەی لە ڕۆهەلات دەگوزەرێت و ڕوودەدات گەورەترە لەوەی ببسترێتەوە بەڕووداوێک یان ڕەگەزێکەوە بەڵکو ئێستا ڕابوونێکی تەواو کۆیی گشتاندن هەیە، ئەویش هەڵهاتنە لەو دۆزەخەی کە دەسەڵاتی مەزهەبگەرایی لەڕێگای دەزگا سەرکوتکارەکانیەوە بۆ گەلەکەی خۆی خوڵقاندووە، کەوایە پرسەکە پرسێکی تەواو جودایە لەوەی کە میدیاو نەیاران و نا تێگەیشتووان وێنایان کردوون، ئەو پرسە چارەنووسسازەش پرسی ئازادی و سەربەخۆییە، پرسی سەربەخۆبوونە، بازدانە لە

پرسێکی تاکڕەهەندیەوە بۆ پرسێکی فرە ڕەهەند. ئەمەی لە ڕۆژهەڵات ڕوودەدات گرنگە پشتیوانی لێبکرێت لەلایەن خەڵکی باشوورەوە، ئەوە جێگەی ئەسەفە کاتێک دەبینین هەندێک لە فێمێنیست و ژنە چالاک و ئازادیخوازەکانی ڕۆژهەڵات بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە گلەیی و گازندە لە هاوزمانانی خۆی دەکات لە باشووری کوردستان کەوەک پێویست لە غەمی پرسی ڕۆژهەڵاتیەکاندا نین و لە دۆخەکەیان تێناگەن و پشتیوانیان ناکەن، هەڵبەت دەزانین لەمەشدا هۆکار زۆرن، یەکێک لە هۆکارەکانی پشت پشتیوان نەکردنەکەی باشوور بۆ ڕۆژهەڵات پەیوەستە بە ئەو پەیوەندییە سیاسی و مێژوویەی دەسەڵاتی کوردی دەگەڕێتەوە چ لەگەڵ ئێران یان لەگەڵ تورکیا، بۆیە خەڵکی باشوور لەوە گەیشتوون هەر هەڵوێستێک یان هەر پشتیوانیەک دەبێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی کوردی بە توندترین شێوە ڕووبەڕووی هاوڵاتیانی خۆی بێتەوە و سەرکوتیان بکات، چونکی خەڵکی باشوور ئەمە بە نمونەیە کردارەکی بۆ ساخکراوەتەوە کە چۆن دەسەڵاتی کوردی ڕووبەڕووی هاونشتیمانیانی خۆی بووەتەوە هەرکاتێک داوای مافێکی سەرەتای خۆی کردووە، ئەمە وادەکات لەمپەرێکی گەورەی لە پێش هاونشتیمانیانی باشوور درووست کردووە کە نەتوانن هاوڕای براو خوشکەکانیان بن لە ڕۆژهەڵات.

هۆکارێکی تری پشت هاوڕانەبوونەکە بۆ خراپی مامەڵەی دەسەڵاتی ناوخۆی کوردانی باشوور دەگەڕێتەوە کە ئەو سەرکوتکاری و ستەمەی کە دەوڵەتانی تۆتالیتار لە هەمبەر گەلەکەیانی دەکەن ئەوا بە زیادەوە دەسەڵاتی کوردی بەرانبەر هاونشتیمانیانی دەکەن، هێندە حوکمی عورفیان لە بەرانبەر هاونشتیمانیان بەکار هێناوە خەڵکی بوێری ئەوەی تێدا نییە تەنانەت لە سەر قوت و ئازادیەکانی خۆی بە جواب بێت، چ جای بگات پارچەکانی تری کوردستان! ڕوونە ئەگەر گەلێک خۆی لە ژێر ستەم و جەوردا بێت قورسە هەوڵ بۆ ئازادکردنی خەڵکی دی بدات، ستەمکاری کوردی هێندە پۆلیسیانە مامەڵە دەکات ئەو خەڵکەی کە ڕۆژانێک ماڵ و نێرینەیان خستبووە خزمەتی شۆڕشی کوردیەوە، بە مەبەستی ڕزگار بوون لە ژێر دەسەڵاتی عەرەب و ڕژێمی بەعس، کاتێک باشوور سەربەخۆی وەرگرت خۆی خاوەنداریتی لە خۆی دەکرد، دەسەڵاتی خۆماڵی هەمان مامەڵەی دەسەڵاتی پێشووی لەگەڵ هاونشتیمانیان دەکرد، ئەمەش جۆرێک لە بێ ئومێدی و بێ هیوایی درووست کرد، وای لێهات خەڵکی باشوور خۆزگە بەدەسەڵاتی پێشووی عێراق قڕکەری کوردان و ئەنفالکەری کوردان بخوازن، ئەمەش کاریگەریەکی نێگەتیڤی لە سەر دەروونی تاکی کوردی درووستکرد کە بڵێن ئەگەر ببنە خاوەن دەسەڵاتێکی خۆماڵیش ئەوا بارودۆختان باشتر نابێت لە باشووری عێراق، هەرچەند ئامە ڕاستیەکی تاڵە بەڵام ناکرێت ئەمە بکەینە پێوەرێک بۆ نا هەڵوێستی و نائومێدی، بەڵکو گەورەتر لە دۆخەکە بڕوانیین وەک بنەمایەکی مرۆیی و ئەخلاقی مامەڵە بکەین. بۆ ئەوەی کردەیەک ببێتە کردەیەکی ئەخلاقی نابێت هیچ مەرجێک یان هیچ بیانوویەک بە پێوەر دابنرێت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکێک، هەمیشە یەکێک لەو ڕێگایەنەی کە مرۆڤی ڕەسەن لە مرۆڤی ناڕەسەن جیادەکاتەوە هەڵوێست و هاوڕابوونە لە بەرانبەر ئەوانەی کە پێویستیان پێیەتی، ئەگەر لەو پەڕی دونیا بێت، چ جای بگاتە کۆمەڵگایەک کە هاوزمان و هاونەتەوەی خۆت بێت.

ژێدەر:

ڕەگەزی دووەم، سیمۆن دی بۆڤوار، و: (کارزان کاوسێن - ژیار سابیر- کارزان غەفور)، چاپی یەکەم، سلێمانی - ٢٠٢١

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## ئامانج و خۆشخەیاڵیی ڕێژیم لە هێرشی مووشەکی



**خالید دەرویژە**

لە یەکەم چرکە ساتەکانی بەدەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵات و لە ڕاستیدا بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی بەشکۆی گەلانی ئێران لە لایەن تاقمێک بیروشکی گۆچکراو بە عەقلییەتی سەدە نێونجی، سەراسەر مێژووی پڕ نەهامەتیی چل و چوار ساڵەی ئەم وڵاتە بەڵالێدراوە، گۆڕەپانی ململانێی ڕووناکی دژ بە تاریکی بووە، لەم ململانێیەدا، کوردستان بووە بە سەنگەری لەگیراننەهاتووی دژ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی و ڕووگەی ئازادیخوازی بۆ تەواوی گەلانی زوڵم لێکراوی ئەم جوغرافیایە. لەم ئاراستەیەدا ڕێژیم ئەوەندەی بۆی کراوە بە هەموو سیاسەتێکی زبر و نەرم، لە فتوا دژ بە

مرۆڤایەتییەکەی خومەینییەوە بگرە تا سەرشێتیی ٦ی ڕەزبەری ئەمساڵ بۆ بە ئامانج گرتنی بنکە و بارەگای حیزبە سیاسییە دژبەرەکانی ڕێژیم، هەوڵی لاواز کردنی ئەم بەرەی بووە. کەواتە جگە لەوەی هێرشی ئەم دواییانەی ڕێژیم دەکرێت لەم کانتێکستەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، پێویستە لە چەندین گۆشەنیگای تریشەوە لایەنە جۆراوجۆر و ئامانجەکانی ئەم کردەوە قیزەونە کە هەڵقوڵاوی تێفکرینی دواکەوتووانەی ڕێژیمە شەنوکەو بکرێت.

- دوای شەهیدکردنی "ژینا ئەمینی" و بەدەنگەوە هاتنی یەکگرتووانەی کۆمەڵانی هەراو و تینووی ئازادیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بانگەوازی مانگرتنی ٢٨ی خەرمانان و لە هەمووی گرینگتر پێشەنگایەتیی کوردستان لە خەباتی یەکسانیخوازانە و گشتگیربوون و زرینگانەوەی دروشمی پێکهاتەشکێنی "ژن ، ژیان، ئازادی" و دواجار تێکچوونی سیاسەتی لەمێژینەی ڕێژیم بۆ دووبەرەکی نانەوە و لەباربردنی یەکگرتوویی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، تەحەمولی ئەم دۆخە و تێکچوونی هاوکێشەکە بۆ ڕێژیم، بە تێکەوەپێچانی دەسەڵاتە نگریسەکەیان لێک درایەوە، بە واتایەکی تر خۆری ئازادیی هەڵاتوو لە کوردستان هەموو ئێرانی لە تاریکی داسەپاو ڕووناک کردەوە و ئەم کەتوارە ترسی خستە دڵی تەورە ڕیشدارەکانی جەماران و زراوی دووکانداارانی وەلی فەقیهی تەقاند، بۆیە بەپێی ماهییەتی ڕێژیم و لەگۆشەنیگای خۆیانەوە، سروشتی دەهاتە بەرچاو کە لەلایەک وەک سیاسەتی لەمێژینەی، بۆ تۆڵەکردنەوە و لەلایەکی ترەوە و بەپێی هەڵسەنگاندنی هەڵە و لە چوارچێوەی بیردۆزی مەنتقی هێز کە هەموو گرفتەکان بە هێزی زبر چارەسەر دەکات، دواجار کورد ڕاکێشی بەرەیەکی شەڕ دەکات و هەمدیسان بە لێدانی تۆمەتی تەجزیەتەڵەبی بتوانێت ئەم یەکگرتووییە لەبار بەرێت.

- لە ماوەی چل و چوار ساڵ دەسەڵاتی ڕێژیمدا، سیاسەتی ئۆباڵئاوێژی و خۆدزینەوە لە دۆزینەوەی هۆکاری نێوخۆیی سەرهەڵدانی گرفت و قەیرانەکان کە هەموویان لە مناڵدانی سیاسەتە نادرووست و ناباو و دژەگەلییەکانی ڕێژیم سەرچاوە دەگرن، بەشێکی بنچینەیی لە سیاسەتی کردەیی ڕێژیم بووە، بێ خەبەر لەوەی خەڵکی ئەمڕۆ زۆر وشیارترن لەوەی بە مەترەحکردنی پرسیارێکی سادە، کە ئەگەرحیزبە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی ڕێژیم لە کوردستان ڕێکخەری ئەم ناڕەزایەتییانەن؟! بڵێی حیزبە کوردییەکان لە تاران و قوم و مەشهەد و تەورێز و کرمان و ئیسفەهان و هتدیش ڕێکخەری خرۆشانە جەماوەرییەکە بن؟ ئیتر زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی نابەرپرسیارانەی کۆماری ئیسلامی بەسە بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران فریوی وەها سیاسەتێکی پڕاوپڕ لە چەواشەکاری نەخۆن و گوێیەک بۆ بیستنی دەست نەکەوێت و بگرە وڵامێکی دروستیان دەست کەوتووە کە هۆکاری درووستبوونی هەموو قەیرانەکان، کۆماری ئیسلامییە و ڕیشەی گرفتەکان لە نێوخۆی ئێرانن.

- لەم چەند ساڵەی دواییدا و هەر ساڵەی زیاتر لە ساڵی پێشووتری، ڕەوتی داوەرینی ڕەفی هێزەسەرکوتکەرەکانی ڕێژیم

**خێرایی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر ورەیان لاواز دەبێت و ڕێژیم بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خاوی خۆی ئیقتدارێک لە خۆی نیشان بدا و ورەیەک وەبەر هێزەکانی بنێتەوە، دەستی بۆ ئەم ئاکارە سەرشێتانەیە برد.**

**دواجار هەر وەک چۆن کوردستان هیچکات لە ئاکامی ئەو هەمووە جینایەتەی لەلایەن ڕێژیمەوە لێی کراوە، کۆڵی نەداوە و هەنگاوەکانی شل نەبوونە، بە خۆشییەوە سیاسەتی ئۆباڵئاویژی و تەفرەقەنانەوەش، نە باوەڕی پێ دەکرێت و نە گوێیەکی بۆ بیستن دەست دەکەوێت، ئەمڕۆ خەڵکی زوڵملێکراوی ئێران زۆر وشیارترن لەوەی کە ئیقتدار لە هاویشتنی چەند مووشەک کە تێچووەکەی لەگیرفانی ئەوان دراوە ببینن، بەڵکوو ئیقتدار لە بوونی نان لە سفرەیان، بوونی ئازادی، بەرابەری، ئاسایش و خۆشبژێوی و هیوا بەدوارۆژ و دەیان بەها و ئەرزش و نۆرمی ئەمڕۆییدا دەبینن کە لە سێبەری دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لێی بێبەش کراون.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

## پەیامی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی



**خەڵکی کۆڵنەدەر و تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

**خوشک و برایانی ئازیز!**

هەروەک ئاگادارن ڕۆژی چوارشەممە شەشی ڕەزبەر (٢٨ی سێپتامبر، بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنەکانی دیکەی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان کەوتنە بەر هێرشێکی بەربەرینی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بەداخەوە کۆمەڵێک قوربانی و شەهید و برینداری لێ کەوتەوە.

بۆچی کۆماری ئسیلامی ئەو هێرشەی کردە سەر ئێمە؟ وڵامەکەی زۆر ڕوونە. هەروەک هەموو لایەکی ئێوە ئاگادارن لە دە ڕۆژی ڕابردوودا بەدوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی لە تاران و بەدوای ئەوەدا کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی بە هەموو نەتەوەکانیەوە، بە هەموو چین و توێژێکەوە، بە هەموو ئایین و ئایینزاکانەوە، بە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە، لەگەڵ یەک بە هاوکاری و هەماهەنگی و هاوپێوەندیی ئێجگار زۆرەوە ئەو خەبات و جموجۆڵە مەدنییەیان دژی کۆماری ئیسلامی وەڕێ خست و، کۆماری ئیسلامی بۆ یەکەم جار دوای ئینقلابی ئێران، خۆی لە بەرانبەر ئاپۆڕای میلیۆنیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا دەدیت، تووشی شکستێکی ئێجگار زۆر گەورە بوو.

له تەنیشت ئەوەدا جێگەی خۆیەتی بڵێین بەشداری بەربڵاوی ژنان و هەروەها شیعاری "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە ئێراندا بوو بە سیمبولێک بۆ بەردەوامیی ئەو سەرهەڵدان و ڕاپەڕینە، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر دەنگی دایەوە و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ڕێکخراوە دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتییەکان کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کرد.

تەنانەت بابەتی هێرشەکەی کۆماری ئیسلامی و دەستدرێژییەکانی لە شورای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا هاتە بەر باس. بۆیە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەیکە قەرەبووی ئەو شکستە بکاتەوە. لەو پێوەندییەدا چونکی مەسەلەی کوردستان و خەبات و تێکۆشانی کوردستان و ژنان و پیاوانی کوردستان لە سەفی پێشەوەی ئەو خەباتە جەماوەرییەدا بوون و بە شێوەیەکی ئارام و هێمن لە نێوخۆی وڵات پەرەی دەستاند، نەیدەتوانی بە مەیلی خۆی و ئەو جۆرەی دەخوازێ بە ئاقاری توندوتیژییدا بەرێت. بۆیەشە دەست کرد بە تۆڵەکردنەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و لایەنە کوردییەکانی دیکە. ئەمە هۆکاری سەرەکیی هێرشە بەربەرینەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دیموکرات بوو. وەک گوتم، یەکەم بۆ ئەوەی کە بیروڕای گشتیی ئیران و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەلاڕێدا ببات، بۆ ئەوەیکە بابەتەکان لە چوارچێوەی ئێراندا بێنە دەرێ و زۆرتر شتەکە پێوەند بدرێتەوە بە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات. بۆ ئەوەی کە بڵێ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە هەڕەشەمان لەسەرە، دەنا خەڵکی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی مەسەلەیەکیان نییە. ئەوە لە حاڵێکدایە بە میلیۆن کەس لەو خەبات و جموجۆڵە جەماوەرییەدا بەشدارییان کرد. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنەکانی دیکەش بەباشی لەوە گەیشتبوون، بۆیە هەمیشە خەڵکیان هان دەدا لە خەبات و تێکۆشانی خۆیاندا بە شێوەی ئارام و هێمنانە بچنە پێشێ، پەنا بۆ توندوتیژی نەبن، بیانوو نەدەنە کۆماری ئیسلامی کە ئەو خەبات مەدنی و ئارام و شارستانییانە بە ئاقاری توندوتیژدا ببات.

خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

ئێوە هەمووتان دەزانن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و هەر لە سەرەتای هێزگرتنی ئەو ڕێژیمەوە بە شێوازی جۆراوجۆر هەمیشە کراوەتە ئامانج، ڕێبەرانمان لە ڤییەن تێرۆر کران، لە میکۆنووس تێرۆر کران، دەیان کادرمان لە باشووری کوردستان تێرۆر کران، هەزاران پێشمەرگەمان بوون بە قوربانی، ئەوە لە حاڵێکدایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە باوەڕی بە چارەرسەی ئاشتییانەی لە ئێراندا بووە. ئێمە هەوراز و نشێومان زۆر بووە، قوربانیمان زۆر داوە، تەنانەت هەروەک باسم کرد ڕێبەرانیشمان لەپێناو ئەو خەبات و تێکۆشانەدا فیدا کردووە. بۆ جارێکی دیکەوە لێرەوە دووپاتی دەکەمەوە ئێمەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەردەوام دەبین. هەرگیز بەچۆک دانایەین. حیزبێک کە لە قووڵایی ڕۆژهەڵتی کوردستاندا

دروست بووه، حیزبێک کە تەحەممولی هەموو ئەو دەورانانەی کردووە، حیزبێک کە ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پشتین و، پەیامەکانی وەردەگرن، دڵنیابن بەوانە بەچۆک دانایە. حیزبەکەی ئێوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا تێدەکۆشێ بەرپرسانە باسی بارودۆخەکە بکا و باشتر سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لای دۆخی ئێران ڕابکێشێ.

ئێمە ڕوو بە خەڵکی خۆمان پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە بە شێوەی هێمنانە و دوور لە توندوتیژی، بە شێوەیەکی ئارام بتوانن دەنگی خۆتان لەدژی ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی هەڵبڕن. لە تەنیشت ئەوەدا پێوەندی و هاوکاری و هەماهەنگیی خۆتان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بەهێز بکەن و بیانکەن بە بەردەنگی خۆتان و پێیان بڵێین ئێمەی کورد هەمیشە باج و تێچووی قورسمان داوە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئێوە لە دژی کۆماری ئیسلامی؛ وەک چۆن ئەوجاریش کۆماری ئیسلامی تۆڵەی لە ئێمەی کورد کردەوە و هێرشی کردە سەر ڕێبەرانی ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنەکانی دیکە.

خەبات و تێکۆشانی هەموو ئێمە لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان و دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێران بەردەوام دەچێتە پێشێ. داهاتوو هی ئێمەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## کەماڵ کەریمی: کۆمەڵگەی ئێران گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە ناڕەزایەتی و ڕاپەڕیندا




**دیمانە: بێهزاد قادری**

**ڕاپەڕینی خەڵکی ئیران بەدژی تەواوەتیی ڕێژیم لە سێهەمین حەوتووی خۆیدایە. ئەم ڕاپەڕینە هەتا دێ پتر لەنیو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا پەل داوێ و هەنگاوەکانی بەرەوپێش دەبرێ. خامنەیی پاش هەموو ئەو ڕۆژانە لە کۆبوونەوەیەک لەنێو هێزە سەربازییەکانیدا ئەو ڕووداوانەی بە کەمبایەخ دانا و بڕیاری خڕکردنەوە و سەرکوتکردنی دا. لە پێوەندی لەگەڵ دواگۆڕانکارییە سیاسییەکانی وڵاتدا و تاوتوێی دوورەدیمەنی ناڕەزایەتییەکان "کوردستان" دیمانەیەکی لەگەڵ کەماڵ کەریمی، ئەندامی بەڕێوەبەری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە:**

**کوردستان: خامنەیی لە بارودۆخی ڕاپەڕین و هەستیاری ئێستادا لە زانکۆی ئەفسەری دەرکەوت و قسەی کرد. ئەم بابەتە چۆن لێک دەدەنەوە؟ بۆ چی لە زانکۆی ئەفسەری؟**

**کەماڵ کەریمی: ڕاستییەکەی نزیکەی سێ حەفتەیە کە ئەم خۆپیشاندانانە، بە بەردەوامی لە ئێران بەڕێوە دەچن، هەر ئەوەی کە لەو ماوەیەدا خامنەیی لە هیچ شوێنێک دەرنەکەوت بۆ خۆی زۆر جێگای پرسیار و گومان بوو، ئایا ترس و**

نیگەرانی بوو لەوەی کە دەرکەوێت، یا نەیدەزانێ چی بڵێ، یا بەرفراوانیی خۆپێشاندانەکان ئەوەندە زۆرە کە جێگەی قسەی بۆ خامنەیی نەهێشتبۆوە، یا شتی دیکە. بەڕاستی زۆر زۆر گرینگ بوو، ئەمەش کە دوێنێ دەرکەوت و ئەوەش دیسان زۆری گومان لەسەرە، لە ڕاستیدا هەست کرا کە تەواو دەرکەوتنێکی نمایشی بوو، چون ئەگەر گوێ لە قسەکانی خامنەیی دەگری، هیچ بابەتێکی تایبەتی نییە و جیا لە هەڕەشە و دەسخۆشی لە هێزە ئینتیزامییەکان و جیا لە پشتگیری لەو کوشتارانەی کە دەکرێ و بە قەولێک هاندانی هێزەکانی ئینتیزامی و سپا بۆ ئەوەی کە بەرەوڕووی خۆپێشاندەران ببنەوە، لە ڕاستیدا دەرکەوتنی لەو شوێنە ڕەنگە زۆرتر شتێکی نمادین بێ، بەڵام زۆرتر ئەوە دەردەخات کە خامنەیی بۆ خۆی لەو مەوقعیەتەدا نییە کە ئێستا لە شوێنێکی بەرفراوانتر یا شوێنێکی گەورەتر یا لە شوێنێکی ڕەسمیتر دەرکەوێت. ئایا خامنەیی ئێستا لە چ شەرایتێکدایە کە ناوێرێ بچێتە شوێنی وا زۆر پرسیاری لەسەرە، بەڵام دیسانیش هەر ئەم دەرکەوتنەی نیشانی دا کە خامنەیی لەڕاستیدا بەو توانایی و بەو گوڕوتینانەی کە پێشتر لە ساڵەکانی ڕابردوودا دەهات لەسەر خۆپێشاندانەکان قسەی دەکرد، دیسانیش ئەو تواناییەی لێ نەبینرا و ئەو گوڕوتینەی کە هەیبوو لە بەرخورد کردن و لە جۆری قسەکانی جۆرێک لە نیگەرانیی یەکجار زۆری پێوە دیار بوو و دەرکەوت کە ئێستا خامنەیی لە مەوقعییەتێکدا نییە کە جیا لە هاندان بۆ سەرکوت هیچ ڕێنماییەکی هەبێت بۆ هیچ لایەنێک.

**کوردستان**: خامنەیی ئەمجاریش ناڕازییانی ئێران و کوردستانی بە ئاژاوەچی و خائین و پیلانگێڕیی وڵاتانی دوژمن و دەستی دەرەکی ناو برد. بۆچی خامنەیی هەمیشە بەم شێوەیە خەڵکی ناڕازی پێناسە دەکا؟ کەی قەرارە دەنگی ئەوان ببیستێ؟ پێوەندیی ڕاپەڕینی خەڵک و دروشمەکانی ڕاپەڕین و ویستەکانی خەڵک لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل چییە کە خامنەیی پێکەوەیان دەبەستێتەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەگەر تەواوی قسەکانی ساڵەکانی ڕابردووی خامنەیی لەگەڵ ئەوجارەی بە بەری یەک بگرین، دەبینین کە کۆمەڵێک سەردێڕن کە بەردەوام دووپاتەیان دەکاتەوە، واتە حەشیمەتی چەندین میلیۆنیی ئێران بەستراوە بە دەرەوەن، هەر خۆپێشاندانێک لە ئێران بە هاندانی ئامریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی بەرواڵەت دوژمنی ئێرانن، ئەوەی کە خۆپێشاندان دەکا بەشێکی بەکرێگیراوی بێگانەن و لە دەرەوە هان دەدرێن و بەشێکیشی هەڵفریوان و نازانن، یانی هیچ گۆڕانێک لەم سەردێڕانەدا بەدی ناکەی، لە ساڵی ٩٦، لە ساڵی ٩٧، لە ساڵی ٩٨، لە ١٤٠٠ ، لە ساڵی ١٤٠١ ئەگەر سەرنج دەدەیتە سەر قسەکانی لە واقیعدا ئەمە مانشێتی قسەکانیەتی، هەموو یەک شتە کە ناگۆڕدرێ، هۆکارەکەشی دیارە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ناتوانن بەرخوردی فکری بە خۆیان بکەن کە هۆکارە ڕاستەقینەکەی ئەم خۆپێشاندانانە دەردەخا، کە سەرچاوەی ئەم خۆپێشاندانە نە دنیای دەرەوە بەڵکوو خودی جمهووریی ئیسلامییە، خودی نیزامە کە بە دروستکردنی ئەو هەموو موشکیلاتە کە لە ئێراندا بەهۆی ئەوانەوە دێتە پێشەوە ئەو خەڵکە دێنە خیابانەوە، بۆ ئەوەی کە

خۆی دوور بخاتەوە، هەمیشە لە هەندێ کێشە و گیر و گرفتەکانی خەڵکی ئێران بەگشتی، کە خودی ڕێژیم سەرچاوەی دروسکردنیەتی بە ناچار پەنا دەباتە بەر ئەم سەردێڕانە کە ئەوە دەزگای CIA ی ئامریکایە، ئەوە سەهیۆنیستەکانن، تەنانەت دوێنیش باسی عەرەبستانی سعوودیی کرد. قەتیش نایە بەرخورد بەوە بکا کۆمەڵگەیەک کە بە دەیان میلیۆن جیرەخۆر و بەکرێگیراوی بێگانەی لێ بێ، دیارە کە کۆمەڵگەیەکە کە لەگەڵ ئەوان نەماوە، بەڵام بۆ خۆ دوورخستنەوە لە واقێعی مەسەلەکە و بۆ خۆ دوورخستنەوە لە باس لە سەر ئەسڵی کێشەکان هەمیشە هەوڵ دەدات کە پێی بێگانە بێنێتە نێو مەوزووعەکە، لە واقیعدا ئەمەش جۆرێک دنەدانی ئەو هێزە بونیادگرایانەیە بێ کە لە دەوری خۆیدا ماون، کە ئەویش ئێستا ئیتر زۆریش ئەو جۆر بیرکردنەوە لە دەوری نەماوە، زۆرتر بۆ تەحریکی ئەمانەیە بۆ ئەوەی کە سەرقاڵی مەسائیلی دەرەوەیان بکا، وا بکات کە ئیتر ئەمەیان لە بیر بەرێتەوە کە لە واقیعدا ئەمانیش بەشێکن لەو خەڵکە و موشکیلاتێکیان هەیە کە ئەوانیش خۆیان لەگەڵیان دەرگیرن.

**کوردستان**: کوردستان و بەلووچستان لە قسەکانی خامنەییدا بۆڵد بوو. لە کاتێکدا ڕاپەڕینەکان هەموو ئێران، تەنانەت قوم و مەشهەدیشی گرتۆتەوە، بۆچی خامنەیی بەتایبەت باسی ئەم دوو ناوچەیە دەکات؟

**کەماڵ کەریمی**: لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی کۆمەڵگەی ئیران لە تەوەهۆمێکدا ڕابگرێ ، ئەویش تەوەهۆمی جوداییخوازی و لە نەزەری ئەوانەوە تەجزیەی ئێرانە، کە ئەم دوو شوێنەش بە بەردەوامی و بەتایبەت کوردستان شوێنێک بووە کە بە بەردەوامی قسەیان لەسەر کردوە و بە بەردەوامی خەڵکی ئێرانیان پێ ترساندوە. لەم وەختەدا لەڕاستیدا دەیانەوێ بە زەفکردنەوەی ناوی ئەم دوو شوێنە دیسان ئەو سیاسەتە وەبیر خەڵک بێننەوە کە ئەوە مەترسییەکە لە جێگای خۆیدایە کە ئەوان ساڵانیکە باسی کوردستان و بەلووچستان دەکەن، بەتایبەت کوردستان کە دەڵێن دەیانهەوێ ئێران تەجزیە بکەن، دەیانەوی تەداعیی ئەو فکرە بکەنەوە بۆ خەڵک کە ئەوە دیسان لەم دوو شوێنەیە کە دیسان کێشەکە گەورەتر بووەتەوە، لەحاڵێکدا کە ئەو چەندین جار وڵامەکەی وەرگرتۆتەوە، ئەو میللەتە شەریفەی کە ئەو باسی دەکات، کە دەڵێ میللەتی کورد میللەتێکی شەریفن، هەر لەو دوو سێ حەفتەی ڕابردوودا دوو جار نیشانیان دا بە مانگرتنی گشتی کە ئیتر ئەم میللەتە شەریفە لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی نییە و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران نیشانی داوە کە ئەم میللەتە بیر لە جیابوونەوە و بیر لە دابەشبوونی ئێران ناکاتەوە، بەڵکوو هەماهەنگیی خەڵکی کوردستان و خەڵکی بەلووچستانیش لەگەڵ شارەکانی دیکە لە دروشمەکانیاندا دیارە کە زۆرتر باس لە ئازادی دەکەن. بیرە نەتەوەییەکە لە جێگای خۆی، بەڵام ئێستا هەموو خەڵک بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی خامنەیی لە ڕاستیدا لەسەر ئەوە کۆکن کە لە قۆناغێکدان کە دەبێ بیر لە ئازادی بکەنەوە و دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە.

**کوردستان**: ئەگەر خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ قسەکانی خامنەیی بکەن، پێتان وایە ئەم دەرکەوتنە چی لە دۆخەکە دەگۆڕێ؟

**کەماڵ کەریمی**: بەدوای قسەکانی دوێنێی خامنەیی و بە دوای ئەو هەموو تەحریکە و بەدوای ئەو هەموو جۆرێک ڕوو لە خەڵک کردنەکەی کە خەڵک ئەوە نەکەن، هەر ئەوڕۆ دەرکەوت کە خەڵکی ئێران هیچ گرینگییەکان بە قسەکانی دوێنێی خامنەیی نەداوە، جیاواز لەوەی کە لە زانکۆکان خۆپێشاندان و مانگرتن بەردەوامە، هەر دوێنێ دوای قسەکانی خامنەیی بە دەیان مامۆستای زانکۆ بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و هێندێک داواکارییان کردووە، هەر ئەمڕۆ دەبینین نەتەنیا لە زانکۆکان، لە زۆر ناوچەکانی ئێران و تەنانەت لە هێندێک لە شارەکانی کوردستان مانگرتن و نەچوونە سەر کلاس کێشاویەتە نێو دەبیرستانەکان، هەر دوای قسەکانی خامنەیی خەبەر بڵاو بۆتەوە کە لە ئیسفەهان بەشێک لە بازاڕی ئیسفەهان داخراوە، لە ڕاستیدا دەردەکەوێ کە ئێستا ئیتر خەڵکی ئێران هیچ گرینگییەک بەوە نادەن کە خامنەیی چی دەڵێ، بەڵکوو ڕێگایەکیان گرتۆتە پێش کە پێیان وایە دەبێ ئەو ڕێگەیە بپێون و بە ئەنجامی بگەیەنن ئەویش لەکۆڵکردنەوەی خامنەیی و نیزامەکەیەتی لە سەر کۆمەڵگەی ئێران.

**کوردستان**: ئەگەر بێینە سەر دۆخی ئێستای وڵات، هەمیشە باس لەوە دەکرا کە نەبوونی ئالترناتیڤ یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیمە. ئایا ئێستاش دەکرێ ئەو بۆچوونە بەهێز بێت؟ ئایا شەقام لە ئێستادا وێنایەک لەو ئاڵترناتیڤە نادا بەدەستەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەمە ڕەنگە وڵامێکی دوو لایەنەی هەبێت، بەڵێ ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنیکی یەکگرتووی بەهێز هەبوایە لەم خۆپێشادانەدا و ڕاستەوخۆ بیتوانیایە ڕێبەریی ئەم خۆپێشاندانانە بکات، چونکە خۆپێشاندانێکی ئاوا بەربڵاو پێویستی بەوەیە کە بەرنامەڕێژیی بۆ بکەی و هیدایەتی بکەی و لانیکەم ڕوانگەکانی بەنیسبەت داهاتووەوە بۆ خەڵک روون بێت، ئەمانە هەموو کێشەیەکن کە تا ئێستاش ڕەنگبێ هەبێ. هەرچەند ئۆپۆزیسیۆن ڕۆڵی خۆی هەبووە و لە زۆر ڕێگاوە توانیویە دەنگی خۆی بە خەڵک بگەیێنێ، بەڵام لە لایەکی تریشەوە دەبینین لە ئێران مودیرییەتێک هەیە بۆ خۆپێشاندانەکان، کاتێ ئەبینین لە زانکۆیەکی ئێراندا خۆپێشاندان دەست پێ دەکات، ئەو پەیامە دەگاتە زانکۆکانی دیکە و پشتیوانیی لێ دەکەن، لە واقیعدا حەرەکەتە سێنفییەکان لە ئێراندا ئەمڕۆ لە ئاستی زانکۆکان، لە ئاستی مامۆستایان و فەرهەنگییاندا بەتایبەتی و ئەمە کە بەدڵنیاییەوە دەکێشرێتە ڕیزەکانی تر بۆ خۆی دەتوانێ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕێ و مودیرییەتی ئەم حەرەکەتانە بکا لەم بەشانەدا، هەتا ئەوکاتەی کە دەکرێ یەکگرتوویەک لە نێوان خۆیاندا درووست بکەن و لە واقیعدا ببێتە حەرەکەتێکی هەمەلایەنە و هەماهەنگ لە نێوان بەشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەدا. بەڵام هەر شۆڕشێک قۆناغگەلێک دەبڕێ، شۆڕش شەرت نییە ڕاستەوخۆ و لەلایەن ئۆپۆزسیۆنێکەوە بەرنامەی بۆ دابڕێژرێ و هیدایەت بکرێ، شۆڕش

قۆناغەکانی خۆی دەبڕێ و لێرەدایە کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ ڕۆڵی ئەساسیی خۆی بگێڕێ، بەڵام ئێستا و لەم قۆناغەی ئێستای ئێراندا یەکێک لە شتە پێویستەکان ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لە ڕاستیدا لەگەڵ بەشە چالاکەکانی نێوخۆی وڵات بتوانن هەماهەنگی بکەن و ئەمە یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی کە نەخشی ڕێبەری لەئەستۆ بگرن لە ئەم حەرەکەتانەی ئێراندا، کە بەدڵنیاییەوە من پێم وایە قۆناغی یەکەمی بڕیوە.

قۆناغی یەکەم زۆر گرینگە کە کۆمەڵگە بتوانێ لەم حەرەکەتە بەردەوام بێت و بەرەبەرە گەشەی پێ بدات ئەم قۆناغە بڕدراوە. ئێستا ئیتر کۆمەڵگەی ئێرانی گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە حەرەکەتەکانی خۆی، بە ڕای من ئەم خاڵە زۆر زۆر گرینگە کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەرتری هەبێت، دەتوانێ بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو بەشە چالاکەی نێوخۆ کە دەوری کاریگەرییان هەیە دەتوانێ هەماهەنگی بکەن و ڕێبەریی ئەم بزووتنەوەیە بکەن هەتا کۆتاییهێنان بە ئەرکەکەی کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە بباتە سەرەوە.

**کوردستان: کەمایسییەکانی ئێستای ئەو ڕاپەڕینە لەچیدا دەبینن؟**

**کەماڵ کەریمی:** ڕەنگە نەکرێ لەو دۆخەی کە ئێران تێیدایە بەتایبەت لە هەندێ ناوچەکاندا کە هەوڵی داوە تەنانەت حکوومەتی نیزامی بسەپێنی بە سەر ناوچەکاندا، وەکوو کەمایەسی باسی بکرێ، چون نیگەرانییەکانی خەڵک هەست پێ دەکەین و دەزانین لە هەموو شوێنێ بەداخەوە دەزگای سەرکوت چالاکە و دەبینین لە شوێنی جۆراوجۆر لە ئێران کەس دەکوژێ، دەسبەسەرکرانەکان یەکجار زۆرە، بەتایبەت لە یەک حەفتەی ڕابردوودا، بینیمان کە خەڵکێکی زۆر ناسراو لەنێو هونەرمەندان، لەنێو نووسەران، لەنێو چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەسبەسەر کراون و لە کۆمەڵگە دووریان خستوونەتەوە، کە ئەوە بۆ خۆی کاریگەریی نێگەتیڤی خۆی دەبێت، بەڵام ئەگەر بڵێم یەکێک لە کەمایەسییەکان گەیاندنی پەیامێکی گشتییە بۆ کۆمەڵگە کە دەبێ هەموو بە یەکەوە حەرەکەت بکەن، ئێمە ئێستا لە هەموو زانکۆکاندا ئەم حەرەکەتانە دەبینین، کە هەماهەنگییەکی باش لەئارادایە، بەڵام لە نێوان شارەکاندا، لە ناڕەزایەتیی سەر شەقامکاندا ئەم هەماهەنگییەی ئێستا بەتەواوی نییە، دەبینین لە هەندێ شاردا بە بەردەوامی ئەم حەرەکەتانە هەیە بەڵام لە شارەکانی تر بە شێوەی مەوزەعی یان کاتی ئەم حەرەکەتانە هەیە، ئەگەر ئەمە پڕ بکرێتەوە و هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی کە خەڵک ئەم پەیامە وەربگرن، هەماهەنگییەک دروس ببێ لە نێوان هەموو شارەکاندا، هاوکات پێویست ناکا بە توندوتیژی بێ، دیسان جەخت دەکەینەوە، حەرەکەتگەلێکی ئارام لە هەموو شارەکاندا بەیەکەوە درێژە بدرێت بێگومان تواناییەکانی سەرکوتیش دیسان کەم دەبێتەوە.

دوێنێ هەواڵمان پێ گەیشت لە هەندێ شوێنی کوردستان هێزە تایبەتەکانیان کێشاونەتەوە بۆ تاران، لە ڕاستیدا دوو هۆکاری هەیە، یەکیان ئەوەی کە وا دیارە لە تاران فشارێکی یەکجار زۆر لە سەر هێزە سەرکوتکەرەکان هەیە و بەشێکی ڕەنگبێ ئەوە بێ ئەو هێزەی لەوێ هەیە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو هەموو خۆپێشاندەرانە نییە، بەشێکیشی ئەوەیە کە ڕەنگبێ لەو شوێنانە ئەو فشارەی کە پێویستە لە سەر ئەوان نییە. ئەگەر یەکێک لە کەمایەسییەکان ئێستا ببینین لە ڕاستیدا ئەوەیە کە هەماهەنگییەکی باش لە نێوان هەموو شارەکاندا نییە، دیارە لە زۆر شاری ئێران ڕۆژانە ئەمە بەڕێوە دەچێ بەڵام سروشتییە ئەگەر ئەمە پەرە بگرێ و لە هەموو شارەکان بە بەردەوامی ئەم ڕێپێوان و خۆپێشاندانە ئارامانە بەڕێوە بچێت بێگومان ئەوانیش ماندووتر دەبن، و ئەوانیش توانانی سەرکوتیان دێتە خوارەوە و بەرەبەرە تووشی هەڵوەرین دەبن، ئەگەر شتەکە گشتگیرتر بێ لەوەی کە ئێستا هەیە، دووەمیان ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ئێستا ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات دەبێ هەماهەنگیی خۆی نیشان بدات، ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات پێویستە هەماهەنگ بێت و پەیامێکی هاوشێوە و هاوبەش بدات بە خەڵکی ئێران بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بزانن پەیام لە کوێ وەردەگرن و بزانن مەسیری حەرەکەتیان بە کوێ دەگات.

**کوردستان**: دوورەدیمەنی ڕاپەڕینەکە چۆن دەبینن؟ ئەرک و بەرپرسایەتییەکان چین و لەئەستۆی کێن؟

**کەماڵ کەریمی**: ڕەنگە زۆر شت پێشبینی نەکرێ بەڵام، ئەم حەرەکەتەی ئەمساڵ کە لە ڕاستیدا وەک ڕاپەڕینێکی گشتیی بەخۆیەوە گرتوە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی تردا هەڵدەسەنگێنێن. لە ۲۵ ساڵی ڕابردوودا زۆر خۆپێشاندانی گەورەمان بینیوە لە ئێراندا، لە خۆپێشاندانی خوێندکاران لە ساڵی ۷۸دا دەستیان پێ کرد و بە بەردەوامی دواتر هەتا ساڵی ۸۸ و ۹۶، ۹۷ و ۹۸ و هەتا ئەمساڵیش، ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ ئەمانەدا چاوی لێ بکەین، ئینسان گەشبینترە بەنیسبەت داهاتووی ڕاپەڕینەکە، ئەگەر دەڵێین ئەمەیان ڕاپەڕینە و جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوانی تر، بەو مانایەیە کە ئێستا ئەمەیان گشتگیرترە لە هەموو حەرەکەتەکانی تر، ئەگەر پێشتر خۆپێشاندان بوو لە ناوچەگەلێکی تایبەت، لە شارێکی تایبەت دەبینین کە لە ڕاستیدا ئەمە ڕاپەڕینی گشتیی هەموو خەڵکی ئێرانە، لە بەلووچستانەوە هەتا ئازەربایجان، لە مەشهەدەوە هەتا خووزستان، لە باکووری ئێرانەوە هەتا بەندەرعەباس، ئیتر شوێنێک نەماوە کە ئەم حەرەکەتەی تێدا نەبینیت، ئەمە ڕەنگە بۆ خۆی ئومێدێکی زیاتر بدات بە هەموو ئەوانەی کە هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ ئەم ڕاپەڕینە، بۆ هەموو ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لەم ڕاپەڕینەدا بەشدارن، ئەمن پێم وایە ئەمەی کە ئێمە ئێستا پێی دەڵێین ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەتوانێ هیوادار بێ داهاتووی خۆی، هەرچەند دەڵێم، زۆر شت پێشبینی ناکرێ بەڵام ئەوەی کە دەزانین نیزامی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی لاوازیدایە، دەزانین هێزە سەرکوتکەرەکانی توانای ئەوەیان نییە کە ڕووبەڕووی هەموو خەڵکی ئێران ببێتەوە و بەردەوام ڕیزش دەکات، تەنانەت چەندە ڕاست بێ یا نا، دەبینین ڕۆژانە پەیام لە فەرماندە

نیزامییەکانەوە بڵاو دەبێتەوە کە واز لە سەرکوت دێنن. تەنانەت باس لە فەرماندەکانی هەرەبەرزی ئەرتش دەکرێ لە یەک لەوان بینیمان لە کۆبوونەوەکەی خامنەییشدا حزووری نەبوو. ئەوە ئەمە دەردەخات کە ئەگەری هەیە دەسبەسەر کرابێ یا بۆخۆی بەشداریی نەکردبێ، ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە؛ لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم کە ئەگەر ئینسان دەڕوانێتە داهاتووی ئەم ڕاپەڕینە، ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان ئەم ڕاپەڕینە و خۆپیشاندانەکان و ناڕەزایەتییەکانی ساڵەکانی پێشوو دەیبینین جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەمە بەربەرینە و بەرەو ئایندەیەکی ڕوون دەڕوا و تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئەگەر ئەم هەماهەنگییەک لە نێوان خەڵکدا لە ئێران بپارێزرێ، لە ڕاستیدا ئەم حەرەکەتە بەم هەماهەنگییەوە درێژە بکێشی کە بەدڵنیاییەوە درێژە دەکێشی، ئەگەر ئەمە هاندەر بێ بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لە نێوان خۆیاندا هەماهەنگییەک پێک بێنن، ئەو بەشە چالاکەی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی لە نێو خۆیاندا هەماهەنگییەک پێک بێنن و پەیامێکی ڕاستەوخۆ بدەن بە خەڵک. من پێم وایە ئەم دوو شتە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەم ڕاپەڕینە ئاکامێکی ئەرێنی بە دوای خۆیدا بێنێت و بگاتە ئەو ئاکامەی کە بتوانێ زیاترین فشار بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگایە کە کۆماری ئیسلامی، لە ڕاستیدا تووشی ڕووخان بکات، ئەمە ڕەنگە وەکوو ئەوەی خامنەییی باسی دەکا هیچ پێویستی بە دەستێوەردان و پاڵپشتیی دنیای دەرەوە نەبێ، ئێمە بینیمان لە دنیای دەرەوە بە میلیۆنان کەسی ئێرانی و خەڵکی پشتیوانی ڕاپەڕینەکەی گەلانی ئێران هاتنە مەیدان، لە زیاتر لە ٢٠٠ شار لە یەک ڕۆژدا لە مەیدانە گەورەکانی شارە گەورەکانی دنیادا خۆپێشاندانیان کرد، ئەمە بۆ خۆی دەتوانێ پشتیوانییەکی مەعنەوی بێت، ڕەنگە ناڕەزایەتییەکانی دەوڵەتە ئورووپاییەکان و ئامریکاییەکان کە خامنەیی بە دەستێوەردانی ناو دەبات کاریگەریی هەبێت تەنانەت کاریگەیی لەسەر سیاسەتی ئەوان و پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی ئەوان لەگەڵ ئێران بکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە گرینگە پشتیوانیی خەڵکە لە هەموو دنیادا لەم ڕاپەڕینە.

دەبینین کە تا ئێستا هەشتەگی مەهسا ئەمینی نزیکەی ٢٢٠ میلیۆنی تێپەڕاندوە، ئەمە ئەم پشتیوانییەیە کە یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بتوانن درێژە بە حەرەکەتەکەیان بدەن و ئەم هاوپێوەندییە گشتییەیە، پشتیوانیی خەڵک لە دنیادا نە دەوڵەتەکان، بە ڕای من هۆکارێکی گرینگە کە خەڵک لە ئێراندا هان بدات کە درێژە بەو حەرەکەتەیان بدەن. بۆیە دەبێ بە هیواوە چاو لەم حەرەکەتە بکەین، هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی لە دوای هاتنەسەرکاریەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی ئاوا و بەرەوڕووی ڕاپەڕین نەبووەتەوە، ڕەنگە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و زۆر شت بووبێتەوە. لە ساڵی ٨٨ دا بینیمان ساڵ و نیویک درێژەی کێشا بەڵام لە ڕاستیدا چون سنووردار بوو و شێوەیەک ناڕەزایەتیی بە یەک شتی تێدا بوو ئەویش ئەوەی کە "دەنگی من چی لێ هات"، لە ڕاستیدا نەیتوانیوە ببێتە دەنگی گشتیی خەڵکی ئێران بەڵام ئێستا مەسەلەی ئازادی بۆ ئێران و ئەم دروشمە جوانەی "ژن، ژیان، ئازادی"، کە کەوتووەتە سەر زاری هەموو ئێرانییەکان و ئەو هاوپێوەندییە کە لە نێوان ئێرانییەکان درووس بووە، کە زەمانێک دەڵێن لە کوردستان تا تاران و ئێستا دەڵێن لە

بەلووچستان تا تاران، لە تەورێز دروشمی هاوپێوەندی لەگەڵ کوردستان دەردەکەن، لە ڕاستیدا من پێم وایە، ئەمانەن کە دەتوانن زیاتر هیوادارمان بکا کە داهاتووی ئەم حەرەکەتە ڕوونە و بە ئاکام دەگات.

سپاس کە لەو بارودۆخەدا کاتت بۆ ئەو دیمانەیە دانا

ئێوەش ماندوو نەبن کە لەو دۆخەدا نەتانهێشت دەنگ و ڕەنگی حیزبی دێموکرات لەکار بکەوێ و ئەو شوێندانەرییە گرینگەی هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## گەنجانی ئێران چیان دەوێ



لەتیف فاتیح فەرەج

٤٣ ساڵە ئێرانیەکان لە بن یاسای زۆرە ملێدا دەژین، ئازادی پۆشین، ئازادی وتن، ئازادی سیاسی و ئازادی گۆرانی و شیعرییان لێسەندراوەتەوە، چوار دەیە لە بەڕێوە بردنی سیستمێک لە نێو ئەو هەموو گۆڕانکاریەی لە دنیادا ڕوودەدەن و گەنجانی ئێرانیش هەموو گۆڕانکاریەکان بە چاوی خۆیان دەبینن، بەو جۆرە ژیانکردن زۆر ئەستەمە، گەنجانی ئێران

هەمیشە لە هەر بیانویەک دەگەڕێن بۆ ئەوەی بە گژ ئەو سیستم و زەبرو زەنگەدا بچنەوە، ژینا ئەمینی لە بیانویەک زیاتر نیە، دەنا سالانی پێشتریش هەر ئەوەندەی بیانویەک هەبووبێت دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بوەتەوە، جیاوازی ئەمەی ئێستا لەوەدایە زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتوەتەوەو زانکۆکان و فێرگەکانی خوێندن زۆربە بوونەتە پاڵپشتی ئەو هاواری گۆڕانکاریەی کە خەڵکی ئێران دەیانەوێت.

لە بەرانبەر ئەو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانەدا لە بری حکومەت و لایەنی بەرپرس هەندێک چاکسازی بکەن و لانی کەمی وەلام بە هەندێک خواستی خەلک بدەنەوە، بە ئاگرو ئاسن دەیانەوێت خەلکی شەقامەکان بنێرنەوە بۆ مالّ و زانکۆو فێرگەکان و بێدەنگ و کەویان کەن، تا ئێستا هەزاران کەس گیراوە گرتنی خەلک بە کۆمەڵ لە هەموو شارەکان بەڕێوە چووە، لە گەڵ ئەوەش دەنگی ناڕەزایەتی هەر بەرزە، عەلی خامنەئی رێبەری بالای شۆڕش کە بەرزترین دەسەلاتە لە ئێرانداو دوابڕیاری چاکسازی و سەرکوتکردن لای ئەوە هیچ نیازێکی گۆڕانکاری بەرەو چاکسازی نیەو لای وایە خۆپیشاندەران هەموویان لادەرو تێکدەرن، لادەرەکان پێویستیان بە تەمبێ و سزایەو تێکدەرەکان پێویستە بنەبڕبکرێن، رەنگە ئەمە ببێتە بنەمای وەلام دانەوە بە خەلکی تورەو ناڕازی، لەبەر ئەوەی قسەی خامنەئی وەک دواقسەو دوا بڕیار سەیر دەکرێت، لە دۆخی ئاوادا دەبێت چاوەڕێی کوشت و بڕو خوێن رشتنی زۆر بکرێت، ئەوەشمان بیر نەچێت ئەمە چەندەمین جارە گەلانی ئێران دێنە سەر شەقام و هەست دەکەن تەنیاو بێکەسن، ئێستاش بەهەمان بارودۆخدا تێدەپەڕن وێڕای کوشتنی زیاتر لە ١٥٠ خۆ پیشاندەر بە دەستی پۆلیس و بەسیج و پاسدارو ئیتلاعات، رەنگە پەیامەکەی رابەر دەرگا بۆ کوشتنی زیاتر بکاتەوە، بەلام ئاماژەکانی تر دەلێن دەسەلاتی ئێرانی ئەگەر بیەوێت درێژە بەتەمەنی خۆی بدات پێویستە گۆڕانکاری بکات، ئاماژەکانی خەلک، ناڕەزایی گشتی وا دەلێن، لە بەرانبەریشدا ئاماژەکانی پشت قسەکانی خامنەئی هەڕەشەی سەرکوتی زیاتر دەکەن، ئەم دوو جۆرە لە ئاماژەی دژ بەیەک ئەگەر لە سەرەتادا بە زیانی خەلکی ئازادیخوازیش کۆتای بێت، دواجار رژێم زەرەری زیاتری لێدەکات، هەرچۆنێکە ئێستا هەوڵ هەیە تا وێنەی خۆپیشاندانەکان لای خەلک بگۆڕن بەوەی کە ئەمە خواستی تێکدانی ولاتی لە پشتەوەیە و کوردو خەلکانی تر بە بیانوی ناسیونالیستی و مەزهەبی مەهسایان کردوەتە بیانوو، لە بەرانبەر ئەمەدا خەلکانی ئازادیخواز مێژوی چل ساڵ لە کۆت و بەند دەبینن، بۆیە نایانەوێت بڕوا بەو پڕوپاگەندەیە بکەن.

ئێستا لە دەرەوەی بینینی خۆپیشاندانەکان و بە دەر لە هەست و کەوتی حکومەت لە گەڵ خۆپیشاندەران بەریەککەوتنی گەورە لە نێوان هێزی مانەوەی وەک خۆی و خواستی گۆڕانکاری، زۆر بە تۆخی دەرکەوتوە، خوێندنەوەی ئەم راستیە لە لایەن دەسەلاتی ئێرانەوە بە سودی خۆی لە لایەک و سودی گشتیش کۆتای دێت، ئەگەر هەندێک هەنگاوی چاکسازی بنێت، لە شێوەی ئاشتەوایی گشتی، کردنەوەی دەرگا بە ڕووی ئازادی وتن و نوسین و خوێندنا بۆ ئەوانی تر، هەلوەشانەوەی

پۆلیسی ئاکار و هەتا دوای، گەر نا ئەمجارەش خۆپیشاندانەکان سەرکوت بکرێن، جاری داهاتوو بە شێوەی تر سەر هەڵدەدەنەوە، چونکە گەنجەکان ئیتر ئەوەیان دەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## پێگەی جەماوەریمان لە پێگەی مووشەکیی ئەوان بەهێزترە



پژمان شەریعەتی

پێگەی جەماوەری یان کۆمەڵایەتی  چەمکێکە لە کۆمەڵناسی و فەلسەفەی سیاسی، کە هەڵدەگەڕێتەوە سەر جیاوازیی نێوان گرووپەکان لە بواری ڕێزگرتن و وەرگرتنی پۆزتیڤی ڕەوتێکی ئەندیشەیی و پاڵپشتیی هەمەلایەنە.

لێرەدا ئێمە هەڵسەنگاندنێک دەکەین لە پێگەی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان.

حیزبی دێموکرات کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە پێناو ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بۆ کیانێکی کوردی و دێمۆکراسی و کەرامەتی مرۆیی تێدەکۆشێ، لەسەر ئەندیشەیەکی نیشتمانی و فەلسەفەی ئازادیی مرۆڤتەوەرانە بونیات نراوە.

لە دەسپێکی دامەزرانی ئەم حیزبە مودێرنە سیاسییەوە، بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بە خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، پلان و ستراتژی و ئامانجی دوارۆژ دیاری دەکەن کە پرسە سیاسییەکان و چەمک و پەیویستییەکانی بە جەماوەری کردنی خەبات بۆ ڕزگاری دەکاتە نەخشەڕێگایەک بۆ سەرکەوتن.

فەلسەفەی دامەزران و عەقڵییەت و شێوازی خەباتی فرەڕەهەندی حیزبی دێموکرات وا دەکات کە سەرنجی هەموو چین و توێژ و سەندیکا، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، چ لە بواری ئایینی چ لە بواری دابەشکردنی کۆمەڵایەتی بەلای خۆیەوە ڕادەکێشت و لە ماوەیەکی کورت لە دامەزرانی، ببێتە گەورەترین حیزبی سیاسیی کوردستان، چ لە بواری ڕێژەی ئەندامان، چ لە بواری پاڵپشتیی جەماوەری کۆمەڵگە.

ئەوەیکە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکرات لە درێژەی ٧٧ ساڵ خەباتی بێوچانی چین و کامانەن، پەیویست بە باس و بابەتی جیاواز و خوێندنەوەی وردی بڕگەکانی مێژوویی دەکات، بەڵام لێرەدا سەرنج دەخەینە سەر ئەوەیکە ئەم حیزبە چەندە لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاون ئێعتبارە.

حیزبی دێموکرات کە خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێ دەکات، لەنێو جەماوری خەڵک تێکۆشان دەکات و شەقام دەبێتە بنکەی سەرەکیی ئەم حیزبە و گوفتومانی خۆی بە پرەنسیپێکی سیاسی و عەقڵانی دەخاتە بەرچاو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە وریایی و تێگەیشتن ئەدەبیاتی تایبەتیی دەبێت بۆ هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە و؛ پێوەری سەرەکی بۆ ئۆرگانیزم و ڕێکخستن دەکاتە پرسی نەتەوەیی و پێداگر دەبێت لەسەری.

ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەیکە تاکی کورد بە ئاسانی خۆی تێدا ببینێت و ئەو ئەدەبیات و پرەنسیپی سیاسی و دیسکورسە بە هی خۆی بزانێت و خاونداریەتی بکات لە ئەندیشەی نیشتمانی کە ڕەمزی سەرەکیی یەکگرتن و پیشکەوتنی هەمووان تێدا بەدی دەکرێت، هەربۆیە حیزبی دێموکرات بە تایبەتی لە پاش شوڕشی گەلانی ئێران دەبێتە زمانحاڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەمەیش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە ئەم حیزبە پێگەی جەماوەریی خۆی بە شێوازی خەبات، سیاسەت، پلان و تێکۆشانی بەردەوام بە دەست دەیهێنێت، واتە بە شێوەی ئیکتسابی دەبێتە پێشەنگ و ڕێزی لێ دەگیردرێت و لە هیچ برگەیەکی مێژوویی بە شێوەی ئینتسابی، لەلایەن هیچ جەریانێکی فکری و سیاسی و تاک نەبووەتە حیزبی یەکەم و لە ڕاستیدا لە ئاستی کەلان بە پێی پێوەری کولتووری و ڕووناکبیری جێگای خۆی دەدۆزێتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە هیچکات ئەم حیزبە و ڕێبەرانی پشتیان لە خەڵک نەکردووە و لەبیریان نەچووە و ناچێت کە لە خەڵکن و بۆ خەڵک تێدەکۆشن و ئەمەیش وای کردووە کە حیزبی دێموکرات ببێتە سەرمایەیەکی مرۆیی و ئەندیشەیی کە کوردستانییەکان خۆیان بە خاونی بزانن.

تەنانەت لەو کاتەیشدا کە حیزبی دێموکرات ناچار دەبێت بەشیک لە بەدەنەی ئاشکرای خۆی بباتە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچکات بنکەی سەرەکیی خۆی لە دەرەوە نەزانیوە و هەمیشە شەقامی کوردی بنکەی سەرەکی ئەو حیزبە بووە، لە لایەکی دیکەشەوە لە شاخ کە بەرگری دەکات لە خەڵکی شار، هەر ئامانج شەقامە و بەرگری و هەموو شێوازەکانی ڕەوا لە خەباتی لە بەرچاو گرتووە بۆ پاراستی خەڵکی ڕۆژهەڵات.

کە واتە حیزبی دێموکرات لە زەین و دڵی خەڵکدایە و بەشی هەرەزۆری بەدەنەی ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵاتن و ڕێژیم بە سەدان جار ئەو هەڵەیەی کردووە و وانەی لێ وەرنەگرتووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندیشەیە و لە زەینی تاکەکان و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتە و لەوپەڕی دۆشداماوی پەلاماری چەند بنکەیەکی حیزب لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات دەدات.

مێژووی حیزبی دێموکرات پێمان دەڵێ بە سەدان جار ئەم حیزبە کەتووەتە بەر پەلاماری مووشەکباران و هزاران جار توپباران کراوە و کەوتووەتە بەر هێرشی تێرۆریستی، سەرەڕای ئەوە هەر بەردەوام بووە و نەک لاواز نەبووە، بەڵکوو هەرجارە و تینی خەباتی زۆرتر بووە.

جینایەتی ٦ی ڕەزبەر بە مووشەکبارانی بنکە مەدەنی و سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات و وڵامدانەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە مانگرتنێکی سەراسەری، دیسان ئەو پەیامەی بە ڕێژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا کە حیزبی دێموکرات چەند بینایەیەک نییە کە بە مووشەکەکانی بیرۆخێنێت و بەو خەیاڵە خاوە بێت کە ڕادەوستێت، بەڵکوو حیزبی دێموکرات ئیرادەیەکی کوردستانییە کە بە هیچ هێزێک نارۆخێت و لەم ململانێیەدا دیسان حیزبی دێموکرات براوە بوو و سەرکەوت.

بۆیە بە دڵنیایی و قورس و قایم دەتوانین بڵێین کە پێگەی جەماوەریی ئێمە لە پێگەی مووشەکیی ئەوان بەهێزترە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزڵوەری ٢٧٢٢ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

---

